# ئینسایکلۆپیدیای ئەلقاعیدە

## (ئینسایکلۆپیدیای سەلەفیی جیهادی ئیسلامی)

زنار تەها

بەرگی یەکەم

هەولێر - ٢٠٠٦


**ناوی کتێب: ئینسایکلۆپیدیای ئەلقاعیدە**

- نووسینی: زنار تەها
- نەخشەسازی ناوەوە: هەردی
- بەرگ: ڕێبین
- سەرپەرشتی چاپ: هێمن نەجات
- ژمارەی سپاردن: (٨٦٤)
- تیراژ: ٢٠٠٠ دانە
- چاپی یەکەم ٢٠٠٦
- نرخ: ٢٥٠٠ دینار
- چاپخانە: چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە

زنجیرەی کتێب (٥)

**دەزگای توێژینەوە و بڵاوکردنەوەی موکریانی**
www.mukiryani.com
asokareem@ maktoob.com
Tel: ٢٢٦٠٣١١

## پێشەکی

ئامادەکردنی ئینسایکلۆپیدیای رەوتی سەلەفیی جیهادی ئیسلامی کارێکی قورسە، چونکە ژمارەیەکی گەلێ زۆر لە زاراوە و کەسایەتی و چالاکی و پەیوەندییان هەیە، سەرباری ئەوەی بەردەوام لە دروست کردنی زاراوە و چالاکی و پەیوەندی تازە دان، ئەمە جگە لەوەی دەستکەوتنی زانیاری لە بارەیانەوە ئالۆزی تێدایە، چونکە خۆیان وەکو تاکتیك بەردەوام زانیاری هەڵە لە پێناو پاراستنی ئەندامانیان و ئەنجامدانی چالاکی بڵاودەکەنەوە.

بەر لە هەرشتێك، رەوتی سەلەفیی جیهادی ئیسلامی لە ماوەیەکدا چەقی تەواوی بزووتنەوە ئیسلامیە سیاسییەکان بووە و، بەکارهێنانی میتۆدی توندوتیژی سیاسی لەگەڵ دەسەڵاتدارانی حکومەتی موسڵمانان بۆوەتە هۆی ئەوەی دواجار خودی دەسەڵات توندوتیژتر مامەڵەیان لەگەڵ بکات و تەواوی کۆمەڵگای ئیسلامی نغرۆی توندوتیژی بێت، تا بە جۆرێ گەلێ لەو حزب و بزووتنەوە ئیسلامیانە رێگەی ئاشتەوایی و ئارامییان لەگەڵ دەسەڵات هەڵبژارد.

دەرخستنی توندوتیژی سیاسی کە میتۆدی رەوتی سەلەفیی جیهادییە هەر تەنها بەزاراوە و چالاکی و پەیوەندی تەواو نابێت، چونکە پەرەسەندنی سیاسی و مێژوویی و ڕیشە و ئایدۆلۆژیا و پەیوەندی ئابووریان و زۆر بابەتی دیکەی گرنگ هەن پێویستیان بە کتێب و توێژینەوەی سەربەخۆ هەیە، رەنگە خودی هەندێ زاراوە و کەسایەتیەکان و پەیوەندییان لە زمانانی دیکە چەندین لێکۆڵینەوەی لە



سەر ئەنجام درابێت. هەر چۆنێك بێت زمانی کوردی پێویستی بەدەرخستن و روونکردنەوەی ئەو زاراوە و کەسایەتی و پەیوەندییانەی تایبەتن بە ڕەوتی سەلەفیی جیهادی ئیسلامیەوە هەیە، چونکە کۆمەڵگەی ئێمە کۆمەڵگایەکی موسڵمانە.

روونکردنەوەی گەلێ لە زاراوەکان لە خودی ئاینی ئیسلامەوە هەڵێنجراون و سەرچاوەی گرتووە، کە بەلای رەوتی سەلەفیی جیهادییەوە مەودای تەفسیرکردنی بەلای میتۆدی خۆی دەشکێنێتەوە، کە کاری توندوتیژی سەنتەری ئایدۆلۆژیای پێکدێنێ.

پێویستە ئەوەش روونبکەمەوە زانیاری سەبارەت بە کەسایەتی و سەرانی ئەو رەوتە بەردەوام لە زیادبوون دایە، ئەوەتا رێکخراوێکی وەکو ئەلقاعیدە بەردەوام رێبەرانی دەردەکەون و هەڵوێستیان لە بەرامبەر رووداوەکان هەیە یا ئەوەتا رووداوێك بە سەریانەوە دێ کۆمەڵێك زانیاری دیکەی لێ دەکەوێتەوە.

**زنار تەها**

**کەس**

- **ئەبوحەمزەی قەتەری (ابوحمزة القطري)**

خەڵکی شەرقییەی وڵاتی قەتەرە، لە هێرشی ئەمەریکا و هاوپەیمانانی بۆ سەر ئەفغانستان بەر لە (١٠/١٠/١٤٢٢ ك - ٢٥/ ١٢ / ٢٠٠١ ز) کوژراوە.

- **ئەبوجەعفەر ئەلتەیار (ابوجعفر الطيار)**

بە (ئەلدماما بوسەلمان) یاخود بە (فەیحان ئەلعوتەیبی) ناسراوە و لە سەربازگەکانی ئەفغانستانی سەر بە ڕێکخراوی ئەلقاعیدە مەشقی کردووە. لە شاری (ریاز) پایتەختی عەرەبستانی سعودی لە دایکبووە، بەر لە (١٠/١٠/١٤٢٢ ك - ٢٥/ ١٢ / ٢٠٠١ ز) لە هێرشی ئەمەریکا و هاوپەیمانەکانی بۆ سەر ئەفغانستان کوژراوە.

- **ئەبو دەردای لیبی (ابودرداء الليبي)**

ئەمە نازناویەتی، خەڵکی وڵاتی لیبیایە، ئەندامی پاسەوانانی گاردی ئەبی عەبدوڵڵا (حرس ابي عبدالله)یە، لە هێرشی ئەمەریکا و هاوپەیمانەکانی بۆ سەر ئەفغانستان بەر لە (١٠/١٠/١٤٢٢ ك - ٢٥/ ١٢/ ٢٠٠١ ز) کوژراوە.



- **ئەبو زوبەیدە (أبو زبيدة)**

ئیسرائیل پێیوایە ئەلقاعیدە توانیویەتی دزە بکاتە نێو غەزە و بەرەی ڕۆژئاوا لە فەلەستین، چونکە گەلێ لەو فەلەستینیانەی لە ئوردن نیشتەجێن یا لەوێ کاردەکەن پەیوەندی پتەوییان بە بیروڕاکانی ئەلقاعیدەوە هەیە و دەشێ چالاکی بنوێنن. لەوانە ئەبو زوبەیدە،کە ڕۆڵی سەرۆکی عەمەلیاتی سەربازی بۆ ئەلقاعیدە نواندووە و یەکێکە لەو چالاکانە، لە ساڵی ٢٠٠٠ ئیسرائیل بە تۆمەتی پەیوەندی بە ئەلقاعیدەوە دەستگیری کردووە.

- **ئەبو عاسم عومەر عەبدولڕەحمان (أبو عاصم عمر عبدالرحمن)**

خەڵکی میسرە، کوڕی شێخ عومەر عەبدولڕەحمانە، کە باوکی روحی بزووتنەوەی جیهادی ئیسلامی میسرییە و پەیوەندی تایبەتی بە ئەلقاعیدەوە هەیە. ئوسامە ویستویەتی شێخ عومەر لە شوێنی عەزام دابنێ و ببێتە باوکی روحی ئایدۆلۆژی سەلەفیی جیهادی. ئەبو عاسمی کوڕی لە تاجیکستان و ئەفغانستان جەنگاوە. چارەنووسی دیار نییە.

- **ئەبو عەبدولسەبور (أبو عبدالصبور)**

خەڵکی وڵاتی میسرە و لە ریزەکانی بزووتنەوەی جیهادی میسری کاری کردووە. لە دژی سۆڤیەت لە ئەفغانستان جەنگاوە. لەپاڵ ئەبو حەمزەی لیبی و ئەبو یاسر لە نێوان ١٩٩٧-٢٠٠١ سەرپەرشتی نوسینگەی کۆچ و بەڵگەنامەی سەر بە ئەلقاعیدەی کردووە، کە ڤیزەی هاتنە ژوورەوە و پلیتی فڕۆکەی مسۆگەر کردووە.

- **ئەبو مەحمود ئەلخال (ابومحمود الخال)**

خەڵکی شاری مەککەی عەرەبستانی سعودییە، بەر لە ڕێکەوتی (١٤٢٢/١٠/١٠ ك - ٢٠٠١/١٢/٢٥ ز) لە هێرشی ئەمەریکا و هاوپەیمانەکانی بۆ سەر ئەفغانستان کوژراوە.

- **ئەبو هاشم ئەلسەید (ابوهاشم السید)**

خەڵکی شاری مەککەی عەرەبستانی سعودییە. لە زووەوە پەیوەندی بە ڕێکخراوی ئەلقاعیدە کردووە و بەر لە (١٤٢٢/١٠/١٠ ك-٢٠٠١/١٢/٢٥ ز) لە هێرشی ئەمەریکا و هاوپەیمانەکانی بۆ سەر ئەفغانستان بەر بۆردوومان کەوتووە و کوژراوە. بە دەروێش ئەلسەید ناسراوە.

- **ئەبو وائیل (ابو وائل)**

ناوی ڕاستەقینەی (سەعدون محەمەد عەبدوللەتیف ئەلعانی)یە. سەرەتا لە ڕیزی دەزگای موخابەراتی سەدام بە پلەی ئەفسەر کاری کردووە، لەبەر ئەوەی بڕوای بە ڕەوتی سەلەفیی جیهادی هەبووە، لە بەغدا چەند دوکانێکی مەیفرۆشی تەقاندۆتەوە، پاش ئاشکرابوونی لە ١٩٩٩ بۆ نێو جەماعەتی ئەنساری ئیسلام رایکردووە و خۆی گەیاندۆتە تەوێلە و بیارە.

ئەبو وائیل ئەمیری جەماعەتی سەلەفی عێراقە، لە هەندێ چالاکی لە ناوچەی عەرەبی سوننە لە ٢٠٠٣ بەرپرسیارییەتی خۆیان ڕاگەیاند. دەزگای قەلاچۆکردنی تیرۆر لە وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا لەو دەنگۆیانە دەکۆڵێتەوە، کە ئەبو وائیل پەیوەندی لەگەڵ محەمەد قەدیری خزمی و دیپلۆماتکار و بەرپرسی شوعبەی عەمەلیاتی تایبەتی موخابەراتی سەدام هەبووە، کە محەمد قەدیر بەر لە تەقینەوەکانی یازدەی سێپتەمبەری ٢٠٠١ لە پراگ چاوی بە محەمەد عەتای سەرکردەی تیمی خۆکوژی کەوتووە.



- **ئەبو یاسر (أبو یاسر)**

ئەندامێکی ڕێکخراوی ئەلقاعیدەیە لە زووەوە پەیوەندی بەو ڕێکخراوە کردووە. لە جەنگی داگیرکاری ئەفغانستان لە لایەن سۆڤیەتەوە لەگەڵ چەکدارانی عەرەب بەشداری کردووە. لە نێوان ساڵانی ١٩٩٧-٢٠٠١ لەگەڵ دوو ئەندامی دیکەی ئەلقاعیدە بە تەکلیفی خودی ئوسامە بن لادن لە پاکستان سەرپەرشتی نووسینگەی کۆچ و بەڵگەنامەی سەر بە ئەلقاعیدەی کردووە، کە ڤیزەی هاتنە ژوورەوە و پلیتی فڕۆکەی مسۆگەر کردووە.

- **ئیبراهیم باعەلەوی (ابراهیم باعلوی)**

نازناوی ئەبولخلودی یەمەنییە. خەڵکی شاری سەنعای پایتەختی یەمەنە، لە هێرشی ئەمەریکا و هاوپەیمانەکانی بۆ سەر ئەفغانستان بەر لە (١٤٢٢/١٠/١٠ ك - ٢٠٠١/١٢/٢٥ ز) کوژراوە.

- **ئیبراهیم حسێن عەبدولهادی عیدارۆس (إبراهیم حسین عبدالهادي عیداروس)**

لەگەڵ خالید ئەلفەواز و عادل محەمەد نووسینگەی لیژنەی ڕێنمایی و ئیرشاد (لقی ئەلقاعیدە لە لەندەن)یان بەڕێوەبردووە. هاوڵاتییەکی میسرییە و ئەندامی جەماعەتی جیهادی ئیسلامییە.

ئیبراهیم سەرپەرشتی و چاودێری ئەو پەیوەندییانەی کردووە کە ئەلقاعیدە لە ڕێگەی مانگی دەستکردەوە کردوونیەتی، هەروەها بەرپرس بووە لە چاککردنەوەی هێڵی گەیاندنی مانگی دەستکرد.

- **ئەلشبلی فەرەج (الشبلی فرج)**

ئەندامی جەماعەتی جەنگی لیبییە، لە ساڵی ١٩٩٤ لەگەڵ دوو هاوڕێی دیکەی سیلڤان پیکەرو خێزانەکەیان لە لیبیا تیرۆکرد. دەسەلاّتداریتی قەزای لیبیا فەرمانێکیان دەرکرد بەتەسلیم کردنی بن لادن و هاورێکانی لە هەر وڵاتێك بن تەنها لە ئیسرائیل نەبێت بە تۆمەتی کوشتن و هەڵگرتنی چەکی نامەشروع، حکوومەتەکانی دی کە، ئەم هەڵوێستەیان بەهێندە هەڵنەگرت.

لە ١٦ مارس ١٩٩٨ لەسەر داواکاری لیبیا، ئینتەر پۆل (پۆلیسی نێودەوڵەیی تاوانکاری) یاداشتنامەی دەستگیرکردنی بن لادن و هاورێکانی لە جەماعەتی ئیسلامی جەنگی لیبی دەکرد، کە دەستیان لە کوشتنی سیلڤان پیکەر و خێزانەکەی هەبووە.

- **ئەحمەد عەبدولمونعیم (احمد عبدالمنعم)**

خەڵکی شاری بریدەی عەرەبستانی سعودییە. لە هێرشی ئەمەریکا و هاوپەیمانانەکانی بۆ سەر ئەفغانستان بەر لە (١٤٢٢/١٠/١٠ ك - ٢٥/ ١٢/ ٢٠٠١ ز) کوژراوە.

- **ئەحمەد محەممەد ئەلحەدا (أحمد محمد الحدا)**

خەڵکی یەمەنە ماوەیەکی زۆر لە ئەفغانستان دژی سۆڤیەت جەنگاوە و لە نزیکترین هاورێکانی بن لادنە، لە چالاکترین ئەندامانی ئەلقاعیدەیە لە یەمەن و بگرە لە رۆژهەلاّتی ناوەراست، خاوەن پەیوەندییەکی بەهێزە لە دەرەوە و ناوەوەی یەمەن.



لە نێوان ساڵی ١٩٩٦ تا ١٩٩٨ بن لادن (١١٠٠) جار لە ئەفغانستانەوە بەهۆی کۆمپیوتەری پابەند بەمانگی دەستکردەوە تەلەفۆنی کردووە. تیایدا تەنها بۆ ئەلحەدا (٢٢١) جار تەلەفۆنی کردووە. زاوایەکی ئەلحەدا لە نێو ئەو (١٩) کەسەدا لە یازدەی سەپتێمبەری ٢٠٠١ سەرۆکی ئەو شانەیە بوو کە خۆی بە پەنتاگۆن داکێشا، هەروەها زاوایەکی دیکەی لەگەڵ تیمێکی ١٣ کەسی خۆکوژی چووە ئەمەریکا، بەلاّم لە ناوەراستی فبرایەری ٢٠٠٢ ئاشکرابوون و ئێستا دەستگیر کراوە.

سەرباری ئەمانە ئەلحەدا دوو کوڕی لەپێناو ئەلقاعیدە کوژراون، یەکێکیان لە ئەفغانستان کوژراوە، ئەوەی دیکەیان لە ناوەراستی فێبرایەر/ شوباتی ٢٠٠٢ کاتێ دەسەلاّتدارانی یەمەنی ویستیان بیگرن، خۆی تەقاندەوە.

- **ئەنوەر شەعبان (أنور شعبان)**

رێبەری چەکدار (موجاهید)انی عەرەب بوو لە زنیستا. لە ناوەڕاستی نەوەدەکانی سەدەی رابردوو لە دژی سربەکان جەنگاوە، ئەندامی جەماعەتی ئیسلامی میسری بوو، لە نووسینگەی ئاژانسی کۆمەکی جیهانی سێیەم کە ئوسامە سەرپەرشتی دەکرد، کاری کردووە.

لە ساڵی ١٩٩٥ لەبەر گیرانی ئەندامێکی بەرزی جەماعەتی جیهادی ئیسلامی پلانی دارشت بۆ هێرشێکی خۆکوژی تا بکرێتە سەر پۆلیسی کرواتی لە شاری رییکا، بەلاّم هێزی ئەمنی کرواتی بەر لەوەی خۆکوژەکە کردەکە ئەنجام بدات کوشتیان، دواتر ئەنوەر شەعبان بە هاوکاری ئەلقاعیدە و جەماعەتی جیهادی ئیسلامی پلانی دارشت هێرش بکاتە سەر سوپای هاوپەیمانیەتی باکور (ناتۆ) کە ئەو کات خەریك بوون لە بۆسنە بلاّوببنەوە.

• **ئەیمەن زەواهیری (أیمن الظواهري)**

لە ساڵی ١٩٥١ لە گەڕەکی (السعادي)ی دەوڵەمەندنشینی قاهیرە لە دایکبووە. باوکی محەمەد زەواهیری یەکێك بووە لە دکتۆرە بەناوبانگەکانی میسر و وڵاتانی عەرەبی، هەروەها محەمەد زەواهیری باپیری لە باوکیەوە لە شێخەکانی ئەزهەرە. عەبدولوەهاب عەزامی باپیری لە دایکیەوە بەر لە شۆڕشی ١٩٥٢ ی میسر سەرباری ئەوەی ئەدیبێکی گەورە بووە، خاوەن دەسەڵات و دەستڕۆیشتوو بووە. براکەی عەبدولرەحمان عەزام یەکەم ئەمینداری گشتی جامیعەی عەرەبی بووە.

زەواهیری لە خانەوادەیەکی ئاییینپەروەر چاوی هەڵهێناوە، هەر لە منداڵییەوە ڕۆژو و نوێژی نەچووە و بەردەوام لە موحازەرە ئاییینیەکان ئامادە بووە و بەتەنگ خوێندنەوە بوو و، لەگەڵ ئەوەی لە ساڵی ١٩٧٩ لە هوتێلی کونتنتال زەماوەندی گێڕاوە، بەڵام لە دابونەریتی ئیسلامی دەرنەچووە.

پاش ئەوەی کۆلیژی پزیشکی تەواو کردووە، لە ساڵی ١٩٧٨ لە زانکۆی قاهیرە بڕوانامەی ماستەری لە نەشتەرگەری (الجراحة) بەدەستهێناوە و پاشان دکتۆرای لە هەمان پسپۆریەتی لە زانکۆیەکی پاکستان وەرگرتووە. هەر لە ناوەڕاستی حەفتاکانەوە بە نهێنی بەشداری کردووە لە دامەزراندنی جەماعەتی ئیسلامی لە میسر، کە تا ساڵی ١٩٨١ جەماعەتی جیهادیشی لەخۆگرتبوو. لەو هاوڕێیانەی لەگەڵی بەشداربوون، ئەیمەن ئەلدمێری، سەید ئیمام عەبدولعەزیز، نەبیل ئەلبەرعی، محەمەد عەبدولرەحیم ئەلشەرقاوی ئەندازیار، خالید مەدحەت فەقێ، خالید عەبدولسەمیع، محەمەد زەواهیری برای و عیسام ئەلقەمەری ئەفسەر لە سوپای میسری.

کە لە ڕێکەوتی ١٩٨١/١٠/٢٣ ئەیمەن زەواهیری دەستگیر کرا، دەرکەوت ئەندامی شانەیەکی نهێنی بووە، کە لە ساڵی ١٩٦٨ دامەزراوە. زەواهیری



ئەمیری ئەو ڕێکخستنە بووە و سەرپەرشتی و ڕێنوێنی فیکری و ڕۆشنبیری جەماعەتی ئیسلامی کردووە و، لە کتێبەکانی (سەید قوتب)ەوە سەرچاوەی گرتووە، بە تایبەتی کتێبی (في ظلال القرآن).

زەواهیری لە کتێبی (سوارچاکانی ژێر ئاڵای پێغەمبەر)دا ئاماژە بەوە دەکا کە لە سێدارەدانی سەید قوتب لە ١٩٦٦ سەرەتای سەرهەڵدانی رابوونی ئیسلامی بوو، و جیهاد خاڵێکی ناوەندی بوو لە پێناو بەرگری لە خۆکردن لە دەسەڵاتداران، لەبەر ئەوە جیهاد هۆکارێکی گرنگی رابوونی ئیسلامییە. زەواهیری وەکو هەموو هاوڕێکانی دیکەی بە تێکشکانی عەرەب لە شەڕی ١٩٦٨ دژی ئیسرائیل تووشی شۆك هات و دواتر زۆر کاریگەر بوو بە دکتۆر سالح سریەی فەلەستینی کە هێرشی کردە سەر کۆلیژی هونەری سەربازی لە پێناو کودتایەك لە میسر، بەڵام هەوڵەکەی شکستی هێناو لە ١٩٧٤ لە سێدارە درا.

لە نێو جەماعەتی ئیسلامیدا یەحیا هاشمی هاوڕێی زەواهیری بڕوای وابوو، کە پێویستە لە دژی ڕژێمی سیاسی شەڕی پارتیزانی ئەنجام بدرێت، تا دواجار لەسەر ئەم بیروڕایەی کوژرا، هەروەها زەواهیری لەگەڵ عیسام ئەلقەمەری هاوڕا بوو لەسەر ئەوەی پێویستە دەسەڵاتی سیاسی بەهۆی کودتاوە بێتە گۆڕین و حکوومەتی ئیسلامی بێتە کایەوە.

زەواهیری پاش ئەوەی لە میسر بەربوو لە ساڵی ١٩٨٥ ڕووی لە عەرەبستانی سعودی کرد، تا لە نەخۆشخانەیەك کار بکات، بەڵام هێندە نەمایەوە، چووە پاکستان و پاشان چووە نێو ئەفغانستان. ئەوکاتەی سۆڤیەت ئەفغانستانی داگیرکردبوو، ئەمەریکا و بەریتانیا و هەندێ وڵاتانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست لەبەر پاوانخوازی سۆڤیەت، یارمەتی چەکدارانی عەرەبیان دەدا کە لە نێو ئەفغانستان لە تەك بەرگری ئیسلامی ئەفغانی بجەنگن، ئەمەش بوارێکی مەزنی بۆ زەواهیری ڕەخساند تاکو ڕێکخستنی جیهاد بونیادبنێتەوە و سەرلەنوێ دایمەزرێنێتەوە، لە کاتێکدا چەندین سەرکردە و یاریدەدەرانی ڕوویان لە ئەفغانستان کردبوو.

زەواهیری لەوێدا گەنجانی بۆ خۆی راکێشا و توانی رێکخستنێکی کۆك و پتەو پێکبێنێ و بەئازادی مەشقی جۆراوجۆریان پێبکا.

لە ساڵی **۱۹۹۳** لەگەڵ ئوسامە بن لادن رێگەیان پێدرا لە سودان بمێننەوە، دەزگای هەواڵگری میسری لە ساڵی **۱۹۹٤** کوڕی (ئەبو فەرەجی میسری)ی ئەندامی سەرکردایەتی جیهاد و کوڕی (محەمەد شەرەف)ی ئەندامی لیژنەی شەرعی و قەزایی جیهادیان لە نێو میسر کۆنترۆڵ کرد تا کاری سیخوڕی بە هەردووکیان بکەن. ئەفسەرێکی دەزگاکە بەزۆر کاری سێکسی لەگەڵ هەردوو لاو ئەنجام دا و لە کاسێتێکی ڤیدیۆی وێنەیان گرت، تا ببێتە کارتی فشار. ئەو دوو کوڕە توانیان زانیاری گرنگ سەبارەت بەناوی کۆدەکان و پاسەپۆرتی ساختە و زانیاری دیکە بەدەزگای هەواڵگری میسر بدەن، دواتر هەردووکیان ئاشکرا بوون، زەواهیری گوللە بارانی کردن. لە پای ئەوە زەواهیری لە ساڵی **۱۹۹۵** دا باڵیوزخانەی میسری لە ئیسلام ئاباد تەقاندەوە، هەروەها لە سودانەوە لە هەمان ساڵدا بەرنامەیان دارشت تا لە ئەدیس ئابابا حوسنی موبارەکی سەرۆکی میسری تیرۆر بکەن، بەڵام تیایدا دەرچوو.

پاش ئەوەی ساڵی **۱۹۹٦** تالیبان دەستی بەسەر کابولی پایتەختی ئەفغانستان داگرت، دووبارە لەگەڵ بن لادن گەڕانەوە ئەفغانستان، لە ساڵی **۱۹۹۸** بەرەی جیهادی جیهانیان لە دژی خاچی و یەهودیەکان رایگەیاند، بەو پێیە هەموو گۆی زەوی بووە شوێنی جیهاد و ئامانجی ئەو بەرەیە.

نووسینگەی لێکۆڵینەوەی فیدراڵی ئەمەریکی (FBI) زەواهیری بەوە تاوانبار کردووە، کە دەستی هەبووە لە تەقینەوەی هەردوو باڵیوزخانەی ئەمەریکا لە نیرۆبی و دارسەلام لە ساڵی **۱۹۹۸** و تەقینەوەی کەشتی جەنگی (کۆڵ) لە کەناراوەکانی عەدەن لە ساڵی **۲۰۰۰** و، تەقینەوەی مەڵبەندی بازرگانی جیهانی و باڵەخانەی وەزارەتی بەرگری ئەمەریکا لە ۲۰۰۱.



پاش جەنگی ئەفغانستان — ئەمەریکا و هەڵتەکاندنی بنکەکانی قاعیدەی جیهاد لە ئەفغانستان لە کۆتاییەکانی ساڵی ۲۰۰۱، زەواهیری چەند جارێك لە سەر کاسێتی ڤیدیو دەرکەوتووە، لە جارێکیان هەڕەشەی لە ئەوروپا کرد، بۆیە پاش تەقینەوەکانی لەندەن لە تەمموزی ۲۰۰۵، زەواهیری لە ۲۰۰۵/۸/٦ لە کاسێتێکی ڤیدیۆییدا کارەساتی لەندەنی خستە ئەستۆی (تۆنی بلێر)ی سەرۆك وەزیران، هەروەها کاتێ یەکێك لە خۆکوژەکانی تەقینەوەکانی لەندەن لە کاسێتێك دەرکەوت، تیایدا زەواهیریش دووبارە دەرکەوت و هەڕەشەی کرد، هەروەها لە سەرەتای ۲۰۰٦ دەرکەوت دووبارە رایگەیاند، کە چەکدار(موجاهید)ان لە عێراق و ئەفغانستان سەرکەوتون و بەم نزیکانەش لە فەلەستین سەردەکەون.

لە ناوەڕاستی مانگی یەکی هەمان ساڵدا ئەمەریکا بە فڕۆکە لە گوندێکی پاکستانی دا کە گوایە زەواهیری لەوێیە، بەڵام پاکستان رایگەیاند، زەواهیری بەرنەکەوتووە، لە راستیدا ئەمەریکا بەردەوام لە هەوڵی ئەوەدایە سەرانی ئەلقاعیدە لە ناو بەرێ، چونکە سروشتی ئەو رەوتە توندانە تا رادەیەکی گەلێ زۆر بە خودی سەرکردەیانەوە بەستراوەتەوە، کە لەرووی ئایدۆلۆژی و سەربازییەوە رێنمایی رێکخراوەکەی دەکات.

- **ئوسامە بن لادن (اسامة بن لادن)**

ئوسامە کوڕی محەمەد کوڕی عەوەز کوڕی بن لادنە لە ساڵی (**۱۹۵۷**ز-**۱۳۷۷**ك) لە گەڕەکی (الملز)ی ریازی پایتەختی عەرەبستانی سعودیە لە دایکبووە، دایکی خەڵکی دیمەشقی پایتەختی سوریایە، پاش شەش مانگ لە دایکبوونی چوونەتە شاری مەدینە و دواتر لە حیجاز و دەوروبەری گەڕاون.

خوێندنی سەرەتایی و ناوەندی و زانکۆی لە جدە تەواو کردووە و لە بواری زانستی ئیدارە بەکالۆریوسی بەدەستهێناوە، لە تەمەنی حەڤدە ساڵی ژنی یەکەمی لە کچە خاڵەکانی هێناوە.

لە زانکۆی جدەدا گەلێ کەسایەتی ئیسلامی ناسیوە و بۆ خۆشی عەودالی لێکۆڵینەوەی رەوتە ئیسلامییە ناودارەکان بووە، هەروەها چاوی بە گەلێ کەسایەتی ناوداری ئیسلامی کەوتووە و ناسیویەتی. باوکی لە کاتی حەج و عومرە هێناونیەتیە ماڵەوە و براکانیشی پاش مەرگی باوکیان وازیان لەو نەریتە نەهێناوە. ئوسامە بەم هۆیەوە بیروڕواکانی لە گەلێ کەسایەتی هەڵێنجاوە، هەروەها لە زانکۆدا بەو پێیەی خوێندنی رۆشنبیری ئیسلامی لە تەواوی زانکۆکانی سعودیە دەبوایە بخوێندرێ، ئوسامە بن لادن بە هەردوو مامۆستا (محەمەد قوتب و عەبدوڵلا عەزام) کاریگەر بوو، ئەمەش وای لە بن لادن کرد لە رووی ئایدۆلۆژیاوە کەسێکی توندڕەوی لێ هەڵبکەوێ و لە نێو بیری هەردووکیاندا توندترین موفرەدات هەڵبژێرێ.

ئوسامە لەژێر کاریگەری عەزامەوە بە پێویستی زانی روو لە ئەفغانستان بکات و لە دژی داگیرکاری سۆڤیەت بجەنگێ. لە سەرەتای هەشتاکانەوە لەگەڵ جەماعەتی ئیسلامی پاکستانی رێککەوت و چووە پیشاوەر. بەهۆی جەماعەتی ناوبراوەوە چەندین سەرکردەی بەرگریکاری ئەفغانی دی لەوانە سەییاف و رەبانی، دواتر گەڕایەوە عەرەبستانی سعودیە، بەنهێنی دەستی بەهەڵمەتێکی کۆکردنەوەی چەکداران کرد و بڕێکی زۆری پارەو پول و کەلوپەلی بۆ جیهادی ئەفغانی کۆکردەوە، گەلێ لەو پاکستانی و ئەفغانیانەی لە دەزگای بن لادن کاریان دەکرد لەگەڵ خۆی بردنیە پاکستان و چەند مانگێك مایەوە و نەچووە ناو ئەفغانستان. تا ساڵی ١٩٨٢ بەیەکجارەکی بڕیاریدا لە دژی سۆڤیەت چەك هەڵگرێ و چەند جارێك سەری لە ئەفغانستان دایەوە و خەڵکی دوورگەی عەرەبی بۆ جیهاد هان دەدا و ئامێر و کەلوپەلی لەگەڵ خۆی دەبردەوە ئەفغانستان.



ساڵی ١٩٨٤ وەکو وێستگەیەك بۆ چەکداران یەکەم دەزگای جیهادی چەکدارانی عەرەبی لە پیشاوەر بەناوی (خانەی ئەنسار) دامەزراند، کە پێشوازی لە چەکداران دەکرد و بۆ بەرەکانی جەنگ لە دژی سۆڤیەت لە ئەفغانستان رەوانەی دەکردن. لە هەمان کاتیشدا عەزام نووسینگەی خزمەتگوزاری دامەزراند کە هەمان ئەرکی لەخۆگرتبوو.

ساڵی ١٩٨٦ ئوسامە بڕیاریدا مەودا و رێکخستنەکان و عەمەلیاتی چەکداران فرەوان بکات، شەش سەربازگەی دامەزراند، دەتوانرا بەپێی بارودۆخی جەنگ سەربازگەکان لە شوێنێکەوە بۆ شوێنێکی دیکە بگوازنەوە، لە ساڵی ١٩٨٨ ئوسامە بن لادن بۆ ئەوەی لە تۆمارێکدا هاتن و چوون و پەیوەندی کردن و برینداربوون و کوژرانی چەکدارانی عەرەب بنووسێتەوە، بڕیاریدا وەکو سەرەتایەکی کاری سەربازی زانیاری تەواوی ئەو چەکدارانە رێکبخا، چونکە خێزانیان بەتەلەفۆن یا بەنامە یا بە نێردراو پرسیاریان لە چارەنووسیان و بارودۆخیان دەکرد، لەمەوە قاعیدەی زانیارییەکان (Database) پەیدابوو، ئەمەریکاش ناوی ئەلقاعیدەی لەمەوە وەرگرت.

ساڵی ١٩٨٩ پاش شکستی سۆڤیەت لە ئەفغانستان ئوسامە گەڕایەوە سعودیە، سەرچاوەکانی ئەلقاعیدە باس لەو ساڵە دەکەن تیایدا ئوسامە لە هەردوو دەزگای هەواڵگری سعودی و پاکستانی زانیاری پێدراوە کە لەگەڵ عەزام تیرۆر دەکرێن. بۆیە ئوسامە زوو خۆی گەیاندۆتەوە سعودیە، پاش گەڕانەوەی بە دوو هەفتە عەزام لە پیشاوەر تیرۆرکرا.

لەگەڵ داگیرکردنی کوێت لە لایەن عێراقەوە ساڵی ١٩٩١ ئوسامە نامەیەکی بۆ دەسەڵاتدارانی سعودیە نووسی، تیایدا پێشنیازی کرد پێویستە چەکدار (موجاهید)انی عەرەب دووبارە کۆبکرێتەوە و بەرگری بکەن. نامەکە لە رێگەی برایەکی درا بە میر ئەحمەد کوڕی عەبدولعەزیز، بەڵام دەسەڵاتدارانی سعودیە

هیچ وەڵامێکیان نەدایەوە، لەلایەکی دیکەش لەبەر چالاکییە سیاسییەکانی حکوومەتی سعودیە سەفەری لێ قەدەغەکردبوو، هەروا ئاگادار کرابۆوە هەر چالاکییەکی سیاسی بنوێنێ یا ئەوەتا دەستبەسەر دەکرێ یاخود دەیخەنە ژێرباری مانەوەی زۆرەملێ.

عەرەبستانی سعودیە بۆ بەرگری لە خۆی و سەندنەوەی کوێت، چووە پاڵ ئەمەریکا و رایگەیاند کە سوپای ئەمەریکا دێنێتە خاکی سعودیە و لەوێوە هێرش دەبەن. هاتنی سوپای ئەمەریکا بۆ خاکی هەردوو حەرەمی پیرۆز نەك هەر تەنها ئوسامەی تورە کرد، بگرە زانایانی ئایینی سعودیەش کەوتنە نارەزایی، دواجار لە رووی سیاسییەوە ئەو رەوتە ئاینییە نەیتوانی بزافێکی دژ بە دەسەڵاتدارانی سعودیە دروست بکات. ئوسامە رایگەیاند بەهاتنی سوپای ئەمەریکا بۆ خاکی هەردوو حەرەمی پیرۆز رژێمی سعودیە گەورەترین هەڵەی ئەنجامدا و خیانەتی لەگەلی سعودیە کرد. ئوسامە هەر بەوەندەش نەوەستا بەعەمەلیش دەستی کرد بە چالاکی، بە دوو رێڕەو کاری کرد:

یەکەمیان: توانی کار بکات بۆ دەرکردنی فەتوایەك تیایدا جەنگ واجب بێت لەسەر هەر موسڵمانێك بەتایبەتی موسڵمانانی جەزیرەی عەرەب، لەو بارەیەوە شێخ محەمەد سالح ئیبن ئەلعەسیمین فەتوای دا. ئوسامە ئەو فەتوایەی بەکارهێنا بۆ هاندانی لاوان تا سەرلەنوێ روو لە ئەفغانستان بکەن، بەم جۆرە لە پێناو مەشقی سەربازی چەندین لاو بەدەنگ فەتواکەوە هاتن و چوون بۆ ئەفغانستان.

دووەمیان: ئوسامە توانی زۆرترین زانای موسڵمانان لە دەزگایەکی شەرعی سەربەخۆ جگە لە دەزگای گەورە زانایانی موسڵمان کۆبکاتەوە، چونکە دەزگای گەورەزانایان سەر بە حکوومەتی سعودیە بوو. لە پای ئەمانە حکوومەتی سعودیە چەندین جار ئوسامەی ئاگادار کردەوە، پاشان ئابلۆقەیان خستە سەر و هێرشیان بۆ کێڵگەیەکی برد و پشکنیان. لە نامیلکەیەك سەبارەت بە ئوسامە



بن لادن کە دەزگای راگەیاندنی بەرگری ئیسلامی جیهانی بڵاویکردۆتەوە تیایدا هاتووە، ئوسامە بۆی قورس بوو کە لە دەرکردنی رووس لە ئەفغانستان سەرکەوێ، جا ببینێ ئەمەریکا لە وڵاتی هەر دوو حەرەمی پیرۆز نیشتەجێن.

بن لادن پاش جەنگی (گەردەلولی بیابان) عەرەبستانی سعودیەی جێهێشت. سەرەتا چووە پاکستان و دواتر رووی لە ئەفغانستان کرد، لە ئەفغانستان ئوسامە لەبەر فشاری دەزگای هەواڵگری پاکستانی و بەئاکام نەگەیشتنی لایەنانی ناکۆکی ئەفغانستان لە سەر دەسەڵات لە کۆتایی ساڵی ١٩٩١ لەگەڵ هەندێ لە هاورێکانی بەنهێنی و بەفرۆکەی تایبەتی خۆی چووە سودان و توانی بەشێك لە پارەو پولی کە هێشتا بلۆك نەکرابوو، بخاتەوە ژێر دەستی.

لە نووسراوەکانی خۆیاندا هەڵبژاردنی سودان بەوە وەسف کراوە، کە پرۆژەیەکی نوێی جیهادی عەسکەرییە. ئوسامە لە سودانەوە زیاتر لە دەزگا راگەیاندنەکان دەرکەوت و دەستی بە دەرکردنی بەیاننامە کرد. سەرەرای ئەوەی سودان ئوسامەی لەخۆگرت، چەندین بزاڤی دیکەی ئیسلامی توندرەو لە پاڵ ئوسامە سودانیان بە شوێنی حەوانەوەی ئاشکرا هەڵبژارد، لە گرنگترین ئەمانەش بزاڤە ئیسلامییە توندرەوەکانی میسر بوون. هەروەها ئوسامە وەکو بزنسمان (رجل أعمال)ێك لە سودان دەستی بەچەندین پرۆژەی ئابووری کرد، لەوانە بنیادنانی باڵەخانەی فرۆکەخانەی پۆرسودان و رێگەی ئەلتحەدی کە چوار سەد کیلۆمەتر درێژ بوو، خەرتوومی پایتەختی بە پۆرسودان دەگەیاند، زۆربەی زۆری ئەوانەی بە ئەفغانی عەرەب ناسرابوون و نەیاندەتوانی روو لە وڵاتی خۆیان بکەن، چوونە سودان و دایانە پاڵ بن لادن.

سودان بووە سەنتەرێك تیایدا بزاڤە ئیسلامییە توندرەوەکان چالاکی بنوێنن. بە هەوڵی تیرۆرکردنی حوسنی موبارەکی سەرۆکی میسر لە ساڵی ١٩٩٥، نێوان سودان و میسر زۆر ئاڵۆز بوو، هەروەها ئەمەریکاش هەستی بەو مەترسیە کرد،

بۆیە لە ڕێگەی سعودیەوە فشاری تەواوی خستە سەر ئوسامە بن لادن و بڕی کۆمەکییەکانی لەسەر سودان بە هەموو شێوەیەك وەستاند، بن لادنیش دەستی بە پڕوپاگەندەیەکی چڕ کرد سەبارەت بە بوونی هێزی ئەمەریکا لە سەر زەوی هەردوو حەرەمی پیرۆز. سعودیەش بڕیاریدا هەموو سامانی ئوسامە بلۆك بکات و نەتوانێ تەسەروفی پێ بکا.

عەرەبستانی سعودیە فشارەکانی بۆ سەر ئوسامە بە چوار قۆناغ بڕاندەوە، سەرەتا فشاری خستە سەر خودی ئوسامە، دواتر فشاری خستە سەر خانەوادەکەیان، ئینجا فشاری ئابووری خستە سەر خۆی و هاوڕێکانی بەتایبەتی ئەوانەی لە ڕێکخستنەکانی جەنگی داگیرکاری ئەفغانستان لەلایەن سۆڤیەتەوە لەگەڵی بوون، پاشان فشاری سیاسی خستە سەر تەواوی ئەو دەوڵەتانەی هاوپەیمانیبوون، هەروەها دەزگای هەواڵگری ئەمەریکاش بەوردی چاودێری دەکرد و ڕاستەوخۆ و ناڕاستەوخۆ فشاری دەخستە سەر. لە سەرەتای ساڵی ١٩٩٤ شا فەهد بڕیاری دا ڕەگەزنامەی سعودی لە ئوسامە بن لادن بسێنێتەوە، بن لادنیش دەستەوسان نەوەستا، لەمەوە بۆ یەکەمجار بەروون و ئاشکرا هێرشی کردە سەر عەرەبستانی سعودیە و بەیاننامەیەکی دەرکرد بەرپەرچی بڕیاری لێسەندنەوەی ڕەگەزنامەی دایەوە.

ئوسامە سودانی کردەوە شوێنێکی ستراتیژی گرنگ، لەوێوە پاڵپشتی بزووتنەوە ئیسلامییەکانی میسر، ئەریتریا، ئەسیوبیا، کینیا، یەمەن و هەتا تەواوی دوورگەی عەرەبی دەکرد، ئەمەش وای لە ئەمەریکا کرد لە ساڵی ١٩٩٢ز بۆ گورز وەشاندن لە ئوسامە بچێتە سۆمال، بەڵام سەرکەوتنی بەدەست نەهێنا.

چالاکییەکانی بن لادن بەتایبەتی لە سۆمال و تەقینەوەی ڕیاز، نێوان حکوومەتی سودان و بن لادن ئاڵۆزکرد، ئەمەریکا و گەلێ وڵاتی عەرەبی فشاریان خستە سەر سودان بۆ ئەوەی یا ئەوەتا بن لادن تەسلیم کا یاخود دەری



کا، تا فشار گەیشتە سەر تەواوی ئەو ئەفغانە عەرەبانەی لەگەڵیدا بوون بۆ ئەوەی سودان بەجێ بێڵن.

بن لادن ساڵی ١٩٩٦ بەر لەوەی نفووزی تاڵیبان بگاتە شوێنە گرنگەکانی ئەفغانستان، خۆی گەیاندە ئەو وڵاتە و لەلای دوو هاوڕێی کۆنی (شێخ یونس خالس و جەلالەدین حەقانی) گیرسایەوە، بن لادن بەدەرکردنی لە سودان نزیکەی (٢٠٠ تا ٣٠٠) ملیۆن دۆلاری لە لایەنە ڕەسمیەکانەوە لێی بلۆك کرا، هەروها حکومەتی سودان نەك قەرەبوو، بەڵکو هیچ تێچوونێکی ئەو پڕۆژانەی نەدا، کە بن لادن خەریکی بوو، سەرباری ئەوانە بن لادن زیانێکی زۆری پێکەوت کە ناچار بوو ئەو کۆمپانیانەی دابخات، کە حکومەتی سودان پێی زانیبوون.

بن لادن لە سەرەتا دا ئەفغانستان ڕایگەیاند بەهیچ جۆرێ بەشداری لایەنە پێکناکۆکەکانی نێو ئەفغانستان ناکات، هێندەی نەبرد (تاڵیبان دەستیان بەسەر ئەو ناوچەیە کێشا کە بن لادن لێی بوو، دواتر توانیان کابولی پایتەختیش بگرن، نزیکی ئایدۆلۆژیای بن لادن و تاڵیبان نەك هەر زەمینەیەکی زۆر بەرفرەوانی بۆ ئەلقاعیدە ڕەخساند، بگرە تەواوی بزووتنەوە سەلەفییە جیهادییەکانی ئیسلام لە خانەی ئیسلام و دەرەوەی کەوتنە نشوونما).

بن لادن دووبارە خۆی ڕێکخستەوە و چەندین سەربازگەی دامەزراند و بەتەواوی گرنگی بەبواری عەسکەری دا، لە کاتێکدا تاڵیبان لە نێو لایەنە پێکناکۆکەکانی ئەفغانستان زۆرترین خاکی بەدەست بوو، لە لایەکەوە لەبەر ئەوەی تازە هاتبووە سەرپێ پاراستنی پایتەخت و ناوچەکانی زەحمەت بوو، لە لایەکی دیکەوە ئۆپۆزیسیۆنی دیکە بەتایبەتی ڕۆستەم و مەسعود شا زۆر بەهێز بوون و قەوارەی تاڵیبانیان خستبووە مەترسی، بۆیە هەم تاڵیبان درکی بەپێویستی بن لادن و ئەفغانە عەرەبەکان کرد، هەم بۆ ئەلقاعیدەش زەمینەی تاڵیبان گونجاوترین شوێن بوو، بۆ تەواوی چالاکییەکانیان، لە کۆتایی ساڵی ١٩٧٧ و سەرەتای ساڵی

١٩٩٨ بن لادن، نزیکەی چل لە زانایانی تالّیبان و پاکستان کۆکردەوە تا فەتوایەك دەربکەن، پاڵپشتی بن لادن بکەن لەو بەیاننامەی کە تیایدا داوای کردبوو هێزی کافر لە دوورگەی عەرەب دەربکرێت، کۆکردنەوەی رووکاری مەعنەوی و ماددی و پرۆژەی فرەوانی پڕ خۆ چەك کردن لەلای ئوسامەوە دواجار ئەوەی لێ کەوتەوە لە فێبرایەری (شوبات)ی ١٩٩٨ بەیاننامەی بەرەی ئیسلامی جیهانی کە تەواوی هێزە ئیسلامییەکانی سەربە ئەلقاعیدە و پێشەوایانی ئیمزایان کرد، بن لادن لەو بەیاننامەیەدا داواکاری کرد لە هەر کۆییەکی دونیا هەن لە هەموو شوێن و کاتێکدا ئەمەریکی و یەهودی بکوژن، هەروەها ئۆکتۆبەری (شوباتی) ئەو ساڵەدا بن لادن هەردوو باڵیۆزخانەی ئەمەریکای لە کینیاو تەنزانیا تەقاندەوە، لە پاش ئەوە ئەمەریکا دەیان رۆکێتی گرتە سودان و ئەفغانستان.

لە ساڵی ١٩٩١ ئەنجوومەنی ئاسایش لەبەر ئەوەی تالّیبان بن لادنی گلّدا بۆوە، ئابلّۆقەی خستە سەر ئەفغانستان.

پاش رووداوی ١١ی سەپتێمبەری ٢٠٠١ جۆرج بۆش سەرۆکی ئەمەریکا لە رێگەی نەتەوە یەکگرتووەکانەوە، داوای لە تالّیبان کرد، بن لادن بەدەستەوە بدەن، چونکە تاوانباری سەرەکی هێرشە بە فرۆکەکانی بۆ سەر ئەمەریکا، ئەمەریکا هۆشداری دا تالّیبان ئەگەر بن لادن تەسلیم نەکا، هێرش دەباتە سەر ئەفغانستان بن لادن لە ئەفغانستانەوە لە بەیاننامەیەکدا لە رێکەوتی٢٠٠١/١٠/٧ لەو بارەوە رایگەیاند، ((ئا ئەوەتا ئەمەریکا لە باکوورییەوە بۆ باشوور، لە رۆژ هەلّاتییەوە بۆ رۆژ ئاوا، سەر لەبەری تۆقیون، سوپاس بۆ خوا، ئەوەی ئەمرۆ ئەمەریکا دەیچێژێ، دەیان ساڵە ئێمە دەیچێژین)).

رووداوی ١١ی سەپتێمبەری ٢٠٠١ نەك هەر تەنها هەڵوێستی ئەمەریکای لە دژی تیرۆر گۆڕی، بگرە بووە وەرچەرخانێك تا رۆژئاوا و وڵاتانی دیکەش ئاگاداری



خۆیان بن و لە دژی تیرۆر بە بەرنامەوە کار بکەن، بە جۆرێ ئەمەریکا و رۆژئاوا هەر تەنها رێکخراوە تیرۆرستییەکانیان بە تیرۆر نەزانی، بەڵکو هەندێ وڵاتی ئیسلامیان بەوە تاوانبار کرد، کە لەوێوە تیرۆر نشونما دەکا و پاڵپشتی دەکرێ.

وەك هەموو جارانی، بن لادن رووداوی ١١ی سەپتێمبەری لەئەستۆی خۆی نەگرت، کەچی پاڵپشتی لێکرد. ئەمەریکا خۆی سازدا تا هێز بۆ پێگەکانی جیهاد لە ئەفغانستان ببا، چونکە دوای زۆر هەوڵی دیبلۆماسی تالّیبان رازی نەبوو، بن لادن تەسلیم بە ئەمەریکا بکات.

تشرینی دووەمی ٢٠٠١ ئەمەریکا بە هاوپەیمانیەتی چەند وڵاتێکی دیکەی بەرە لە دژی تیرۆر هێرشیان کردە سەر ئەفغانستان.

هەرچەندە بن لادن لە رێگەی کەناڵی ئەلجەزیرە رایگەیاند، لە زەوی خوراسان - ئەفغانستان - بەریتانیا و سۆڤیەت دۆڕاندوویانە، ئەمجارەیان نۆرەی ئەمەریکایە، کەچی لەگەڵ هێرشە خەست و چڕ و پڕە ئاسمانیەکانی سنووری بەرگری لە تالّیبان و بن لادن تەسك بۆوە. دواجار پاشەکشەیان کرد، تالّیبان کابولی جێهێشت و دواتر تەواوی شارەکانی تەسلیم کرد، بن لادن و ئەفغانە عەرەبەکان چوونە نێو چیا. ئەمەریکا رایگەیاند لە تۆرابۆڕا بن لادنی ئابلوقە داوە و هێندەی نەماوە بیگرێ، کەچی ئەو هەواڵانە بەراست دەرنەچوو، زۆربەی سەرانی تالّیبان و ئەلقاعیدە بۆی دەرچوون. بن لادن توانیی بەرتیل بە سەرانی ئەفغان بدا و بۆی دەرچێ.

بن لادن بەهۆی کەناڵی ئەلجەزیرە لە هەڕەشەکردنی ئەمەریکا و رۆژئاوا نەوەستا، بەهەموو شێوازێك یارمەتی هەموو ئەو رێکخراوانەی دەدا کە جیهاد سەنتەری ئایدۆلۆژیایان بوو، لەکاتێکدا لە رووی سیاسیشەوە هەرچەندە پێگەشیان نەماوە، دژی خاچی و یەهودیەت دەستیان بە چالاکی کرد. بن لادن لە رێگەی ئینتەرنێت و کەناڵی ئەلجەزیرە لە هەڕەشەکردن نە دەوەستا، لە

کۆتاییەکانی ساڵی ٢٠٠٤ لە کەناڵی ئەلجەزیرە دەرکەوت، موخابەراتی ئەڵمانی دەستی بە پشکنینی ئەو کاسێتە کرد، تیایدا دەنگی چۆڵەکەیەکی لێ دۆزیەوە کە لە ناوچەکانی سەر سنووری ئەفغانستان - پاکستان دەژی، کە چوونە ئەوێ زانیان ماوەیەك لەوەوبەر بن لادن لەوێ بووە، پاشان بن لادن بە هۆی دەنگەوە لە بەیاننامەیەکدا بەیعەتی بۆ زەرقاوی کرد و وەکو ئەمیرێکی ئەلقاعیدەی جیهاد لە عێراق دەستنیشان کرد.

لە نیوەی دووەمی ساڵی ٢٠٠٥ دەنگۆی ئەوە هەبوو بن لادن نەخۆش بێت، بەڵام سەرچاوە ئیسلامیە ئوسولێیەکان بەرپەرچیان دایەوە کە بن لادن نەخۆش بێت، رایانگەیاند بن لادن لە جەنگی داگیرکاری ئەفغانستان لەلایەن سۆڤیەتەوە بەردەوام فشاری خوێنی دادەبەزێ.

ئەمەریکا لە ساڵی ٢٠٠٦ ئەو نووسینگەیەی لە دەزگای هەواڵگری ئەمەریکی کە تایبەت بوو بە خودی بن لادن بە شێوەیەکی کاتیی هەڵوەشاندەوە، ئیتر دەستگیرنەکردن و کوشتنی بن لادن روحێکی دیکەی بە ئەلقاعیدەوە بەخشی، بۆیە دواجار هەر لەو ساڵەدا ئەمەریکا ئەو نووسینگەیەی رێکخستەوە و بەشێوەیەکی دیکە چ لە رووی سیاسەتی دەرەوە و چ کاری موخابەراتی بەدوای بن لادنەوە بوو.

- **بەدر کوڕی عەبدولعەزیز ئەلشەبانات (بدر بن عبدالعزيز الشبانات)**

لە وڵاتی کوێت لە دایکبووە. بە (ریاز هادی ئەلعەتەری) ناسراوە. لە ئەفغانستان مەشقی سەربازی ئەنجام داوە، لە هێرشی ئەمەریکا بۆ سەر ئەفغانستان بەر لە (١٠/١٠/١٤٢٢ك - ٢٥/ ١٢ /٢٠٠١ز) کوژراوە.



- **بەندەر ئەلشوعەیر (بندر الشعير)**

خەڵکی ریازی پایتەختی عەرەبستانی سعودییە. لە هێرشی ئەمەریکا و هاوپەیمانانی بۆ سەر ئەفغانستان بەر لە (١٠/١٠/١٤٢٢ك - ١٢/٢٥ /٢٠٠١ز) کوژراوە.

- **جەمال ئەحمەد فەزل (جمال احمد فضل)**

ئەندامی ئەلقاعیدەیە، لەو کاتەی بارەگاکانی ئەلقاعیدە لە سودان بوون، جەمال فەزل لە نێوان ساڵانی ١٩٩٠-١٩٩٥ز چووە ریزی دەزگای موخابەراتی سودانی. ئەلقاعیدە بە بەرنامە کاری بۆ ئەوەی دەکرد لە تەك موخابەراتی سودانی کار بکا لە پێناو:

١ـ زیادکردنی قەڵەمڕەوی لە دەوڵەتی سودان و دزەکردن بۆ نێو وەزارەتەکانی ئەمن و ناوخۆ و بەرگری و کاروباری دەرەوە.

٢ـ سوودوەرگرتن لە کاری جاسوسی و موخابەراتی تا بتوانن لە کاری تەنگانە خۆیان دەرباز بکەن.

٣ـ بەڕێوەبردنی تۆڕەکانی چەك و تەقەمەنی لە سودان.

٤ـ سوودوەرگرتن لە لێکۆڵینەوە و تۆێژینەوەی کیمیایی و بایۆلۆژی و ئەتۆمی.

جەمال فەزل توانی پەیوەندییەکی پتەو لەگەڵ دەزگای نەهێشتنی جاسوسی و موخابەراتی ناوخۆ و دەزگای ئەمنی شۆڕش دروست بکا لە پێناو دروستکردنی بونیادێکی بەهێزی ئەلقاعیدە.

- **حەسەن عەلی حاجی (حسن علی حاجی)**

لە گوندی تەلەخێمی گەورەی سەر بە ناحیەی گوێڕی هەولێر لە دایکبووە. برای ئەبو عەبدوڵڵای شافعی ئەمیری ئەنساری ئیسلامە. لە ساڵی ١٩٨٤-١٩٨٥ رووی لە ئەفغانستان کردووە، لە سەربازگەکانی بن لادن مەشقی کردووە. دواتر لە تەك چەکدارانی عەرەب لە ئەفغانستان دژی سۆڤیەت جەنگاوە. یەکێك بووە لەوانەی بە ئەفغانی کورد ناوزەند کراوە.

پاش راپەرینی ١٩٩١ لەگەڵ ئەبو عەبدوڵڵای شافعی برای، گەڕانەوە کوردستان و لە ڕیزەکانی بزووتنەوەی ئیسلامی لە کوردستان/ عێراق کاری کردووە. ساڵی ١٩٩٣ لە کاتێکدا لەگەڵ ئەبوعەبدوڵڵای برای لە مزگەوتێکی هەولێر لە نوێژکردن دەگەڕانەوە، حەسەن بەئۆتۆمبێلەکەی لە چلکاوی دا و لەشی قادر بەردەسپیی بەرپرسێکی (ی.ن.ك)ی پیس کرد، لە ئەنجام دا بوو بە شەڕیان، دواجار قادر بەردەسپی بەدەمانچەکەی حەسەنی کوشت. ئەم رووداوەش رق و قینێکی زۆری خستە دڵی ئەبو عەبدوڵڵای برای.

- **حەمەد سلێمان (حمد سلیمان)**

نازناوی (ئەبو حەفسی کوێتی)یە و خەڵکی وڵاتی کوێتە و چەکداری ئەلقاعیدە بووە لە ئەفغانستان. (ئەبوحەفس) نازناوی گەلێ لە ئەندامانی دیکەی رێکخراوی ئەلقاعیدە بووە، کە لەگەڵ ناوی وڵاتەکەی پێکەوە هاتووە. (ئەبوحەفسی کوێتی) بەر لە رێکەوتی (١٠/١٠/١٤٢٢ك - ٢٠٠١/١٢/٢٥ز) لە هێرشی ئەمەریکا و هاوپەیمانەکانی بۆ سەر ئەفغانستان کوژراوە.

- **حەمزەی لیبی (حمز اللیبی)**

ئەندامێکی رێکخراوی ئەلقاعیدەیە. لە زووەوە پەیوەندی بەو رێکخراوە کردووە. لە جەنگی داگیرکاری ئەفغانستان لە لایەن سۆڤیەتەوە لەگەڵ چەکدارانی عەرەب بەشداری کردووە، بۆیە بەئەفغانی عەرەب ناوزەد دەکرێ، لە نێوان



ساڵانی ١٩٩٧-٢٠٠١ لەگەڵ دوو ئەندامی دیکەی ئەلقاعیدە لە پاکستان سەرپەرشتی نوسینگەی کۆچ و بەڵگەنامەی سەر بە ئەلقاعیدەی کردووە، کە ڤیزەی هاتنە ژوورەوە و پلیتی فڕۆکەی مسۆگەر کردووە.

- **حەمید ئەلفاخری لیبی (حمید الفاخری)**

ساڵی ١٩٧١ لە بنەماڵەیەکی شێخ لە رۆژهەڵاتی لیبیا لە دایکبووە، لە زووەوە بەتەنگ جیهادی ئەفغانییەوە چووە و لە رێگەی نووسینگەی خزمەتگوزاری لە پاکستان پەیوەندی بە عەبدوڵڵا عەزامەوە کردووە و لە زۆربەی شەڕەکانی دژی سۆڤیەت لە دەیەی هەشتاکانی سەدەی رابردوو لە تەك چەکدار (موجاهید)ان بەشداری کردووە.

ئەلفاخری سەرپەرشتیاری هەردوو سەربازگەی (خالدین) و (سەدا)ی کردووە و لە رووی فکری جیهادییەوە کاریگەری زۆری عەزامی لەسەر بووە و مەشقی بە زەکەریا ئەلموسەوی مەغریبی و ئەحمەد رەسام ئەلجەزائیری داوە.

ئەمەریکا پێیوایە ئەلفاخری نەك هەر بەرپرسی ئەو دوو سەربازگەیە بووە، بەڵکو هەموو سەربازگەکانی ئەلقاعیدەی سەرپەرشتی کردووە.

ئەلفاخری هەر وەکو وەسفی دەکەن پیاوێکی کورتە باڵای لەسەرخۆیە و هەموو جۆرە مەشقێکی ئەلقاعیدەی ئەنجام داوە، لەوانە ئەگەر دەستگیر کرا هەرچەند فشاری بخەنە سەر نهێنییان نەدرکێنی و رووبەڕووی شەڕی دەروونی بێتەوە، سەرباری ئەوەی لە دروستکردنی تەقەمەنی زۆر شارەزایە.

لە ساڵی ٢٠٠١ لە هێرشی ئەمەریکا بۆ سەر ئەفغانستان دەستگیر کراو ئەمەریکا بردیە سەربازگەی (ئێکس رای) لە بنکەی گوانتانامۆ.

- **خالید ئەلفەواز (خالد الفواز)**

نوێنەری ئەلقاعیدەیە لە بەریتانیا، تەلەفۆنێك کە بەمانگی دەستکرد کاری کردووە لە دەزگای (ئۆجارا) بۆ تۆڕەکانانی مانگی دەست کرد لە ناوچەی (دێر پارك) لە نیۆیۆرك بەرامبەر (٧,٥٠٠) دۆلار لە ساڵانی ١٩٩٧ – ٢٠٠١ بۆ ئوسامەی کڕیوە و ژمارەی تەلەفۆنەکەش (٠٠٨٧٣٦٨٢٥٠٥٣٣١) بووە.

برادەری شەخسی بن لادنە و نووسینگەی ڕێنمایی و ئیرشادی ئەلقاعیدەی لە باکوری لەندەن بەڕێوەبردووە و، توانیویەتی پەیوەندییەکانی بن لادن لە لەندەن هەڵسوڕێنێ.

زانیارییەکانی ڕۆژئاوا ئەو ئاماژەیە بەدەستەوە دەدەن کە فەواز پەیوەندی بەتەقینەوەکانی هەردوو باڵیوزخانەی ئەمەریکا لە نایرۆبی و دارئەلسەلام لە ساڵی ١٩٩٨ دا هەیە. ئەمەریکا دەیەوێ فەواز تەسلیم بەو بکرێتەوە تا دادگایی بکات، بەریتانیا تا ساڵی ٢٠٠٢ چوار سەدو بیست و هەشت هەزار جونەی ئیستەرلینی داوە بەتەکالیفی قانوونی دادگاییکردنی.

- **زێدان ئەلشەهری (زیدان الشهری)**

خەڵکی (ریاز)ی پایتەختی عەرەبستانی سعودیە. لە هێرشی ئەمەریکا و هاوپەیمانەکانی بۆسەر ئەفغانستان بەر لە (١٠/١٠/١٤٢٢ك - ٢٥/١٢/٢٠٠١ز) کوژراوە.

- **عادل ئەلشامان (عادل الشامان)**

خەڵکی شاری تەبوکی عەرەبستانی سعودیە. لە هێرشی ئەمەریکا و هاوپەیمانەکانی بۆ سەر ئەفغانستان بەر لە (١٠/١٠/١٤٢٢ك - ٢٥/١٢/٢٠٠١ز) کوژراوە.



- **عادل محەممەد عەبدولمەجید (عادل محمد عبدالمجید عبدالباری)**

ئەندامی جەماعەتی جیهادی ئیسلامی میسرییە، لەتەك ڕێکخستنەکانی جەماعەتی جیهاد لە ئەفغانستان بووە. یەکێکە لەبەڕێوەبەرانی نووسینگەی ڕێنمایی و ئیرشاد لە لەندەن، بە عەبدولباری ئەبو زیا (عبدالباری أبو ضیاء) ناسراوە.

- **عەبدوڵڵا ئەلڕەشید (عبدالله الرشید)**

بە ئەبو ئیبراهیم ئەلخورجی ناسراوە. لە شاری ریازی عەرەبستانی سعودی لە دایکبووە. لە هێرشی ئەمەریکا و هاوپەیمانەکانی بۆ سەر ئەفغانستان بەر لە (١٠/١٠/١٤٢٢ك - ٢٥/١٢/٢٠٠١ز) کوژراوە. لە مونتەدای فەجر ناوی تۆمارکراوە.

- **عەبدوڵڵا عەزام (عبدالله عزام)**

کەسایەتیەکی ئیسلامیە و بە ڕێبەری جیهادی ئەفغانی دەناسرێت، لە ڕووی تیۆر و پراکتیکەوە ڕۆڵێکی مەزنی بینیووە لە رابوون و پێشکەوتنی بزووتنەوەی چەکداری لە نێو موسڵمانانندا. عەزام دامەزرێنەری قوتابخانەیەکی فکرییە لە ڕێنوێنیکردنی جیهادی جیهانیدا، کە پشت بەوە دەبەستێ لە سەرتاسەری جیهاندا پێویستە موسڵمانان چەکدار بکرێن.

عەبدوڵڵا عەزام لە گوندی (سیلة الحارثة)ی سەر بە لیوای جەنین لە فەلەستین لە ساڵی ١٩٤١ لە دایکبووە، باوکی ناوی (یوسف موستەفا عەزام)ە، هەر لەو گوندەدا خوێندنی سەرەتایی و ئامادەیی تەواو کردووە، پاشان پەیوەندی کردووە بە ڕێکخستنەکانی ئیخوان موسلمین، ئینجا کۆلیژی کشتوکاڵی تەواو کردووە. لە

ساڵی ١٩٦٥ ژنی هێناوە، پێنج کوڕ (محەمەد، حوزەیفە، ئیبراهیم، حەمزە، موسعەب) و سێ کچ (فاتیمە، وەفا، سومەییە)ی هەبووە. ساڵی ١٩٦٦. کۆلیژی شەریعەی بە پلەی زۆرباش لە زانکۆی دیمەشق تەواو کردووە، کە عەرەب لە جەنگی ١٩٦٧ دژی ئیسرائیل تێکشکان، و دواتر ئیسرائیل بەرەی رۆژئاوای خستەسەر سنووری، عەزام رووی لە ئوردن کرد و ماوەیەك لەوێ مامۆستابوو، هەروەها خەڵکی بۆ جیهاد هاندەدا، دواتر لە زانکۆی ئەزهەر بڕوانامەی ماستەری بەدەست هێنا.

پاش ئەوەی بەرەی رزگاریخوازی فەلەستینی لە ١٩٦٨ لە ئوردن دەرکرا، عەزام چووە میسر لەوێ چاوی بە بنەماڵەی قوتب کەوت. لە فیقهی ئیسلامی لە هەمان زانکۆ بڕوانامەی دکتۆرای وەرگرت، ئینجا ماوەیەك لە زانکۆی شا عەبدولعەزیز موحازەرەی گوتەوە، تا لە ساڵی ١٩٧٩ لە بەر چالاکی جیهادی دەرکرا. بۆیە رووی لە پاکستان کرد لە ئیسلام ئاباد لە زانکۆ دامەزرا. هەر لەگەڵ داگیرکردنی ئەفغانستان لە لایەن سۆڤیەتەوە دەستی بە چالاکی جەنگ (جیهاد) لە دژی سۆڤیەت کرد.

لە سەرەتای هەشتاکانەوە چوارسەد چەکداری عەرەب پەیوەندی پێوەکردن، ئەویش رەوانەی ئەفغانستانی کردن تا دژی سۆڤیەت بجەنگن. ساڵی ١٩٨٤ لەگەڵ ئوسامە بن لادن بەیەکەوە نووسینگەی خزمەتگوزارییان بۆ پێشوازی لە چەکدار(موجاهید)انی عەرەب لە پاکستان دامەزراند، کە لەوێوە رەوانەی جەنگ (جیهاد) لە دژی سۆڤیەت دەکران.

عەزام رۆڵێکی سەرەکی گێڕا لە تەجنیدکردنی هەزارەها گەنجی موسڵمان بەتایبەتی عەرەب لە ئەفغانستان، کە دواتر بە ئەفغانی عەرەب ناسران، سەرباری ئەوەی هەوڵێکی دیبلۆماسی بەرفرەوانی دەستپێکرد بۆ کۆکردنەوەی پارە و پول لە خزمەتی ئەو نووسینگەیە. توانی کۆمەك لە ئەمەریکا و بەریتانیا و هەندێ وڵاتی دیکەی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست کۆبکاتەوە.



ساڵی ١٩٨٦ لە سەر سنووری ئەفغانستان سەربازگەی خانەی ئەنسار (بیت الانصار)ی لەگەڵ بن لادن دامەزراند، لە کاتێکدا بن لادن لە نێو ئەفغانستان خەریکی جەنگ (جیهاد) لە دژی سۆڤیەت بوو، عەزام رووی لە زۆر وڵاتان کرد تا موسڵمان و ناموسڵمان بێنێتە ریزی جەنگ (جیهاد). لە جیهانی عەرەبیدا گەلێ لە لایەنگیر و ئەندامانی ئیخوان موسلمین (الاخوان المسلمین)ی هێنایە ئەفغانستان، لە ئەڵمانیا و ئەمەریکا چەندین موحازەرەی سەبارەت بە رۆڵی موسڵمانان لە جەنگ (جیهاد) لە دژی سۆڤیەت پێشکەش بە رەوەندی موسڵمانان کرد و بەگەرمییەوە پێشوازی لێکرا.

لە یەکێك لەو موحازەرانەدا ساڵی ١٩٨٢ کە هاوبەندی لاوانی موسڵمانی ئەمەریکا سازی کردبوو، عیسام ئەلرەیدی راهێنەری فڕۆکەوانی زۆر پێی کاریگەر بوو، دواتر چووە ریزی جەنگ (جیهاد) و رۆڵێکی سەرەکیی لە ئەلقاعیدە پێدرا.

عەزام گەلێ کتێبی سەبارەت بە جیهادی جیهانی نووسیووە. کتێبی تایبەتی لە سەر پەروەردەی جیهاد و جیهاد لە ئەفغانستان هەیە. کتێبەکانی هەموویان مۆرکی ئیسلامی سیاسییان پێوەیە، چالاکییەکانی کاریگەری زۆری لە سەر بزووتنەوە ئیسلامیەکان هەبووە، بە جۆرێك لێکۆڵەرانی رۆژئاوا پێیانوایە عەزام دامەزرێنەری بزووتنەوەی (حەماس)ی فەلەستینیە.

لێکۆڵەروانی رۆژئاوای پسپۆر لە ئەلقاعیدە پێیان وایە عەزام لە نێوان ساڵی (١٩٨٧ و ١٩٨٨)دا میساقی رێکخراوێکی بەرگری ئیسلامی داڕشتووە، بۆیە عەزام بە باوکی ئایدۆلۆژیای جیهادی و خۆچەکدارکردن دادەنرێت و ئامانجی ئەوەیە کە چەکدار(موجاهید) لە تەواوی وڵاتانی موسڵمانان کۆبکاتەوە و بە فیکری سەلەفیی جیهادی تەیاریان بکا، لەپێناو دامەزراندنی دەوڵەتێکی ئیسلامیدا، ئەو چەکدارانەش بەرگری لە هەموو ئیماندارێکی موسڵمان دەکەن تا کافر لە خانەی ئیسلام (دار الاسلام) وەدەرنێن.

له ڕێکەوتی (٢٤ی تشرینی دووەم/ نۆڤێمبەری١٩٨٩) لە کاتێکدا عەزام لەگەڵ هەردوو کوڕی (محەمەد و ئیبراهیم) لە شاری پیشاوەری پاکستانی بۆ نوێژی هەینی دەچوون، ئۆتۆمبێلەکەیان بە بیست کیلۆگرام مادەی (تی. ئێن. تی) تەقێنرایەوە و هەرسێکیان کوژران.

(ڕۆهان جوناراتانا)ی شارەزا و پسپۆر لە تیرۆر و توندوتیژی سیاسی لە ناوەندی توێژینەوەی تیرۆر و توندوتیژی سیاسی لە زانکۆی (سانت ئاندرۆ) لە سکۆتلەندە، لە کتێبی (ئەلقاعیدە لە ناوەوە)دا ئەو بۆچوونەی هەیە کە عەزام لە لایەن خودی ئوسامە بن لادنەوە لە ناوچووە، لەبەر ئەم هۆیانە:

یەکەم: پاش کۆتایی داگیرکاری سۆڤیەت لە ئەفغانستان، چەندین جار بن لادن داوای لە عەزام کردووە، سەربازگەی کۆمەکی چەکداران بە پاڵ سەربازگەکانی دیکەی سەرسنووری ئەفغانستان - پاکستان بخا، کەچی عەزام مکوڕ بوو لەسەر مانەوەیان و خۆی سەرپەرشتی بکا، چونکە عەزام پێیوابوو مانەوەیان دەسەلمێنێ هەردووکیان بۆ یەك ئامانج کار دەکەن.

دووەم: عەزام بەرپەرچی ئوسامەی داوەتەوە، پاش داگیرکاری سۆڤیەت کە نووسینگەی خزمەتگوزاری بێتە پێگە بۆ مەشقی چەکداران تا لە وڵاتانی دیکە دەست بە جەنگ و بەرگری بکەن، بۆیە مکوڕ بووە لەسەر ئەوەی نابێت پارە و پولی نووسینگە بێجگە لە ئەفغانستان بۆ هیچ وڵاتێکی دیکە سەرف بکرێ. بەو پێیەی عەزام لە میسر ژیا بوو، دەیزانی چالاکی لە دەرەوەی ئەفغانستان چەندە سەختە؟! بۆیە فتوایەکی دەرکرد کە بەکارهێنانی پارەوپولی جیهاد بۆ مەشق، تیرۆر — دەرەوەی ئەفغانستان - پێچەوانەی شەریعەتی ئیسلامە، لەو بارەوە پشت بە حەدیسێکی پێغەمبەر (د.خ) بەستووە کە کوشتنی ژن و منداڵی ناجەنگاوەر لە ریزی دوژمن حەرام دەکات.



سێیەم: بن لادن دەیویست خۆی ئەلقاعیدە بەڕێوە ببات و نووسینگەی خزمەتگوزاری لە پاڵ دەزگاکانی دیکە لە پێناو یەك ئامانج کار بکەن، بە تایبەتی سەبارەت بە سامانی نووسینگەی خزمەتگوزاری، چونکە بن لادن داوای کردووە لیژنەیەکی دارایی لەو نووسینگەیە پێکبێت، کەچی عەزام بەرپەرچی داوەتەوە.

عەزام و بن لادن لە ناکۆکی دابوون، هەتا ساڵی ١٩٨٩ عەزام ئوسامەی جێهێشتووە و چۆوەتە شاری خوست لە ئەفغانستان، تا دواجار ئەویشی جێهێشتووە و لە گەڕەکی (حەیات ئاباد) لە پیشاوەر لە پاکستان نیشتەجێ بووە. لە لایەکی دیکە بن لادن خۆی دان بەوە دەنێ کە وەك چۆن قوتابییەك مامۆستای دەبینێ، هەر جارێك عەزامی دیبێ ئەوها بووە.

(ڕۆهان جۆناراتا) باس لەوە دەکا کاتێ عەزام تیرۆر کرا، ئوسامە گەڕایەوە ئەفغانستان تا گومان لە خۆی دوور بخاتەوە، هەروەها لەوە دەدوێ لە سەرەتای ٢٠٠٢ لەگەڵ ئەوەی چەندین ئەندام و بەرپرسی گەورەی ئەلقاعیدە دەستگیر کران، لە نێو ئەمانەدا (محەمەد سەدیق عودە) کە بە ڕەگەز فەلەستینییە و، ئەندامێکی بەرزی ئەلقاعیدەیە، لە لێکۆڵینەوە لەگەڵیدا، دانی بەوەنا کە ئوسامە بن لادن فەرمانی داوە عەزام بکوژرێت، چونکە پێیوایە عەزام دەستی لەگەڵ دەزگای هەواڵگری ئەمریکی (CIA) هەبووە، بۆیە (ڕۆهان) لەوە دەدوێ، نابێت عەزام پەیوەندی لەگەڵ (CIA) هەبێت، بەڵکو پەیوەندی بەخودی موجاهیدانەوە هەبووە و دەزگای هەواڵگری پاکستانی کردۆتە میانگیر لەگەڵ (CIA) بۆ ئەنجامدانی کارەکانی، (عودە) چ لەگەڵ لێکۆڵەرانی پاکستانی، پاشان لەگەڵ لێکۆڵەرانی ئەمەریکی دانی بەوەناوە عەزام لە لایەن خودی بن لادن تیرۆر کراوە.

ئەوەی زۆر پشتگیری بۆچوونەکەی (ڕۆهان) دەکات سەبارەت بە تیرۆرکردنی عەزام ئەوەیە، یاریدەدەرێکی ئوسامە بن لادن، یەکێکە لەو چەکدارانەی لە

زووەوە چۆوەتە ئەفغانستان و بەئەفغانی کورد ناوزەند کراوە، لە ساڵی ١٩٩٣ز باسی لەوە کردووە، عەبدوڵڵا عەزام لەلایەن سەرکردایەتیە ئیسلامیەکانەوە تیرۆر کراوە، بۆیە هەر چۆنێك بێت ئەم دانپیانانە گومان لە دەزگا هەواڵگرییەکانی پاکستان و رۆژئاوا بەتایبەتی ئەمەریکا دووردەخاتەوە، بەتایبەتی بەو شێوازەی پێی تیرۆر کراوە، کە لە هی رەوتی سەلەفیی جیهادی دەچێت.

- **عەبدوڵڵای کوڕی محەمەد ئەلشەبانات (عبدالله بن محمد الشبانات)**

خەڵکی شاری (ریاز)ی عەرەبستانی سعودییە، بە (ئەبوهەمام ئەلنەجدی) ناسراوە، بەر لە (١٠/١٠/١٤٢٢ك - ٢٠٠١/١٢/٢٥ز) لە هێرشی ئەمەریکا و هاوپەیمانەکانی بۆ سەر ئەفغانستان کوژراوە.

- **عەبدوڵڵا موهتەدان ئەلسوهەیلی (عبدالله مهتدان السهيلي)**

چەکدار و ئەندامی چالاکی ئەلقاعیدەیە. خەڵکی شاری مەدینەی عەرەبستانی سعودیە، یەکێکە لەو کەسانەی قورئانی ئەزبەر کردووە، واتا (حافظ القرآن)ە. هەر ئەندامێکی نێو رێکخراوی ئەلقاعیدە ئەگەر قورئانی ئەزبەر کردبێت، ئەوا دوور لە هەر پلەو پایەیەکی خاوەن سەرمایەکی رەمزی بووە، بەواتا پایەکی عورفی هەبووە. سەرباری پلەو پایەکانی دیکەی، لە هێرشی ئەمەریکا بۆ سەر ئەفغانستان بەرلە (١٠/١٠/١٤٢٢ك - ١٢/٢٥ /٢٠٠١ز) کوژراوە.

- **عەبدولڕەحمان ئەلحەکەمی (عبدالرحمن الحكمي)**

بە عەبدولرەحمان ئەلئەعرابی ناسراوە. لە یەمەن لە دایکبووە و لە شاری مەککەی عەرەبستانی سعودی گەورە بووە، دواتر پەیوەندی بە ئەلقاعیدە کردووە، لە هێرشی ئەمەریکا بۆ سەر ئەفغانستان بەر لە (١٠/١٠/١٤٢٢ك - ٢٠٠١/١٢/٢٥ز) کوژراوە.



- **عەبدولهادی ئوردنی (عبدالهادی الاردنی)**

ئەمە نازناویەتی، خەڵکی ئوردنە. لە زووەوە پەیوەندی بە رێکخراوی ئەلقاعیدە کردووە. ئەندامی پاسەوانانی – گاردی ئەبی عەبدوڵڵا– (حرس ابی عبدالله)یە، لە یەکەم هێرشی ئەمەریکا و هاوپەیمانەکانی بۆ سەر ئەفغانستان بەر لە (١٠/١٠/١٤٢٢ك - ٢٠٠١/١٢/٢٥ز)چاوی لە دەست داوە و پێشی بریندار بوو، دواجار بە برینداری مردووە.

- **عەلوان فەرەج میکائیل (العلون فرج ميخائيل)**

ئەندامی جەماعەتی ئیسلامی جەنگی لیبییە. پەیوەندی بەتینی لەگەڵ ئەلقاعیدە هەیە، لە ١٠ی مارسی ١٩٩٤ لەگەڵ دوو ئەندامی دیکە لە لیبیا سیلڤان پیکەری سەر بەموخابەراتی ئەڵمانی و خێزانەکەیان کوشت.

- **عومەر ئەلجمهور (عمر الجمهور)**

بەر لەوەی بچێتە ئەفغانستان لە لاپەڕەی وەرزشی رۆژنامەی ریاز (الریاض)ی سعودی کاری کردووە. لە هێرشی ئەمەریکا و هاوپەیمانەکانی بۆ سەر ئەفغانستان بەر لە (١٠/١٠/١٤٢٢ك - ٢٠٠١/١٢/٢٥ز) کوژراوە.

- **فایز ئەبوزێد مفتاح (فايز أبوزيد مفتاح)**

ئەندامی جەماعەتی ئیسلامی جەنگی لیبییە، لە ئەفغانستان لە پاڵ ئەلقاعیدە جەنگاوە لە ساڵی ١٩٩٤ لەگەڵ ئەلشبلی فەرەج و عەلوان فەرەج میخائیل، سیلڤان پیکەری هاووڵاتی و موخابەراتی ئەڵمانی و خێزانەکەی تیرۆر کرد.

- **فەیسەل ئەلمەستەت (فیصل المستت)**

خەڵکی شاری مەککەی عەرەبستانی سعودیە. لە هێرشی ئەمەریکا و هاوپەیمانەکانی بۆ سەر ئەفغانستان بەر لە (١٠/١٠/١٤٢٢ك -١٢/٢٥/ ٢٠٠١ز) کوژراوە.

- **محەمەد ئەلشەهری (محمد الشهری)**

خەڵکی عەرەبستانی سعودییە، بە( الأخ الشیخ) ناسراوە. لە سەربازگەکانی سەر بەرێکخراوی ئەلقاعیدە لە ئەفغانستان مەشقی کردووە، لە هێرشی ئەمەریکا و هاوپەیمانەکانی بۆ سەر ئەفغانستان بەر لە (١٠/١٠/١٤٢٢ك - ٢٥/ ١٢/ ٢٠٠١ز) کوژراوە.

- **محەمەد جەمال خەلیفە (محمد جمال خلیفة)**

بە رەچەڵەك ئوردنیە و زاوای ئوسامە بن لادنە. لە شاری مەدینە لە دایکبووە. بەشداری هەڵمەتی جەنگ لە دژی داگیرکاری سۆڤیەت لە ئەفغانستانی کردووە.

ساڵی ١٩٨٨ محەمەد جەمال خەلیفە لە فیلیپین بۆتە بەرێوەبەری رێکخراوی یارمەتیدانی ئیسلامیی جیهانی، لەژێر پەردەی ئەم تۆڕەوە پەرەی بەچەندین دەزگاو رێکخراو و کۆمەڵەی دیکەی ئەهلی لە پێناو رێکخراوی ئەلقاعیدە داوە و توانیوویەتی لە رێگەی بەخشینەوە سامانێکی خەیاڵی بەتایبەتی لە کەنداو کۆبکاتەوە.

محەمەد جەمال بەنهێنی دامەزراندنی رێکخراوی ئەهلیی کردۆتە پێگە و ئامانجێك بۆ سەرپەرشتی کردن و کۆکردنەوەی پارەو پول و سامان بۆ ئەلقاعیدە.



محەمەد جەمال چەندین رێکخراوی دامەزراندووە لە فیلیپین کە پەیوەندی پتەویان لەگەڵ یەکتریدا هەبووە. بەپێی بەڵگەنامە و زانیارییەکانی پۆلیس و دەزگای موخابەراتی فیلیپینی محەمەد جەمال پاش ئەوەی ناوەندی راگەیاندنی کۆمەکی ئیسلامی لە ٢٨ی یۆنیۆی ١٩٩٤ لە فیلیپین دامەزراندووە، چەندین رێکخراوی ئەهلی کرییوە یا دایمەزراندوون یا پەیوەندی پتەوی پێوە هەبووە، لەوانە:

١ـ لیژنەی نوێنەرایەتی ئیسلامی (لجنة التمثیل الاسلامی).

٢ـ رێکخراوی توێژینەوە و دەعوە و ئیرشادی ئیسلامی (منظمة الدراسات و الدعوة و الارشاد الاسلامی).

٣ـ دەزگای لیژنەی جیهانی ئیسلامی — سەپتێمبەری ١٩٩٣ (مؤسسة اللجنة العالمیة الاسلامیة).

٤ـ شاندی نێودەوڵەتی بۆ حیکمەتی جیهانی ئیسلامی — سەپتێمبەری ١٩٩٤ (البحثة الدولیة للحکمة العالمیة الاسلامیة).

٥ـ دەزگای هەوڵی ئیسلامی نێودەوڵەتی فیلیپینی — مارسی ١٩٩٣ (مؤسسة المساعي الاسلامیة الدولیة)

٦ـ خانەی ئیحسان بۆ هەتیوان و ناوەندی حیفزی قورئان — فبرایەری ١٩٩٣ (ملجأ دار الأحسان للأیتام و المرکز حفظ القرآن)

٧ـ ئەنجوومەنی دەعوەی ئیسلامی فیلیپینی -١٩٨٩ (مجلس الدعوة الاسلامیة الفلبیني).

٨ـ رێکخراوی نێودەوڵەتی دەعوە و ئیرشادی ئیسلامی — مارسی ١٩٩٤ (المنظمة الدولیة للدعوة والارشاد الاسلامي).

٩ـ دەزگای ئیمامی شافعی — مارسی ١٩٩٤ (مؤسسة الامام الشافعي).

محەمەد جەمال خەلیفە یا ئەوەتا خۆی یا بەهۆی خزمێکیەوە یا بەهۆی ئەو شەریکانەی پشتی پێ دەبەستن ڕێکخراوەکانی دامەزراندووە و دواتر لێکی داون و ڕێکخراوێکی ناوەندی لێ دروستکردووە، بۆ نموونە خۆی و خێزانەکەی و دوو هاوڕێی لە دەزگای ئیمامی شافعی کاریان کردووە، یاخود لە ڕێکخراوەکانی دیکەی وەکو کۆمەڵەی مەخدوم (المخدوم)ی ئیسلامی — دوانزە ناوی بوو بە پەیمانگای ئیسلامی فیلیپینی-، لە شاری زامبوانجا و ناوەندی (لانا و دیل و نوتر) بۆ دەزگاو ئیرشادی ئیسلامی لە شاری ئالیجان و ڕێکخراوی هەوڵی لە ناوچەی ماراوی ڕۆڵی هەبووە.

سەرباری ئەوانە محەمەد جەمال کۆمپانیای (ئای تی دیزۆن)ی بۆ گەشتیاری و دەزگای (زیزۆن ریالتی) و دەزگای (خەلیفە بۆ پیشەسازییە بازرگانییەکان)ی هەبووە، هەروەها بازرگانی گواستنەوەی بار و کەلوپەلی لە نێوان مالیزیا و فیلیپین و هۆلەندا و کەنەدا ئەنجامداوە، ئەم پرۆژانەش لە پێناو پرۆژە ئیسلامییەکان بووە، لە یۆنیۆی ساڵی ١٩٩٤ محەمەد جەمال فیلیپینی جێهێشت، بەڵام لە ئۆکتۆبەری هەمان ساڵدا لقێکی دەزگای موەفەق (الموفق)ی لە مانێلای پایتەخت دامەزراند.

- **محەمەد عومەر عەبدولڕەحمان (محمد عمر عبدالرحمن)**

کوڕی شێخ عومەر عەبدولڕەحمان بەرپرسی باڵای جیهادی ئیسلامی میسرییە، لە ئەفغانستان و تاجیکستان جەنگاوە. ئەمەریکا پێیوایە لە کۆتاییەکانی ٢٠٠١ لە ئەفغانستان کوژراوە.

- **محەمەد کوڕی عەوەز بن لادن (محمد بن عوض بن لادن)**

لە حەزرەمۆت لە یەمەن لە دایکبووە. ساڵی ١٩٣٠ ڕووی لە حیجاز کردووە و لە شاری جەدەی عەرەبستانی سعودیە، لە بەندەری جدە دەستی بە حەماڵی کردووە، هێندەی پێ نەچووە، بووە بە یەکێك لە گەورەترین بزنسمان (رجل



الأعمال)ی عەرەبستانی سعودیە و چەندین پرۆژەی مەزنی بیناسازی لەو وڵاتەدا ئەنجام داوە.

محەمەد بن عەوەز بن لادن چل و سێ منداڵی هەبووە، ریزی ئوسامە لە نێو کوڕەکانیدا بیست و یەکەمین بوو.

بەهۆی دەوڵەمەندییەوە محەمەد بن عەوەز توانی دەسەڵاتێکی فرەوان بۆ خۆی پەیدابکا، بە جۆرێك لەگەڵ بنەماڵەی دەسەڵاتدار و شانشینی سعودیە پەیوەندی پەیداکرد، کاتێك فەیسەل و سعود لە سەر عەرشی شانشینی عەرەبستانی سعودیە کەوتنە ململانێ، محەمەد بن عەوەزی باوکی ئوسامە یەکێك بووە لەوانەی ڕۆڵێکی کاریگەری هەبوو تا بەپێی ڕێوڕەسمی خێزان و بنەماڵە، سعود بۆ فەیسەل واز لە پاشایەتی بێنێ، بۆیە چووە لای سعود و گفتوگۆی لەگەڵ کرد، دواجار سعودیش کە وازی هێنا و، هەرچی لە خەزێنەی وڵات هەبوو، دەستی پێداهێنا و سفری کرد. وڵات کەوتە قەیرانی دارایی، محەمەد عەوەز بەهانای فەیسەل هات و لە ڕووی مادییەوە کۆمەکی کرد، بۆیە فەیسەل مەرسومێکی دەرکرد، هەموو گرێبەستی پرۆژەی بیناسازی لە عەرەبستانی سعودیە پێدا و وەزارەتی بیناسازی پێ بەخشی.

محەمەد عەوەز لە ژیانیدا سەرباری پرۆژەکانی بونیاتی دەوڵەتی سعودیە، شوێنە ئاینیەکانیشی چاککردۆتەوە، کاتێك کەعبەی پیرۆز گەورە کرا، هەڵمەتێکی بیناسازی گەورەی ئەنجام دا، هەروەها مزگەوتی پێغەمبەر (د.خ.)ی چاککردەوە و فرەوانی کرد. کاتێك حکوومەتی ئوردن رایگەیاند کە دەیەوێ مزگەوتی قودس چاك بکاتەوە، باوکی ئوسامە بێ قازانج کارەکەی ئەنجام دا.

ئوسامە لە بابەت باوکییەوە دەڵێ:" جاری وا هەبووە، باوکم لە ڕۆژێکدا نوێژی لە کەعبە و مەدینە و قودس کردووە".

ساڵی ١٩٦٨لە کاتێکدا ئوسامە تەمەنی نۆ ساڵ و نیو بوو، باوکی لە نێو کۆپتەرەکەیدا خۆی بە چیای تائیف کێشا و گیانی لە دەست دا.

رۆژنامەی (واشنتۆن پۆست) نووسیوویەتی، باوکی ئوسامە لە دوای خۆی سەدان ملیۆن دۆلاری جێهێشتووە، تەنها بەشی ئوسامە (٣٠٠) ملیۆن دۆلار بووە.

- **مەحمود ئەبو موسەیلەمە (محمود أبو مسيلمة)**

شوفێری شێخ عومەر عەبدولڕەحمانە، ساڵی **١٩٩٣** لەو تیمە بووە کە هێرشی کردۆتە سەر مەڵبەندی بازرگانی جیهانی.

ساڵی ١٩٩١، موستەفا ئەلشەلەبی نوێنەری نووسینگەی خزمەتگوزاری لە نیویۆرك لە شوقەی مەحمود بەکوژراوی دۆزرایەوە. مەحمود لەو کاتەدا لە پیشاوەر (پاکستان) بووە.

- **مەحمود ئەلبیلادی (محمود البيلادی)**

خەڵکی شاری مەدینەی عەرەبستانی سعودییە، لە هێرشی ئەمەریکا و هاوپەیمانەکانی بۆ سەر ئەفغانستان لە (١٤٢٢/١٠/١٠ك - ٢٠٠١/١٢/٢٥ز) کوژراوە.

- **مەعاز محەمەد باعەتەش (معاذ محمد باعتش)**

خەڵکی شاری (جدة)ی عەرەبستانی سعودییە، لە هێرشی ئەمەریکا و هاوپەیمانەکانی بۆ سەر ئەفغانستان لە (١٤٢٢/١٠/١٠ك - ٢٠٠١/١٢/٢٥ز) کوژراوە.

- **هنداوی (الهنداوي)**

بەپێی ئەو بەڵگەنامانەی پاش جەنگی ئەفغانستان — ئەمەریکا کە لە ساڵی ٢٠٠١ز دۆزراونەتەوە، فەلەستینیەکی زۆر تا بەر لە جەنگیش لە سەربازگەکانی بن لادن مەشقیان کردووە. یەکێك لەوانە هنداوییە، کە خەڵکی (حلحول)ی



فەلەستینە و لە باشوری لوبنان پەیوەندی بە ئەلقاعیدەوە کردووە. باوکی فەرماندەی پۆلیسی شاری خەلیلە، لە ساڵی ٢٠٠٠ لە لایەن ئیسرائیلەوە دەستگیرا کراوە.

ئیسرائیل پێیوایە ئەلقاعیدە دەتوانێ گورز لە ئیسرائیل بوەشێنێ، مەسەلەی چالاکی ئەلقاعیدەش تەنها لەسەر کات وەستاوە، هەرچەندە چالاکییەکانی حزبە ئیسلامییەکانی فەلەستینیش هەمان شێوازی ئەلقاعیدەیان هەیە.

تا ئێستا بێجگە لە هنداوی و عەوکەل و هەندێ ئەندامی دیکە کە لە پەنجەی دەست تێناپەڕن، ئیسرائیل زۆر کەم ئەندامانی فەلەستینی نێو ریزەکانی ئەلقاعیدەی دەستگیر کردووە.

- **نەبیل عەوکەل (نبيل عوكل)**

ساڵی **١٩٧٣** لە بەرەی رۆژئاوای فەلەستین لە دایکبووە، ئەندامی باڵای جەماعەتی تەبلیغ و دەعوە بووە، بەو پێیەی جەماعەتی تەبلیغ کارەکانیان بەشداری سیاسەتی تێدا نییە، نەبیلیش سەرەتا وادەناسرا کە تێکەڵی سیاسەت نابێت، بەڵام لە ساڵی **١٩٩٧** بە چالاکی جەماعەتی تەبلیغ سەری لە پاکستان دا، لە کاتێکدا هاوڕێکانی جەماعەتی تەبلیغ لە پاکستان گەڕانەوە کەرتی غەزە. نەبیل هەر لەوێ مایەوەو، پەیوەندی بە ئەلقاعیدەوە کرد و بۆ ماوەی نۆ مانگ لە سەربازگەکانی ئەفغانی عەرەب مەشقی کرد و خولی تایبەتی بینی. ئەمەشی بۆ ئەوە بوو تا هەوڵ بدا لقێکی رێکخستنی ئەلقاعیدە لە فەلەستین دابمەزرێنێ.

نەبیل سەرباری پاکستان و ئەفغانستان لە گەڵ جەماعەتی تەبلیغ چەندین جار سەری لە یەمەن و میسر داوە، ئیسرائیل پێیوایە نەبیل بۆ خۆی رێبەری لقی رێکخستنی ئەلقاعیدەیە لە فەلەستین، کە پلانیان دانابوو لە نێو ئیسرائیل دەست بە چالاکی بکەن، لە ئەفغانستانیش بن لادنی دیوە و بەپێی رێنماییەکانی ئەو کاردەکا.

ساڵی ۲۰۰۰ لە ڕووبەڕووبوونەوەی فەلەستینیەکان لە گەڵ ئیسرائیل دا برینداربوو، پاش چاکبوونەوەی هەوڵیدا بچێتە بەریتانیا، لە کاتێکدا ئیسرائیل نەیهێشت بەرێگەی ئوردن بڕوا، نەبیل مکوڕ بوو لە سەر ئەوەی بچێتە بەریتانیا، کە لەوێدا ئەندامانی توندڕەوی ئیسلامی لە چالاکیدان. بۆیە ئەمجارە چووە غەزە تا بەرێگەی رەفح بڕوا، دواجار ئیسرائیل دەستگیری کرد. سەرەتا نەبیل لە لای باڵی (چۆلەکەکان — گروپی فەلەستینی کە هاوکاری موساد دەکەن) دانی بەوەنا کە بەنیازبووە لقی ئەلقاعیدەی جیهاد لە فەلەستین دابمەزرێنێ، بەڵام دواتر لە بەردەم لێکۆڵەرانی دادی ئیسرئیلی ئەو نیازەی بەرپەرچ دایەوە، ئیسرائیلیش خستیە بەندیخانەی عەسقەلان.

لە لێکۆڵینەوەکاندا دەرکەوتووە کە نەبیل خولی زانستی ئایینی لە ئەفغانستان دیوە. سەرانی ئەلقاعیدە داوایان لێکردووە کە عەرەبی ئیسرائیل بهێنێتە ریزی ئەلقاعیدە، هەروەها بە رێگەی ئیمێل نەبیل لەگەڵ بەرپرسانی ئەلقاعیدە لە ئوردن و بەریتانیا لە پەیوەندیدا بووە.

**ڕێکخستن**

- **ئەلقاعیدەی جیهادی دایك (قاعدة الجهاد الام)**

بەو بزووتنەوە سەلەفییە جیهادییە جیهانییە ئیسلامییە دەگوترێت، کە لە ئەفغانستان دامەزرا و رەگوریشەی داکوتا و توانی نەشونما بکات. تا هێرشی ئەمەریکا بۆ سەر ئەفغانستان لە ساڵی ٢٠٠١ بەردەوام بوو. ئەلقاعیدەی جیهاد بە ڕێبەرایەتی ئوسامە بن لادن ناوەندی رەوت و بزاڤ و شانەکانی دیکەی سەلەفیی جیهادی جیهان بوو و، بەئاشکرا لەو زەمینەیەدا کاریان کرد، سەران و لێکۆڵەرانی ئەلقاعیدە پێیانوایە لە (٢٠٠٣)ەوە لە عێراقەوە رێنوێنی لق و بزاڤەکانی دیکەی رەوتی سەلەفیی جیهادی کراوە و عێراق زەمینەیەکی لەباربووە، رەنگە ئەو شوێنە بەپێی چالاکی ئەلقاعیدە بگۆڕدرێت.

ئەلقاعیدەی جیهادی دایك بەم خاسڵەتانە جودا دەکرێتەوە:

یەکەم: دروست کردنی ناوەندی سەلەفیی جیهادی یان بە هۆی کەسانی سەرکردەی وەکو بن لادن و زەواهیری دەبێت یاخود بە هۆی شوێنە جا چ ئەفغانستان یا سودان بێت.

دووەم: بنەماکانی کاری ئەلقاعیدەی جیهادی بە جۆرێك بوو، کە ڕێنمایی وەرگرتن مەرج نەبوو لە خودی ڕێبەرەوە بێت، بەڵکو ئایدۆلۆژیاکە شوێنی ڕێبەری دەگرتەوە.



سێیەم: بەجیهانیبوونی خەباتی ئیسلامی لە تەواوی وڵاتە ئیسلامییەکان، چونکە ئامانجی جەماعەت و کۆمەڵە و حزبە ئیسلامییەکان، دامەزراندنی دەوڵەتی ئیسلامی یەکگرتووە.

چوارەم: هێرش کردنە سەر ئەو وڵاتانەی حەرەمی ئیسلامیان پێشێل کردووە و لەتبوونی ئیسلام قووڵ دەکەنەوە، وەکو وڵاتانی ئەمەریکا و بەریتانیا.

پێنجەم: دروست کردنی چەکدار لە سادەترین ئەندام و لایەنگیر لە پێناو هەر چالاکییەك، مەرج نییە ئەندامی تازە هیچ خول و ڕاهێنان و مەشقی ئاشکرای دیتبێ.

شەشەم: دروست کردنی دیاردەی ئەفغانی عەرەب یا ئەفغانی کورد یا کۆکردنەوەی موسڵمان لە هەر رەگەزێك لە پێناو تەیارکردنی بە بیروباوەڕی سەلەفیی جیهادی.

- **ئەلقاعیدەی جیهاد لە ئەوروپا (القاعدة الجهاد في اوروبا)**

لەبەر ئەوەی سنوورەکانی ئەوروپا بەتوندی دەخرێنە ژێر چاودێری و پاسەوانی دەکرێن، ئوسامە بن لادن و زەواهیری درکیان بەوە کرد دامەزراندنی تۆڕێکی ئەلقاعیدە لە هیچەوە کارێکی سەختە، لەبەر ئەوە ئەلقاعیدە لە ئەوروپا تۆڕەکانی لە ڕێگەی دزەکردن بۆ حزب و جەماعەتی ئیسلامی دیکە دروستکرد و، شێوازی دزەکردنی ئایدۆلوژی خۆیان خزاندە نێو تۆڕە ئیسلامییەکانی دیکە و توانی دزە بۆ نێو ریزەکانی چوار گروپ و حزب و جەماعەتی ئیسلامی دیکە بکات، کە لە ئەوروپادا بڵاو ببوونەوە. تۆڕی ئەلقاعیدە خۆی خزاندە ناو بەرەی ئینقازی ئیسلامی جەزائیری و جەماعەتی تەکفیر و هیجرەی میسری و جەماعەتی ئیسلامی چەکداری جەزائیری و جەماعەتی سەلەفی دەعوە و جەنگ، هەروەها لەپاڵ ئەمانەدا شانەکانی خۆی بەرێگە باوەکان دروستکرد.

ئەلقاعیدە توانی تاڕادەیەك دزە بكاتە نێو بەرەی ئینقازی ئیسلامی، بەڵام توانی لە دزەكردنی جەماعەتی تەكفیرو هیجرەی میسری سەركەوتنێكی گەورە بەدەست بێنێ. بەو پێیەی جەماعەتی تەكفیر لە تەواوی باكوری ئەفریقیا لە مەغریب و جەزائیرو تونس و لیبیا و میسر ڕێكخستنی هەبووە بۆیە دواجار سەركەوتنێكی گەورەی بۆ ئەلقاعیدە بەدەست هێنا.

ئەلقاعیدە توانی كادیرێكی زۆر ڕێكبخا و لە نێو ئەمانەدا جەزائیرییەكان زۆرترین ڕێژەی ئەلقاعیدەی لە ئەوروپا پێكهێنا، لایەنگرانی ئەلقاعیدە لە موسڵمانان بە نەوەی یەكەم و دووەمی پەنابەران ناو دەبرێن، كە لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و باكوری ئەفریقیا ڕوویان لە ئەوروپا كردووە. سەرباری ئەوەی دەیان لەو ئەوروپاییانەی بوونەتە موسڵمان چوونەتە ریزەكانی ئەلقاعیدە.

هەروەها هەندێ لەوانەی خەڵكی ئاسیا بوون لە بەریتانیا دەژیان و لە ریزەكانی ئەلقاعیدەوە بوون، پاش ١١ی سەپتێمبەری ٢٠٠١ ئەمەریكا گرتنی و لە سەربازگەی گوانتانامۆی بەندی كردن. بەپێی دەزگا ئەمنی و هەواڵگرییە نێودەوڵەتییەكان لە سەرەتای ٢٠٠٢ زیاتر لە ٣٠٠ ئەندامی چالاكی ئەلقاعیدە لە ئەوروپا لە جموجول دان، كە هەموویان لەوانەن مەشقی پێشكەوتوویان دیوە. هەرچەندە پاش ١١ی سەپتێمبەری ٢٠٠١ ئەندامانی ئەلقاعیدە دەستگیر كران، بەڵام هێشتا ئەندامانی چالاك و خەوتوویان ماوە و كۆمەكی ئەلقاعیدەیان كردووە.

لە ئەوروپا ئەلقاعیدە پەیوەندی قووڵ و پتەوی لەگەڵ تۆڕەكانی دیكەی دروستكردنی پاسەپۆرتی ساختە و بەڵگەنامەی دیكە دروستكردووە، كە لەلایەن چاچانییەكان و ڕوس و ئۆكرانی و پاكستانی و نێجری و كۆری و كوردەوە بەڕێوە دەبرێن. ئەمەش لە ڕووی تەجنید كردن و پەیوەندییە لۆجستیەكان زۆری خزمەتی ئەلقاعیدەیان كردووە، هەتا توانیویانە لە ڕووی داراییەوە پارە و سامان بۆ ئەلقاعیدە كۆبكەنەوە، تا بەجۆرێ ئەلقاعیدە لە ئەوروپاوە ڕا گەلێ هەوڵ و پلانی



تیرۆركردنی بەڕێوەبردووە، لەوانە تیرۆركردنی ئەحمەد شا مەسعود لە ساڵی ٢٠٠١.

ئەندامانی ئەلقاعیدە لە ئەوروپا توانیویانە بچنە ریزەكانی هێزی چەكداری وڵاتانی ئەوروپا و سوود لە خزمەت و مەشق و تەكنەلۆژیای ئەوان وەربگرن.

- **ئەندامێتی ئەلقاعیدە (عضوية القاعده)**

لێكۆڵەرانی ڕۆژئاوا لە ئەندامێتی ئەلقاعیدەیان كۆڵیتەوە، پێیانوایە:

١- ئەندامێتی لای ڕێكخراوی ئەلقاعیدەی جیهانی، زۆر هەمەڕەنگە لە هەموو نەتەوە و ئایین و ئەتنیكێكی موسڵمان و هەتا ناموسڵمانیش — بوونەتە موسڵمان - ئەندامی هەیە.

٢- ئەلقاعیدە دەتوانێ بەڕێگەی ئاسایی ئەندام دروست بكات. ئەندام ئەندامێكی دیكە بهێنێتە ناو ڕێكخراو، هەروەها دەتوانێ بەڕێگەیەكی ناراستەوخۆ ئەندام دروست بكات. ئەو جۆرە سیستەمەش واتا ئەندامێك لەخۆیەوە دروست دەبێت بەپێی بارودۆخ و ژینگەیەك كە كۆنترۆلكردنی سەختە. لەو حاڵەتەدا هۆكاری دەرەوە كاریگەری زۆریان دەبێت لەسەر دروست كردنی ئەندام، لە كاتێكدا بارودۆخی ئەو هۆكارانە لە ئارادایە، چونكە ئەو ئایدۆلۆژیایە لە ناو كۆمەڵگەدا زۆر بەهێزە و خروقاتەكانی حكوومەت و سیستەمی وڵاتە ئیسلامیەكانیش لە هەموو ڕوویەكەوە پاڵ بە تاكەكەس دەنێ بۆ ئەنجام دانی كارێك كە دواجار لە هەگبەی ڕەوتی سەلەفیی جیهادی بكاتەوە.

٣- بەو پێیەی ئەلقاعیدە توانایەكی بەهێزی هەیە بۆ نوێبوونەوە و دامەزراندنەوە، و پەرتبوون و دروستكردنی ناوەندێكی دیكە، بۆیە ئەندامی وای هەن زۆر بە نهێنی، تەنها بۆ یەك كردەوە و چالاكی دەردەكەون.

- **جەماعەتی موجاهیدینی ئەنسار (جماعة المجاهدين الانصار)**

کادیرانی ئەلقاعیدە بۆ پاڵپشتی لە کێشەی چاچانستان، باشترین جەنگاوەر و چەکداری پێشکەوتوو کە مەشقی تایبەتیان لە ئەفغانستان دیبوو، لە سەرەتاکانی نەوەدەکانی سەدەی بیستەم جەماعەتی موجاهیدینی ئەنساریان دامەزراند، ئەم جەماعەتەش یەکێکە لەو سێ جەماعەتەی لە زۆربەی کردەوەی خۆکوژی ئەو ناوچەیەدا بەرپرسیارن.

- **ئەندامانی جەزائیریی ئەلقاعیدە**

لێکۆڵەرانی رۆژئاوا سەرنجی ئەوەیان داوە زۆربەی زۆری ئەو ئەفغانە جەزائیرییانەی ریزەکانی ئەلقاعیدە دابوون کاروباری پلیتەکانی ئیئتمانی ساختە و کردەی فێڵ و فڕی داراییان بەڕێوەبردووە.

- **ئەندامانی لیبیی ئەلقاعیدە**

لێکۆڵەرانی رۆژئاوا بەو ئەنجامە گەیشتوون کە ئەلقاعیدە بۆ راپەڕاندنی کارەکانی شێوازی تازەی گرتۆتەبەر و بارودۆخی بابەتی و خودی رەچاو کردووە. بۆیە پێیانوایە ئەلقاعیدە ئەو گروپ و کۆمەڵانەی لە ئەفغانستان بوون نەك تەنها لە سەر بنەمای جوگرافی دابەشی کردوون، بەڵکو لە سەر بنەمای توانا و پیشەیی رێکیخستوون، ئەندامانی لیبیی ئەلقاعیدە نووسینگەی بەڵگەنامەکان و پاسەپۆرتیان لە ئەفغانستان بەڕێوە بردووە.

- **ئەندامانی میسریی ئەلقاعیدە**

سەرپەرشتی تەواوی دەزگاکانی مەشق و راهێنانی ئەلقاعیدە لە جیهان دەکەن، ئەو ئەندامانە سەرەڕای ئەوەی ئەزموونێکی دوورو درێژیان لەگەڵ دەسەڵاتدارانی وڵاتانی موسڵمان هەیە، دەتوانن زوو شوێنی مەشقیان بگۆڕن و بە



پێی ژینگە مەشق و راهێنان ئەنجام بدەن و، بەپێی ئەو ئامانجەی لە بەرگریکردن دەیانەوێ چۆنیەتی ئەو مەشقە هەڵبژێرن کە دەگونجێ، بۆیە دەتوانن لە ژوورێکدا کۆببنەوە و مەشقی پێویستی خۆیان ئەنجام بدەن.

- **ئەندامانی یەمەنیی ئەلقاعیدە**

لە دوای رێکخستنی میسری و جەزائیری نێو ئەلقاعیدە سێیەم هێز پێکدێنن، بە تایبەتی لە جیهادی ئەفغانی تا ناوەڕاستی نەوەدەکانی سەدەی بیستەم ئەلقاعیدە لەسەر خاکی یەمەن لە گوندی (مودیة)ی باشوردا سەربازگەی کردۆتەوە و سوپای عەدەن لقێکی دیکەی ئەلقاعیدەیە لە یەمەن.

بن لادن لەو کاتەی لە سودان بوو، بیری لەوە کردەوە بنکەیەکی ئەلتەرناتیڤ - بەدیل - لە یەمەن دابمەزرێنێ و بچێتە ئەوێ، چونکە تەنها ٣٥٪ی خاکی یەمەن لە ژێر قەڵەمڕەو و کۆنترۆڵی حکوومەتی یەمەن بوو، بۆیە ئەم حاڵەتی ناقانوونییە، زەمینەیەکی گونجاوی بۆ ئەلقاعیدە لە خاکەکانی دیکە خۆش دەکرد.

- **ئاژانسی کۆمەکی جیهانی سێیەم (وكالة غوث العالم الثالث)**

ئەو کاتەی بن لادن رووی لە سودان کرد، لە ناوەڕاستی نەوەدەکانی سەدەی بیستەم ئاژانسی کۆمەکی جیهانی سێیەمی دامەزراند، کە راستەوخۆ لە جێی هەر رێکخراوێکی دیکەی ئەلقاعیدەی سەرپەرشتی چەکدارانی عەرەبی دەکرد کە لە بۆسنە و هەرزەگۆڤینیا و کرواتیا و سربیا دەجەنگان.

ئاژانسی ناوبراو توانی لە نەمسا و تورکیا و ئەڵمانیا و سویسرا و زەغرب و سبیلیت (کرواتیا) و توزلا و سەرایڤۆ (لە بۆسنە) نووسینگە بکاتەوە و لە رووی داراییەوە چەندین ملیۆن دۆلاری کۆکردەوە.

بەرپرسانی ئاژانسەکە و نووسینگەکانی بریتی بوون لە ئەندامانی ئەلقاعیدە و ڕێکخراوە توندڕەوە ئیسلامە هاوپەیمانەکانی، بەتایبەتی جەماعەتی جیهادی ئیسلامی، پاش ئەوەی بۆندێکی چەك گواستنەوەی لێ ئاشکرا بوو، ئاژانسی کۆمەکی جیهانی سێیەم لە زەغرب نووسینگەی گواستەوە.

- **بریکارانی تەجنید (وكلاء التجنيد)**

ڕێکخستنەکانی سەلەفیی جیهادی ئیسلامی هیچ گروپ یا کەتیبە یا شانەیەکی تایبەتی و سەربەخۆیان نییە تاکو چەکدار و خۆکوژ و شارەزا بۆ بەرەکانی جەنگ تەجنید بکات و بنێرێ، بەڵکو کاری تەجنید کردن وەکو ئەرکێکی لێهاتووە لە سەر هەر ئەندام یا کەسێك لە پێناو جیهاد ئەنجامی بدا، بۆیە دەکرێ بریکارانی تەجنید لە نێو ریزەکانی ئەلقاعیدە ئەندام بن، یاخود ئەندامی ئەلقاعیدە نەبن.

لە سەرەتاوە کە چەکدارانی عەرەب (ئەفغانی عەرەب) بۆ بەرەی جەنگی دژ بە سۆڤیەت لە ئەفغانستان دەنێردران، تەواوی دەزگای هەواڵگری وڵاتانی عەرەب بە تایبەتی کەنداو و ڕۆژئاوا یارمەتییان دەدان، خودی عەبدوڵڵا عەزام و ئوسامە بن لادن بە ئاشکرا بانگەشەیان دەکرد و چەکدارانیان تەجنید دەکرد، بەڵام پاش کشانەوەی سۆڤیەت تەجنیدکردن ڕەوشێکی نهێنیی وەرگرت و خۆیان ئەو ئەرکەیان گرتە ئەستۆ.

لە عێراق پاش ڕووخانی ڕژێمی بەعس لە (٢٠٠٣) لە بەرەکانی بەرگری (جیهاد) بەو پێیەی مامەڵەیان لەگەڵ دەزگا هەواڵگرییەکان کردبوو، شارەزاییەکی زۆریان هەبوو، بریکارانی تەجنیدکردنی چەکدار و خۆکوژ بۆ عێراق و ناردنیان بۆ شوێنی مەبەست بووە کارێکی ئاڵۆز و شاراوە، لەگەڵ ئەمانەش سوودیان لە بەرژەوەندی ئیقلیمی و نێودەوڵەتی ناوچەکە وەرگرت تا بتوانن دزە بکەن و کارەکانی خۆیان ئەنجام بدەن.



بریکارانی تەجنیدکردن گەلێ جاران لە تەك تۆڕەکانی کۆمەك کار دەکەن، چونکە ئەرکی هەریەکیان بەپێی پەیڕەوی ناوخۆ و عورفی سەلەفیی جیهادی جودا نەکراوەتەوە. ڕێکخستنەکانی ئەلقاعیدە خۆیان لەوە دەدوێن بەر لەوەی ئەمەریکا ڕژێمی سەدام بڕووخێنێ، خۆیان بۆ جەنگ و بەرگری ئامادە کردبوو، چەندین بریکاری تەجنیدکردنی چەکدار و خۆکوژ لە نەجد و حیجاز و یەمەن و ئوردن لە ئامادەباشی دابوون. ئەلقاعیدە هیچ ڕێوڕەسم و سیستەمێکی ئیجرائی ڕەسمی نییە تا هاووڵاتیان و ئەندامانی تەجنید بکات.

- **بزووتنەوەی موجاهیدان لە پاکستان**

بەر لەوەی بزووتنەوەی موجاهیدان لە پاکستان لە ساڵی ١٩٩٧ خۆی ڕابگەیەنێ، بە ناوی بزووتنەوەی ئەنسار کاری دەکرد، ئامانجی سەرەکی بزووتنەوەی موجاهیدان ئەوەیە لە دژی سوپای هیندستان لە کەشمیر بجەنگێ، بۆ ئەو مەبەستەش کاری ئەوپەڕی توندوتیژی سیاسی پەیڕەو دەکەن.

بزووتنەوەی موجاهیدان گەلێ چالاکیان لە دژی هیندستان و ئامانجی مەدەنی لە کەشمیر ئەنجام داوە، ناوی بزووتنەوەکەش بە جەماعەتی چەکداریی کەشمیرەوە بەستراوەتەوە، لە یۆلیۆ/ تەمموزی ١٩٩٥ پێنج گەشتیاری بیانییان ڕفاند، سەرەتا یەکێکیان کوشت، دواتر لە دیسێمبەر/ کانوونی یەکەمی هەمان ساڵدا چوارەکەی دیکەشیان کوشت.

(فەزل ڕەحمان خەلیل) ڕێبەری بزووتنەوەی موجاهیدانە لە پاکستان، لە شوباتی ١٩٩٨ لەگەڵ ئوسامە بن لادن و ئەیمەن زەواهیری بەرەی جیهانیان لە دژی خاچی و یەهودییەکان واتا لە دژی ڕۆژئاوا و ئەمەریکا ڕاگەیاند.

بزووتنەوەی موجاهیدان چەندین سەربازگەی لەناو ئەفغانستان دروست کردووە، چەکدارانی لە تەك ئەفغانە عەرەبەکان مەشقیان کردووە، لە ئۆگستۆس/ئاب ی

١٩٩٨ ئەمەریكا سەربازگەكانی بۆردوومان كرد، (فەزل رەحمان خەلیل) لەمەوە فەتوایەكی دەركرد و هەڕەشەی كرد و دواجار پەیمانی دا كە تۆڵە لە ئەمەریكا بسێنێتەوە.

ژمارەی چەكدارانی بزووتنەوەی موجاهیدان خۆی لە چەند هەزار سەربازێك دەدا، كە لە بەشی كەشمیری پاكستانی و لەناو پاكستان دا هەن، هەروەها لە هەردوو ناوچەی (دودا) و بەشی باشوری كەشمیری هیندی چالاكییان هەیە، زۆربەی زۆری ئەو چەكدارانە یا كەشمیرین یا پاكستانین، لەگەڵ ئەوانەش هەندێ ئەفغانی عەرەب دەجەنگن.

زۆربەی بارەگاكانی بزووتنەوەی موجاهیدان لە (موزەفەر ئاباد)ی پایتەختی كەشمیری پاكستانییە و ئەنسارەكانی لە پاكستان و ئەفغانستان مەشقیان داوە. هەندێ سەرچاوەی رۆژئاوایی ئاماژە بەوە دەكەن، كە كۆمەكی و یارمەتی لە پاكستان و كەشمیر و عەرەبستانی سعودی و هەندێ وڵاتی دیكەی كەنداو و وڵاتانی ئیسلامی وەردەگرێ، لە ڕووی چەكیشەوە زۆر سوودیان لە بازاڕی رەشی ئەفغانستان و پاكستان وەرگرتووە و، جۆری چەكەكانیش باشن.

- **بنكەی هیلات كوكوی سەربازی (قاعدة هیلات كوكو العسكرية)**

بنكەیەكی سەربازییە لە بەشی سەرووی قوبرس كە لە ژێر دەسەڵاتی توركیادایە، ئەلقاعیدە بۆ تاقیكردنەوەی چەك و تەقەمەنی بەكاری هێناوە. ساڵی ١٩٩٤ ئەلقاعیدە (عبوة یورانیوم)ی لە باشوری ئەفریقیا بە پانزە ملیۆن دۆلار كڕیوە و لەو سەربازگەیە تاقیكردۆتەوە. جەمال فەزل لە رێگەی بەرپرسێكی سودانییەوە كە هەزار دۆلاری پێداوە توانیویەتی ئەو (عبوة یورانیوم)ە بكرێ، هەروەها لە هەمان بنكەدا مەودای دووریی ئەو تۆپەش تاقیكراوەتەوە، كە كەرەستەیەكی وای تێدا بووە پەكی مرۆڤ دەخا، ئەمە جگە



لەوەی لە سەر چەندین جۆر ژەهری ترسناكی وەكو (ریسین) كە گازێكی ترسناكە ئەزموونیان كردووە، ئەلقاعیدە لە ئەوروپا لە رێگەی مافیای رووسی و ئۆكرانی دەستی كەوتووە.

- **بزووتنەوەی جیهاد لە تەواوی خاكی ئیسلام (حركة الجهاد في مختلف اراضی الاسلامية)**

لێكۆڵەرانی رۆژئاوا پێیانوایە ئەلقاعیدە و رێكخراوەكانی هاوشانی، توانیویانە بنكەیەكی فرەوانی جیهادی دروست بكەن، بزووتنەوە جیهادییەكانیش لە رووی تیۆری و پركتیكیەوە لە هەموو ساتێكدا توانای ئەوەیان هەیە بۆ یەك ئامانج كاربكەن، دەتوانین لەو بارەیەوە هەندێ سەرنج بخەینە روو:

١ـ دەشێ بزووتنەوە جیهادییەكان لە هەر شوێنێكی گونجاو و زەمینە لەبار بێت، ناوەند دروست بكەن، ناوەندی كاروباری چالاكییان چەسپاو نییە، بۆیە لە هەر كوێیەك بزووتنەوەی جیهادی هەبێت دروستكردنی ناوەند كارێكی قورس نییە.

٢ـ رۆژئاوا بەسەركردایەتی ئەمەریكا لە بەرامبەر ئەو بزووتنەوەیە كە ئەلقاعیدە رێبەرایەتی دەكات هاوپەیمانیەتی پێكهێناوە، چونكە هاوپەیمانیەتی ئەلقاعیدە لە سنووری هەرێمایەتیەوە بۆ نێودەوڵەتی هەنگاوی ناوە.

٣ـ ئایدۆلۆژیای بزووتنەوە جیهادییەكان لەیەك دەچن و توانای ئەوەیان هەیە لەكاتی توندوتیژی لە دژیان یاخود فشاری زۆر، خۆیان بگونجێنن بێ ئەوەی كار لە ئایدۆلۆژیان بكات.

- **بنکەکانی جیهاد (قواعد الجهاد)**

رۆژئاوا ناوی لەو ناوەندانە ناوە کە رەوتی سەلەفیی جیهادی بەتایبەتی ئەلقاعیدە تیایدا چالاکە، لەم خالآنەدا دەتوانین سەرنجەکانی بنکەکانی جیهاد چڕ بکەینەوە:

١ـ زۆربەی سەرکردایەتی و هاوپەیمانیەتی ئەلقاعیدە لە بنکەکانی جیهاد، ناوەند (سەنتەر) دروست دەکەن و پێکدێنن.

٢ـ ئەو ناوەندە توانای ئەوەی هەبێت پەیوەندی لەگەڵ دەرەوەی خۆی دروست بکات و رێنمایی بۆ چالاکییەکان بدات و سەرپەرشتی کردەکان بکات.

٣ـ تا ئێستا ئەلقاعیدە توانیویەتی تا ساڵی ٢٠٠١ لە ئەفغانستان دووجار و لە سودان بنکە دابنێ، هەروەها توانیویەتی لە چاچانستانیش بنکە دابنێ، لە پاش ساڵی ٢٠٠٣ بەیارمەتی کادیرەکانی لە عێراق بنکەی داناوە.

٤ـ مەرج نییە خودی زەعیمی ئەلقاعیدە لەو بنکانە ئامادەگی هەبێت، دەرکەوتووە پاش ٢٠٠١ بەبێ ئامادەبوونی بن لادن بنکەی ئەلقاعیدە لە زەمینەی گونجاو دروست دەبێت.

- **تۆڕی کۆمەکی — یارمەتی (شبكة الدعم)**

ئایدۆلۆژیای سەلەفیی جیهادی ئیسلامی هێڵی سەرەکییە بۆ دامەزراندن و پێکهێنانی تۆڕی کۆمەك، هیچ مەرج نییە ئەو تۆڕەی لە هەر وڵاتێك دادەمەزرێ و کۆمەکی بۆ ئەلقاعیدە یا هەر رێکخراوێکی دیکە کۆدەکاتەوە و دەنێرێ، خودی ئەندامانی ئەلقاعیدە بن، یان چەکدارانی بن، دەشێ هاووڵاتی یا هەر کەسێکی دیکە تەنها بڕوای بەو ئایدۆلۆژیایە یان بەشێك لە ئامانجەکانی هەبێت، لە ئەڵقەکانی تۆڕی کۆمەکی بەشدار بێت، ئەندامانی ئەو تۆڕە لە کات و شوێنی گونجاو و پێویست کۆدەبنەوە و دەستبەکاری ناردنی پارەو پول و هەندێ رێکخستنی دیکە و پەیوەندی دەکەن.



لە بەهاری (٢٠٠٢) دەزگای هەواڵگری ئیتالی تۆڕێکی فرەوانی کۆمەکی لە باکوری ئیتالیا ئاشکرا کرد، تۆڕەکە لە هەر سێ شاری میلان و فاس و کریمونە چالاکییان دەنواند و بەردەوام پارە و پولیان بۆ ئەنساری ئیسلام لە هەرێمی کوردستانی عێراق و ئەلقاعیدە لە ئەفغانستان دەنارد، هەموو ئەندامانی تۆڕەکەش عەرەب بوون.

- **تیم یا گروپی رفان (طاقم أو مجموعة الخطف)**

بریتین لە کۆمەڵە کەسانێك مەرج نییە ژمارەیان دیاریکراو بێت، تەواوی قۆناغەکانی رفاندنی نهێنی یا ئاشکرا ئەنجام دەدەن. لە نێو خۆیاندا دابەش دەبن بۆ گروپی ئاگادارکردنەوەی خێرا، گروپی پاسەوانیەتی و گروپی جێبەجێکار و گروپی گرەنتی و گروپی بەرپەرچدانەوەی چاودێری و رووبەرووبوونەوە، پێویستە تیمی رفان چەندین مەرجیان تێدا هەبێت لەوانە:

١ـ بەرگەگرتنی بارودۆخی سەخت و تەحەمول کردنی فشاری دەروونی.

٢ـ زیرەکی و چالاکی و خێرا کارکردن.

٣ـ هەڵگرتنی چەکی سووك لە پێناو رفاندن.

- **جەماعەتی ئەبوسەیاف (جماعة أبوسياف)**

ساڵی ١٩٩١ لە بەرەی رزگاریخوازی نیشتمانی (مۆرۆ) - فیلیپین — جودا بۆوە، بە بچووکترین و توندوتیژترین کۆمەڵەی ئیسلامی لە باشوری فیلیپین دەژمێردرێت. زۆربەی چەکدارانی جەماعەتی ئەبوسەیاف لە ئەفغانستان مەشقیان کردووە. سەرەتا (عەبدولرەزاق ئەبوبەکر جەنجەلانی) رێبەرایەتی کردووە، تا لە (١٨ی دیسێمبەر/ کانوونی یەکەمی ١٩٩٨) لە پێکدادانێك لەگەڵ پۆلیسی فیلیپین لە گوندی (لامیتان) لە دوورگەی (باسیلام) کوژرا.

ئامانجی جەماعەتی ئەبوسەییاف ئەوەیە لە رۆژئاوای دوورگەی (مندناو)ی باشوری فیلیپین دەوڵەتێکی ئیسلامی بێنێتەکایەوە، کە زۆرینەی موسڵمانن. کادیرانی جەماعەتی ئەبوسەییاف پەیوەندییەکی بەهێزیان لەگەڵ چەکدار(موجاهید)انی عەرەب هەیە و، لە سەربازگە ناسراوەکانی بن لادن لە ئەفغانستان مەشقیان کردووە.

پاش کوژرانی (عەبدولرەزاق)ی ئەمیری جەماعەتی ئەبوسەییاف، ماوەیەك براکەی بووە جێگرەوەی، دواجار (غالب ئاندانط) بوو بە ئەمیری جەماعەتی ئەبوسەییاف و ژمارەی چەکدارانی ئەو جەماعەتە بە سەدان چەکدار دەژمێردرێت کە لە دوورگەی (باسیلام) و (سۆلۆ) و (تاوی تاوی) لە بەشی باشوری فیلیپین هەن و چالاکییان جاروبار دەگاتە (مانێلا)ی پایتەخت. هەندێ لێکۆڵەری دیکە پێیانوایە ژمارەی چەکدارانی جەماعەتی ئەبوسەییاف خۆی لە هەزار چەکدار دەدات.

جەماعەتی ئەبوسەییاف لە پرۆسەی ئاشتی نێوان حکوومەت و بەرەی مۆرۆ بەشدارییان کرد و داوای دامەزراندنی دەوڵەتێکی ئیسلامیان لە رۆژئاوی فیلیپین کرد. جەماعەتی ئەبوسەییاف وەك هەر رەوتێکی دیکەی سەلەفیی جیهادی کردەی رفاندن و تیرۆرکردن و ئابلۆقەدانی کۆمپانیا و گلدانەوەی دەوڵەمەندان و کارمەندانی رۆژئاوایان ئەنجام داوە. ساڵی ١٩٩٥ گەورەترین هێرشیان ئەنجام دا و شارۆچکەی (ئێبیل)یان لە دوورگەی (مندناو) کردە ئامانج.

جەماعەتی ئەبوسەییاف بەمەبەستی فشار بۆ سەر حکومەتەکەیان گەلێ جاران بە تایبەتی ئەوروپی و ئەمەریکیان لە پێناو بەدیهێنانی داواکارییەکانیان رفاندووە، ساڵی ١٩٩٨ چەندین کردەی رفاندن و هێرشی بۆمبیان ئەنجام دا.

ساڵی ١٩٩٩ چەندین چەکدارانی ئەبوسەییاف پەیوەندییان بە ئەفغانستانەوە کرد و لەوێدا دەستیان بەمەشق کرد، کە خەریك بوو بەهۆی چالاکی ئەوانەوە



شانەکانی مالیزیا و ئەندەنوسیا بکەونە خۆ. بۆیە ئەمەریکا جەماعەتی ئەبوسەییاف واتا لقی ئەلقاعیدەی هەرێمی لە مندناو، بەمەترسی گەورەی زانی، لە ینایری٢٠٠٢ ئەمەریکا سوپای ناردە باشوری رۆژئاوای فیلیپین لە پێناو پاککردنەوەی ناوچەکە و کۆنترۆڵکردنی لە چەکدارانی ئەبوسەییاف، تاکو پێشگری لە ئەلقاعیدە لەو ناوچەیەدا بکات، کە بۆ رۆژئاوا بە تایبەتی بۆ ئەمەریکا شوێنێکی ستراتیژی بوو، هەروەها بەرژەوەندی لێ هەبوو.

- **جەماعەتی ئیسلامی چەکدار لە جەزائیر (جیا)**

جەماعەتێکی ئیسلامی توندڕەوە سەبارەت بە دامەزراندنیان چەند بیروڕایەك لە ئارادایە، لەوانە، یەکێ لە ئەندامانی ئەنجوومەنی شورای جەماعەتی چەکدار ئاماژەی بەوە داوە کە (فادة بن شیحة) ئەفغانی جەزائیری و ئەمیری جەماعەت لە ناوچەی رۆژئاوای جەزائیر لە کتێبەکانی دەڵێ جەماعەتی ئیسلاحی چەکدار لە ساڵی ١٩٨٩ لە شاری پیشاوەر پاش چەندین کۆبوونەوە لەلایەن سعید ئەلقاری و ئەحمەد ئەلود و لەیس ئەلمسیلی دامەزراوە.

کەچی لە لایەکی دیکەوە مەنسور ئەلمیلیانی لە تشرینی دووەم/ نۆڤێمبەری ١٩٩٢ پێشنیاری کردووە کە رێکخستنێکی چەکداری دابمەزرێنن. هەروەها (محەمەد عەلال) ناسراو بە (موح لینفینی) لە هەمان ساڵدا لە سەر پاشماوەی چەند رێکخراوێکی بچووکی دیکەی ئیسلامی، جەماعەتی ئیسلاحی چەکداری دامەزراندووە، لەمەوە بە رەسمی خۆیان راگەیاندووە.

ئامانجی جەماعەتی ئیسلامی چەکدار ئەوەیە رژێمی عەلمانی دەسەڵاتدار لە جەزائیر برووخێنێ و دەوڵەتێکی ئیسلامی لە شوێنی دابنێ، لە پێناو بەدیهێنانی ئامانجەکانی هیچ دانوستان و ئاگربڕ و گفتوگۆیەك لەگەڵ حکوومەتی جەزائیر ئەنجام نادات. ساڵی ١٩٩٢ کە چەکدارە ئەفغانە عەرەبەکانی جەزائیر گەڕانەوە

ولاتی خۆیان ڕۆڵێکی کاریگەریان گێڕا لەو ڕووداوە توندوتیژییانەی کە بە درێژایی دەیەی نەوەدەکانی سەدەی ڕابردوو جەزائیریان نقوومی خوێن کرد.

پاش ئەوەی دەسەڵاتداران ئەنجامی هەڵبژاردنە سەرەتاییەکانی کۆتایی **١٩٩١** یان بەرپەچدایەوە، کە تیایدا بەرەی ئینقازی ئیسلامی بۆ پەرلەمان سەرکەوتنێکی گەورەی بەدەستهێنا، جەماعەتی ئیسلامی زەمینە و بیانووی لەباریان بۆ هەڵکەوت تا دەست بە چالاکی و کاری توندوتیژی بکەن.

لە ساڵی **١٩٩٣** جەعفەر ئەفغانی کە بەشداری جەنگی داگیرکاری سۆڤیەتی لە ئەفغانستان کردبوو، ڕێبەرایەتی جەماعەتی ئیسلامی چەکداری وەرگرت و بەئەمیری ئەو جەماعەتە دەستنیشان کرا. ئەندامانی جەماعەتی ئیسلاحی چەکدار لە عەرەبی ئەفغانی و ئەوانەی لە بۆسنە جەنگابوون سەرباری گەنجانی ناو جەزائیر پێکهاتوون. لاوە توندڕەوەکانی بەرەی ئینقازی ئیسلاحی جەزائیری تا **١٩٩٧** لە نێو باڵی چەکداری بەرە دژی حکوومەت جەنگاون، دواتر بەرەی ئینقاز ئاشتی ڕاگەیاند، ئەوان لە بەرگێکی دیکە دژی حکوومەت جەنگان.

ژمارەی چەکدارانی جەماعەتی چەکدار بە **٢٥** هەزار دەخەمڵێندرا. لە چیاکانی ئەتلەس لە ڕۆژهەڵات و ڕۆژئاوای جەزائیر سەنگەریان گرتبوو و لە سنوورەکانی جەزائیر — مەغریب، هەروەها جەزائیر — تونس و بیابانی ڕۆژئاوا بوونیان هەیە.

جەماعەتی ئیسلامی چەکدار، جەزائیریان کردۆتە سێ ناوچەی سەربازی جودا: ڕۆژهەڵات، ناوەڕاست و ڕۆژئاوا، هەر ناوچەیەك جەماعەتێکی سەربەخۆ بەڕێوەی دەبات، کە جێگری ئەمیر لێی بەرپرسە و هەموویان بە یەك سەرکردایەتییەوە بەستراونەتەوە.

جەماعەتی ئیسلامی چەکدار بۆ خۆشیان لە دوو باڵ پێکهاتوون:

باڵی یەکەم: باڵی جیهانی، کە پێیانوایە پەیامی ئیسلام پێویستی بە شۆڕشێکی سەرتاسەری هەیە.



باڵی دووەم: ناوخۆیی، هەوڵدەدەن، لەناو جەزائیرەوە دەست پێبکەن، بۆیە لە پێناو ڕووخاندنی حکوومەتی جەزائیری تێدەکۆشن تا بەڕێگەی کودتا یا ڕێگەی ڕابوونی ئیسلامی، جەزائیر بکەنە دەوڵەتێکی ئیسلامی.

جەماعەتی ئیسلامی کۆمەکی دارایی و لۆجستی بە پلەی یەکەم لەو جەزائیرییانە پێ دەگات کە لە دەرەوەن، بە تایبەتی ئەوانەی لە ئەوروپان، سەرباری ئەوەی پەیوەندی بەهێزیان بە کۆمەڵەو هاوبەند و ڕێکخراوە ئیسلامییە خێرخوازەکانیشەوە هەیە.

شێخ (عەبدولحەق عیایدە) کە یەکێ لە دامەزرێنەران و ڕێبەرانی جەماعەتە، سەرەتا فەتوایەکی دەرکرد، تیایدا تەواوی سەرانی حکوومەت و دەوڵەتی جەزائیری تەکفیرکرد، هەروەها هەموو ئەوانەشی تەکفیر کرد کە مامەڵەی لەگەڵ دەکەن و دژی نین. لەمەوە لە سەرەتاکانی نەوەدەکانی سەدەی ڕابردووەوە جەزائیر خەڵتانی خوێن بوو. جەماعەتی ناوبراو دەستیان بەکاری توندوتیژی کرد، هەروەها ئەو دەوڵەتانەشیان کردە ئامانج کە ڕاستەوخۆ پشتگیری و کۆمەکی حکوومەتی جەزائیریان کرد، لەبەر ئەوەی ئەمەریکا و ئەڵمانیا مافی پەنابەرێتیان بە هەندێ لە سەرکردەکانیان دابوو، لە دژی ئەو دوو وڵاتە توندوتیژیان ئەنجامدا، بەڵام بەپلەی یەکەم لە دەرەوەی جەزائیر فەرەنسایان کردە ئامانج، چونکە پاڵپشتی یەکەمی حکوومەتی جەزائیر بوو.

لەگەڵ ئەوەی ئامانج و پەیڕەوی ناوخۆی جەماعەتی ئیسلامی چەکدار و سوپای ئینقازی ئیسلامی - باڵی سەربازی بەرەی ئینقاز - لەیەك دەچن، کەچی پەیوەندییان زۆر خراپە، سوپای ئینقاز هەندێ لە کردەوە توندوتیژییەکانی جەماعەتی مەحکوم کردووە، لەلایەکی دیکەوە هەردووکیان ڕوانگەی جیاوازیان هەیە، سەرانی بەرەی ئینقاز پاڵپشتی لە دیالۆگ لەگەڵ حکوومەت دەکەن، کەچی جەماعەتی ئیسلامی چەکدار، نەك هەر دیالۆگ قەبووڵ ناکەن، بەڵکو چەندین کەس لە سوپا و بەرەی ئینقازیان تیرۆر کردووە.

کاره توندوتیژی و بێ دانوستانەکانی جەماعەت لە جەزائیر زەمینەیەکی لە باری بۆ حکوومەت رەخساند تا بەهۆیەوە بتوانێ نەیارەکانی لەناو ببات و لەلایەکی دیکەوە رووکاری ئیسلامیەکانی دیکە بشێوێنێ، سەرباری ئەوەی دەنگۆش هەبوو، کە دەزگای سەربازی و هەواڵگری جەزائیری نایەوێ تاسەر و بەیەکجاری توندوتیژی لەناو بچێت، بۆیە لە هەندێ کاری توندوتیژی پیاوانی سوپا و دەزگای هەواڵگری دەستیان هەیە، یاخود رێگەیان بۆ خۆش دەکەن.

ئەندامانی جەماعەت سەرباری ئەوەی لە جەزائیر لە چالاکی دان، هەروەها پەیوەندی توندوتۆڵیان بە رەوتەکانی دیکەی سەلەفیی جیهادییەوە هەیە. ئەندامانی ئەوروپایان و بگرە هەندێ لە ئەندامانی بەرەی ئینقازی ئیسلامی بەشێوەیەکی نهێنی کاریان بۆ ئەلقاعیدە کردووە و لەگەڵ شانەکانی دیکەی ئەلقاعیدە لە عێراق و سعودیە و یەمەن و ئوردن و میسر لە رێکخستن دان و ئەندامانیشیان چەکداریان بۆ عێراق ناردووە و هەندێکیان لە عێراق لە دژی ئەمەریکا جەنگاون.

جەماعەتی ناوبراو چەندین چالاکی توندوتیژیان ئەنجام داوە لەوانە:

- رفاندنی چەند ئەندامێکی باڵیوزخانەی فەرەنسا لە جەزائیر لە ساڵی ١٩٩٣دا.
- هەوڵی تیرۆرکردنی ژەنەراڵ (خالید نەزار) وەزیری پێشووی بەرگری جەزائیر لە هەمان ساڵدا.
- کوشتنی دوازدە کرواتی لە جەزائیر.
- تیرۆرکردنی چەندین رۆژنامەنووس و بیرمەند و سیاسەتمەداری ئۆپۆزسیۆنی جەزائیری لە ساڵی ١٩٩٣.
- کوشتنی چەندین رۆژنامەنووسی بێگانە لە جەزائیر.
- ئەنجامدانی چەندین هێرش بۆ سەر خەڵکی مەدەنی، لەوانە لە ٣١ی دیسێمبەری ١٩٩٧ چوارسەد هاووڵاتییان لە شارۆچکەیەك کوشت کە (١٥٠) میل لە خوارووی رۆژئاوای جەزائیری پایتەختە، ئەو هاووڵاتییانەش لە ئینتمای



سیاسی بەدەربوون. ئەم کارەشیان تەنها لە پێناو راگەیاندنی زیاتری ترس و تۆقاندن بوو.

هەروەها لە دەرەوەی جەزائیریش چالاکییان ئەنجام داوە، لەوانە:

- لە دیسێمبەری ١٩٩٤ فڕۆکەیەکی سەر بەهێڵی ئاسمانی فەرەنسا کە بەرەو جەزائیر دەچوو، رفاند.
- تەقاندنەوەی میترۆیەك لە پاریس لە (٢٣)ی دیسێمبەری ١٩٩٦، لە ئەنجامدا چوارکەس کوژران و هەشتی دیکەش بریندار بوون.

### • جەماعەتی جیهادی ئیسلامی لە میسر

جەماعەتی جیهادی ئیسلامی لە میسر گەلێ ناوی دیکەی هەیە، لەوانە: جیهادی ئیسلامی، جیهادی ئیسلامی میسری، جیهاد، جەماعەتی جیهاد و جەماعەتی ئیسلامی. جەماعەتی جیهادی ئیسلامی جەماعەتێکی توندڕەوی ئیسلامی چەکدارە، لە پێناو دامەزراندنی دەوڵەتێکی ئیسلامی لە میسر تێدەکۆشی، لە سەر هەمان هێڵی رەوتی سەلەفیی جیهادی دایە، لە دژی هەموو دەزگایەکی مەدەنی لە میسر و لە دژی بەرژەوەندییەکانی ئەمەریکا و ئیسرائیل لە میسر و لە دەرەوەی میسر کار دەکا.

جەماعەتی جیهادی ئیسلامی لە میسر لە کۆتایی شەستەکان و سەرەتای حەفتاکانی سەدەی رابردوو دامەزراوە، بەڵام وەنەبێ وەکو رێکخراوێك خۆی راگەیاندبێت، بەڵکو وەکو دیاردەیەك دەرکەوتووە. ئەیمەن زەواهیری ئاشکرای دەکا، پاش لە سێدارەدانی سەید قوتب لە ساڵی ١٩٦٦ ئیسلامییەکانی میسر رابوون و دەستیان بە رێکخستن کرد، زەواهیری خۆشی لە ساڵی ١٩٦٨ لە شانەیەکدا دەستی بەکاری جیهادی ئیسلامی کرد.

ئەنوەر سادات سەرۆكی میسر ساڵی **١٩٧١** زۆربەی زیندانیە سیاسییە ئیسلامییەكانی ئازاد كرد، ئەمەش بواری رەخساند تا چەندین جەماعەت و شانەی چەكدار خۆیان رێكبخەن و دەست بەكاربكەن، لەوانە حزبی رزگاریخوازی ئیسلامی، جەماعەتی تەكفیر و هیجرە و دەربازبووان لە ئاگر و جیهاد و جەماعەتی ئیسلامی، ئەو جەماعەت و رێكخستنانەش هەریەكە بەجودا و سەربەخۆ كاریان دەكرد، هەرچەندە زەمینەی هاتنەئارایان هاتەكایەوە، بەڵام بەگوێرەی پێویست رێكخراو نەبوون و بەجودا كاریان دەكرد، لەگەڵ ئەمانەش رێبەران و سەرانی جەماعەتەكان لەگەڵ یەكدیدا پەیوەندی بەهێزیان هەبوو، چونكە هەموویان كۆك بوون لەسەر ئەوەی دەبێت لە میسر حكوومەتی ئیسلامی دامەزرێنن، هەروەها هەموویان بەیەك روانگەی سەلەفیی جیهادییەوە بەسترابوونەوە.

پەیمانی ئاشتی میسر — ئیسرائیل لە ساڵی **١٩٧٩**، تەواوی ئیسلامییەكانی نیگەران و تووڕە كرد، بەو پێیە ئەنوەر سادات بووە كەسێكی نزیك لە ئەمەریكا، بۆیە ئیسلامییەكان لە پاڵ چەند رەوتێكی سیاسی دیكە، ئەمەیان بەشكستی ناوخۆ و خیانەت لەگەڵ دەرەوە لێكدایەوە. لەلایەكی دیكە سادات خۆی یارمەتی ئەفغانە عەرەبەكانی دا، پاش هەندێ چالاكی مەترسیداری جیهادی ئیسلامی لە ناوەڕاست و كۆتایی حەفتاكانی سەدەی رابردوو لە میسر، سادات هێشتا هێندە بەمەترسی نەدەزانین، دواتر لە سەرەتای هەشتاكان ئیسلامییەكانی میسر بۆ جەنگ (جیهاد) چوونە ئەفغانستان، سەرباری ئەوەی لە دژی سۆڤیەت دەجەنگان، لەوێوە نەخشەو پلانیان بۆ نێو میسر دادەڕشت.

لە تشرینی یەكەمی/ ئۆكتۆبەر **١٩٨١** جەماعەتی جیهاد توانیان دزە بكەنە نێو سوپای میسر، خالید ئیسلامبۆلی لە نمایشی سوپاییدا، ئەنوەر ساداتی تیرۆر كرد، ئەمەش توانا و هێزی ئیسلامی چەكداری لە میسر سەلماند، كە دەتوانن گورز لە حەساسترین مەركەزی دەسەڵاتدار بوەشێنن.



لە سەرەتای حوكمی دەسەڵاتدارییەتی حوسنی موبارەك بەشێوەیەكی كاتی چالاكی و كردەوەی توندڕەوی ئیسلامی خامۆش بوو، حوسنی موبارەك هەڵمەتێكی بەرفرەوانی بۆ دەستگیركردنیان دەست پێكرد، كەچی لەگەڵ ئەمانەش هێندەی پێنەچوو دەستیان بەچالاكی كردەوە، هۆكاری ناوخۆو دەرەوەی میسر رۆڵی كاریگەریان لە چالاكی جیهادی ئیسلامی گێڕا، دواجار ئەمانەش وایكرد حكوومەتی میسر لە دژی تەواوی ئیسلامییەكان جەنگ رابگەیەنێت.

جەماعەتی جیهادی ئیسلامی گەلێ چالاكییان ئەنجام داوە، كە گرنگترینیان ئەمانەن:

- تیرۆركردنی (ئەنوەر سادات)ی سەرۆكی میسر لە ساڵی **١٩٨١**.
- هەوڵی تیرۆركردنی (زەكی بەدر)ی وەزیری ناوخۆی میسر لە ساڵی **١٩٨٩**، حكوومەتی میسر دواتر رایگەیاند، كە ئەنجامدەرانی ئەو هەوڵە لە سەربازگەكانی چەكدارانی عەرەب لە ئەفغانستان مەشقیان كردووە.
- تیرۆركردنی (دكتۆر رەفعەت مەحجوب)ی سەرۆكی ئەنجوومەنی گەلی میسر لە ئۆكتۆبەری/ تشرینی یەكەمی **١٩٩٠** دا.
- هەوڵی تیرۆركردنی (عاتف سدقی) سەرۆك وەزیرانی پێشووی میسر لە هەمان ساڵدا.
- هەوڵی تیرۆركردنی (حوسنی موبارەك)ی سەرۆكی میسر لە حوزەیرانی/ یۆنیۆ **١٩٩٥**، حكوومەتی میسر (مستەفا حەمزە)ی رێبەرێكی جیهادی میسری تاوانبار كرد بەوەی كە لە خاكی سودانەوە ئەیمەن زەواهیری و ئوسامە بن لادن بەرنامەی تیرۆركردنی حوسنی موبارەكیان داڕشتووە، پاش ئەوە میسر بە تەواوی بەرامبەر سودان هەڵوێستی گۆڕا و رێگەی بە ئۆپۆزسیۆنی سودانیدا لە قاهیرە بارەگا بكەنەوە.

- تەقاندنەوەی باڵیوزخانەی میسر لە ئیسلام ئاباد لە ساڵی ١٩٩٥، دواتر زەواهیری سەبارەت بە شەرعیەتی ئەو کردەیە نامیلکەیەکی بڵاوکردەوە.

- نەخشەکێشان بۆ هێرش کردنە سەر باڵیوزخانەی ئەمەریکا لە ئەلبانیا، بەڵام بەر لەوەی هێرش بکرێ، ئەنجامدەرانی گیران.

سەرباری دەیان تەقینەوە و کردەوەی خۆکوژی و چالاکی دیکە لەناو میسر لە دژی ئەتنیکەکانی دیکەو پیاوانی پۆلیس و دەزگای هەواڵگری و گەشتیارانی بێگانە لە میسر، کە بەوردی شوێنە گەشتوگوزارییەکان دەکەنە ئامانجی خۆیان و زیانی گەورەیان لەو کەرتە داوە.

هەرچەندە رێکخستنەکانی جیهادی ئیسلامی میسری لە ئەفغانستان لە سەربازگەکاندا تایبەتمەندی خۆیان پاراستبوو، بەڵام رەوتی سەلەفیی جیهادی وایکردبوو لە نێو رێکخستن و بوارەکانی دیکەدا چالاك و بڵاوببنەوە، بۆیە بەر لەوەی بەرەسمی بەرەی جیهادی جیهانی رابگەیەنن، لە زۆر شوێن دەستیان بە چالاکی کرد و لەگەڵ بزووتنەوە و جەماعەتەکانی دیکە کەوتە پەیوەندی توندوتۆڵ، ئەمەش دەرگای لەبەردەم ئەوە کردەوە لەگەڵ رێکخراوی ئەلقاعیدە، دوو گەورەترین رێکخراوی رەوتی سەلەفیی جیهادی پێکبێنن، بۆیە رێژەی میسرییەکان لە رەوتی سەلەفیی جیهادی دا لە رێژەی جەزائیری و یەمەنیەکان زیاترە و بەشێکی زۆر پێکدێنێ.

ئەندامانی جەماعەتی جیهاد بەنهێنی لە میسردا هەن و بەشێوەی شانە شانە دابەش بوون، هەروەها لە دەرەوەی میسر بەئاشکرا و بەنهێنی هەن، زۆربەی ئەندامانیان لە یەمەن و ئەفغانستان و پاکستان و سودانن، هەروەها لە لوبنان و ئەمەریکاش هەن و ژمارەشیان بەهەزاران ئەندام دەبێت، گەلێکیان لە دروست کردنی شانەی نوێ لە ئەوروپا بەشدارییان کردووە، یاخود بەهاوکاری رێکخراوی دیکە هەر بەنهێنی چالاکییان ئەنجام داوە، محەمەد عەتا کە خۆی لە یەکێك لە تاوەرەکانی بازرگانی جیهانی لە نیویۆرك دا، ئەندامی جیهادی ئیسلامی بوو.



لە ئۆکتۆبەری ١٩٩٣ دا هەشت سەد ئەندامی جەماعەتی جیهاد لە قاهیرە دەستگیر کران، هەروەها سەد و هەشت ئەندامی دیکەشیان پاش ئاشکرابوونی هێرش بۆ سەر بالیۆزخانەی ئەمەریکا دەستگیرکران و درانە دادگا.

هەرچی رێبەرایەتی جەماعەتی جیهادە، لە زۆربەی گروپ و جەماعەتە ئیسلامییەکان پێکهاتووە، کە لە ساڵی ١٩٧٩ لەژێر سەرکردایەتی عەبدولسەلام فەرەج یەکیان گرت، پاشان ئەمانە لەگەڵ بزووتنەوەی جیهاد بەسەرکردایەتی شێخ عومەر عەبدولرەحمان یەکیان گرت، بەڵام سەبارەت بە شێخ عومەر عەبدولرەحمان گەلێ گفتوگۆ هاتەکایەوە کە چۆن جەماعەتی جیهاد بەڕێوەببا؟! دواتر تاساڵی ١٩٩٢ سەید ئیمام عەبدولعەزیز سەرکردایەتی جەماعەتی جیهادی کرد، ئینجا رەفاعی تەها تا ساڵی ١٩٩٧ رێبەرایەتی کرد، تا ئەو کاتەی ئەیمەن زەواهیری سەلماندی کە دەتوانێ رێبەرایەتی لە ئەستۆ بگرێت.

- **خانەی ئەنسار (بیت الأنصار)**

لە ساڵی ١٩٨٤ لە شاری پیشاوەری پاکستان لەلایەن ئوسامە بن لادن دروست کرا، خانەی ئەنسار لە تەك نووسینگەی خزمەتگوزاری، یەکەم دەزگا بوو کە پێشوازی لە لاوانی عەرەب کرد، تا لەوێوە رەوانە سەربازگەکانی نێو ئەفغانستان بکرێن و دواتر بچنە بەرەی جەنگ دژی داگیرکاری سۆڤیەت لە ئەفغانستان.

خانەی ئەنسار لە رووی بەڕێوەبردنەوە سادە بووە، هەر تەنها لاوانی بۆ سەربازگەکانی فاروق و ئەبوبەکر سەدیق و هی دیکە دەنارد.

- **دەزگای ئەمنی ناوخۆ (جهاز الامن الداخلی)**

ئەو کاتەی ئەلقاعیدە لە ئەفغاستان بووە لەلایەن محەمەد موسا بەڕێوەبراوە و سەربە رێکخراوی ئەلقاعیدەیە، رۆژئاوا پێیوایە کاری ئەوەیە سەرانی فەرماندە سەربازییەکانی ئەلقاعیدە هەڵدەبژێرێ، هەروەها ئەلقاعیدە لە مەترسی دەرەوە و دزەکردنی جاسوس دەپارێزێ.

- **دەزگای بەرەکات (مؤسسة البركات)**

بانکێکی سۆمالییە لە شاری دوبەی، کار ئاسانی ناردنی پارەی بۆ ئەلقاعیدە ئەنجام داوە، بەپێی لێکۆڵینەوەی بەرپرسانی ئەمەریکا پاش ١١ی سەپتێمبەری ٢٠٠١ ئەلقاعیدە ساڵانە نزیکەی بیست ملیۆن دۆلاری وەکو رەسم لە چالاکی بانکی دەزگای بەرەکات بەدەست هێناوە، بەڵام بانکی بەرەکات پێی دادەگرێ لەسەر ئەوەی هیچ نەیزانیوە ئەلقاعیدە لە مامەڵەی بانکی بەرەکات چالاکی هەبێت.

- **سەربازگەی ئەبوبەکری سدیق (معسکر ابوبکر الصدیق)**

یەکێکە لە بەناوبانگترین سەربازگەکانی ئەفغانی عەرەب، کە لە شاری (خوست)ی ئەفغانستان لە ساڵی ١٩٨٦ لەلایەن خودی ئوسامە بن لادنەوە دامەزرابوو، بە هەزارەها چەکدارانی وڵاتانی عەرەبی و جیهانی ئیسلامی مەشقیان لێ ئەنجام داوە. رۆڵی کاریگەری لە هەڵمەتی جیهادی ئەفغانی گێڕاوە، وەکو سەربازگەکانی دیکە، سەرباری ئەوەی مەشقی سەربازی و شەڕی بەرەیی و شەڕی پارتیزانی و ڕفاندن و تیرۆری لێ ئەنجام دراوە، هەروەها مەشقی لەش بەهێزکردن و شوێنی تەلەقینی ئایدۆلۆژیای رەوتی سەلەفیی جیهادی جیهانی بووە، کە بڕبڕەی رێکخستنی ئەلقاعیدەیە.

لە ساڵی ٢٠٠١ لەگەڵ هێرشی ئەمەریکا بۆ سەر ئەفغانستان، ئەمەریکا سەربازگەکانی ئەفغانی عەرەبی بۆردوومان کرد، دواتر لەگەڵ نەمانی تاڵیبان لە دەسەڵات، سەربازگەکە تالان کرا.



- **سەربازگەی خالدین (معسکر خالدین)**

لە باشوری ئەفغانستان لەلایەن خودی عەبدوڵڵا عەزامەوە لە ساڵی ١٩٨٨ دامەرزاوە، ئەو چەکدارانەی لەو سەربازگەیە مەشقیان پێدراوە، مەرج نییە سەر بە رێکخستن یا هەر رەوتێکی دیکەی توندڕەوی ئیسلامی بن.

سەربازگەی خالدین لەلایەن ئەلفاخری کە کوڕی شێخێکی لیبییە بەرێوەبراوە، ناوبراو یەکێ بووە لە نزیکترین کەسەکانی عەبدوڵڵا عەزام.

لەو سەربازگەیەدا مەشق لەسەر تەواوی چەك و تەقەمەنی و مەشقی جەستە کراوە و، چەندین خولی زانستی شەرعی بۆ تەلقینی ئایدۆلۆژی چەکداران کراوەتەوە. لە سەربازگەی خالدین چەندین کادیری لێهاتوو و پێشکەوتووی ئەلقاعیدە هەموو جۆرە مەشقێکیان ئەنجام داوە، لەوانە زەکەریا ئەلموسەوی مەغریبی و ئەحمەد رەسام ئەلجەزائیری.

پاش گەڕانەوەی بن لادن و هاوڕێکانی بۆ ئەفغانستان دووبارە لە شوێنی جارانی ئاوەدانکرایەوە، چەکدارانی عەرەب و کورد و کەشمیر و چاچانستان و ئۆزبەکستان لەوێدا مەشقیان کردووە. لەگەڵ هێرشی ئەمەریکا بۆ سەر ئەفغانستان لە ساڵی ٢٠٠١ سەربازگەکەش وێران و تالان کرا.

- **سەربازگەی فاروق (معسکر الفاروق)**

سەربازگەیەکە لە ساڵی ١٩٨٦ لە ئەفغانستان دامەزراوە، ئوسامە بن لادن راستەوخۆ سەرپەرشتی کردووە. سەرباری مەشقی جەستە و راهێنان لە سەر چەك و تەقەمەنی، خولی تەلقینی ئایدۆلۆژیای سەلەفیی جیهادی لێگوتراوەتەوە یوسف ئەلعەییری ئەمیری ئەلقاعیدەی جیهاد لە نیمچە دوورگەی عەرەب زۆرترین موحازەرەی لێ گوتۆتەوە.

- **سریەی سەعد کوڕی مەعاز (سرية سعد بن معاذ)**

سەر بە ڕێکخستنی ئەلقاعیدەی جیهادە لە وڵاتی رافیدێن، لە شاری بەغدا و دەوروبەری چالاکییان ئەنجام داوە، لە (٢٠٠٥/٢/٢١) لە سەر ڕێگای بلەزی دۆرە لە بەغدا هێرشیان کردۆتە سەر کەژاوەیەکی گەورەی سوپای ئەمەریکا.

- **سریەی فاروق (سرية الفاروق)**

سەر بە ڕیکخستنی ئەنساری سوننەیە کە ئەلقاعیدە لە عێراق بەڕێوەی دەبات، سریەی فاروق لە پارێزگای کەرکوك لە دژی سوپای ئەمەریکا و عێراق چالاکی ئەنجام داوە.

- **سریەی فورسان (سرية الفرسان)**

سەر بە ڕێکخستنی سوپای ئەنساری سوننەیە، کە ئەلقاعیدە لە عێراق بەڕێوەی دەبات، سریەی فورسان لە پارێزگای کەرکوك و دەوروبەری چالاکییان ئەنجام داوە، لە (٢٠٠٥/٧/٢٠ز — ١٦/جمادي الآخر/١٤٢٦ك) لە حەویجە هامەرێکی ئەمریکییان تەقاندۆتەوە.

- **سریەی قاسم (سرية القاسم)**

سەر بە ڕیکخستنی ئەلقاعیدەی جیهادە لە وڵاتی رافیدێن. لە ناوچەکانی عەرەبی سوننەنشین لە عێراق چالاکییان ئەنجام داوە، ناوی (قاسم)یش یەکێکە لە ئەندامانی کوژراوی ئەلقاعیدە. لە (٢٠٠٥/٧/٢٣ز — ١٥/جمادي الآخر/١٤٢٦ك) لە ڕەزوانیە لە ڕۆژئاوای بەغدا هێرشیان بۆ کەژاوەی سوپای ئەمەریکا بردووە.



- **سریەی قەعقاع (سرية القعقاع)**

سەر بە ڕێکخستنی ئەلقاعیدەی جیهادە لە وڵاتی رافیدێن. چەندین چالاکییان لە عێراق ئەنجام داوە، لە بەیاننامەیەکدا لە ڕێکەوتی (٢٠٠٥/٧/١١ز — ٤/جمادي الآخر/١٤٢٦ك) بیست گاردی نیشتمانی عێراقییان لە ناوچەی خالیس کوشتووە.

- **سریەی محەمەد کوڕی موسلیمە (سرية محمد بن مسلمة)**

سەر بە ڕێکخستنی ئەلقاعیدەی جیهادە لە وڵاتی رافیدێن، لە بەغدا و دەوروبەری چالاکییان ئەنجام داوە، لە (٢٠٠٥/٧/٢٢ز—١٤/جمادي الآخر/١٤٢٦ك) لە ناوچەی سیدیە چەندین گاردی نیشتمانی عێراقییان کوشتووە.

- **سریەی موجاهیدین (سرية المجاهدين)**

سەر بە ڕێکخستنی ئەلقاعیدەی جیهادە لە وڵاتی رافیدێن، ئەندامانی ئەو سریەیە شارەزایی تەواویان لە شەڕی پارتیزانی هەیە، لە هەردوو ساڵی (٢٠٠٤-٢٠٠٥)دا لەناو جەرگەی موسڵ و دەوروبەریدا بە تایبەتی تەلەعفەر لەگەڵ سوپای ئەمەریکا جەنگاون.

- **سرییەکانی ئەلبانیای سەر بە ئەلقاعیدە (سرايا الالبانية التابعة للقاعدة)**

لێکۆڵەرانی ڕۆژئاوا لەو بڕوایەدان ئەلقاعیدە بەرنامەڕێژی کردووە بۆ ئەوەی چەندین ڕێکخستنی جودا جودا لە شێوەی سریە لە ئەلبانیا دامەزرێنێ، ئەمەش سەرەڕای ئەوەی شوێنێکی گونجاو بووە تا لەوێوە پەل بهاوێن، چونکە لە ناوچەی چالاکییەکانیان نزیك بووە و ئەورووپای بە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست بەستۆتەوە.

هەروەها جەماعەتی جیهادی ئیسلامی میسری لێبووە، لەوانەوە ئەو سریانە دروستکراوە تا بتوانن لەوێوە چالاکی لە ناوچەکە بنوێنن بەتایبەتی لە نەوەدەکانی سەدەی بیستەم کە لە بۆسنە و هەرزەگۆڤینیا ململانێ لە ئارادا بوو، گەلێك لە ئەفغانە عەرەبەکانیش لەوێوە بۆ بەرەی جەنگی ناوخۆی یوگسلافیای پێشوو رەوانە کراون.

ساڵی ١٩٩٨ ئەو سریانە پلانیان دانا تا لە تیرانای پایتەختی ئەلبانیا هێرش بکەنە سەر باڵیوزخانەی ئەمەریکا، بەڵام دواجار بەهۆی کاری چاودێری موخابەراتی، ئەو هەوڵەی هێرش بۆ سەر باڵیوزخانەکانی ئەمەریکا ئاشکرابوو، گەلێ لە ئەندامانیان دەستگیرکران. ئەمەریکا ئەندامانی ئەو سرییەی تەسلیم بە میسر کردەوە، لە بەرامبەر ئەوەدا ئەلقاعیدە پەیمانیدا تۆڵە لە ئەمەریکا بسێنێتەوە.

ئاژانسی کۆمەکی جیهانی سێیەم رۆڵێکی سەرەکی و گرنگی هەبوو لە دروستکردن و دامەزراندنی ئەو سریانە.

- **سوپای ئیسلام (الجیش الاسلامی)**

ئوسامە بن لادن ساڵی ١٩٨٩ بەو سوپایەی لە ئەفغانستان لە موجاهیدان و چەکداران پێکهاتووە گوتووە، هەندێك لەوانە سەرەتا لەگەڵ عەزام بوون، بەڵام کاتێ ناکۆکیان لە نێوان دروست بوو، لەبەر بیروباوەڕی توندڕۆیانەی دایانە پاڵ ئوسامە، هەروەها لە سەرەتاشدا بە ئەلقاعیدە گوتراوە، بەڵام ناوی سوپای ئیسلام بەرەسمی بەکارنەهاتووە. دەتوانین لەبارەی سوپای ئیسلام ئەم سەرنجانە بخەینەڕوو:

یەکەم: چەمکی سوپای ئیسلام چەمکێکی گشتگیر و فرەوانی هەیە، تەواوی ئەو رەوتانەی کاری چەکداری و پارتیزانی و خۆکوژیان ئەنجام داوە، خۆیان پێ سوپای ئیسلامە.



دووەم: لە سەرەتای سەرهەڵدانی ئایینی ئیسلام، بە واتا لە رووی مێژووییەوە سوپای ئیسلام پەیامی ئیسلامی بڵاوکردۆتەوە، کەچی ئێستا هەوڵەکانی رەوتی سەلەفیی جیهادی ئیسلامی لە پێناو پاراستنی قەوارە و جوگرافیای ئیسلامە، بۆیە لەم سەردەمەدا جیهاد لە هەموو مەسەلەکان گرنگترە، بۆیە جیهاد ناوی سوپای ئیسلامی داپۆشیوە.

سێیەم: دەکرێ ناوی سوپای ئیسلام بە رەسمیش بەکار بێت، چونکە سەرباری ئەوەی رێکخراوەکانی ئەلقاعیدە باڵی سەربازییان هەیە، رێکخراوی دیکە هەن بە ناوی سوپای ئیسلام کار دەکەن. لەوانە سوپای ئیسلامی لە عێراق.

چوارەم: ناونان لە رێکخراوەکانی سەر بە رەوتی سەلەفیی جیهادی ئیسلامیدا کارێکی ئاسانە، بۆیە ناوی سوپای ئیسلامیش دەچێتە نێو ئەو هاوکێشەیە، دەکرێ ماوەیەك بەکار بێت و رێکخراوێك یان گروپێك لە خۆی کۆبکاتەوە، دواتر بە پێی گۆڕانکارییەکان و چالاکییان ناو دیکە شوێنی بگرێتەوە.

- **سوپای عەدەن (ئابین)ی ئیسلامی**

گەلێ لە چەکدارانی یەمەنی لە دژی داگیرکاری سۆڤیەت روویان لە ئەفغانستان کرد، لە سەربازگەکانی نێو ئەفغانستان و پیشاوەر جێگەی تایبەت بە خۆیان هەبوو. (شێخ عەبدولمەجید ئەلزندانی) لە دیارترین و ناسراوترین ئەفغانی عەرەبی یەمەنییە، کە لە بواری بانگەوازی جیهادی ئیسلامی دا رۆڵێکی کاریگەری هەبوو.

پاش ئەوەی سۆڤیەت ئەفغانستانی جێهێشت چەکدارانی یەمەنی لە ساڵی ١٩٩٢ زۆربەیان گەڕانەوە وڵاتی خۆیان و لە ململانێ و شەڕی ئەهلی نێوان یەمەنی باکوور و باشوور رۆڵی کاریگەریان گێڕاو دایانە پاڵ حکومەتی عەلی

عەبدوڵڵا ساڵح، و هەندێ لە سەرکردە سۆسیالیستەکانی یەمەنی باشوریان تیرۆر کرد، چونکە بەلایەنگیری بۆ دەستێوەردانی سۆڤیەت لە ئەفغانستان تۆمەتباریان کردبوون.

(تاریق ئەلفەزل) ناسراوترین چەکداری مەیدانی ئەفغانە عەرەبە یەمەنییەکانە، دواجار وازی لە کاری چەکداری هێنا و دایە پاڵ حزبی کۆنگرەی گەلی دەسەڵاتدار لە یەمەنی باکوور. لە ڕاستیدا مێژووی دەرکەوتنی سوپای عەدەنی ئیسلامی لە یەمەن زۆر ئاڵۆزە، چونکە چەکدارانی ئەفغانی عەرەب لە یەمەن بەر لەوەی خۆیان رابگەینن وەکو ڕێکخراوێك، لە هەموو چالاکییەك لە دژی هێڵی فیکری خۆیان بەشێوەیەك لە شێوەکان بەشدارییان کردووە، بۆیە ئەنجامدانی چالاکی لە چوارچێوەی ڕێکخراوێکی سەر بەهێڵی سەلەفیی جیهادی نەبووە، بەڵکو زیاتر لە رووی ئایدۆلۆژی و فیکرییەوە کاری توندوتیژیان ئەنجام داوە.

گروپ گروپ یان کۆمەڵ کۆمەڵ بەجودا ڕێککەوتوون و کردەی توندوتیژیان ئەنجام داوە، بۆیە مێژووی دامەزراندنیان لە پاش مێژووی چالاکییان دایە، ئەمەش تەمومژو ئاڵۆزی دروست کردووە.

سەرەتا وەکو سوپایەکی کۆك و ڕێکخراو لە پڕ لە ناوەڕاستی ١٩٩٧ هاتنە گۆڕەپانەوە، لە ڕێکەوتی ٢٩ ئایاری/ مایۆ ١٩٩٨ یەکەم بەیاننامەیان بڵاوکردەوە، پاشان کۆمەڵێك بەیاننامەی سیاسی و ئاینی دیکەی سەبارەت بە کاروباری یەمەن و نێو دەوڵەتی بەدوادا هات.

حکوومەتی یەمەن چەند مانگێك دوای یەکەم بەیاننامە دانی بەوە دانەدەنا کە سوپای عەدەن بوونی هەبێت، بۆیە لە سەرەتای ١٩٩٩ دا بەنهێنییەوە پەیوەندی بە (زەین ئەلعابدین ئەبوبەکر ئەلمحزار)ی ئەمیری سوپای عەدەن کرد، ئامانجی حکوومەتیش ئەوە بوو، بۆخۆی رایانکێشی، هەروەك چۆن پێشتر سەرکردەیەکی ئەفغانی عەرەبی یەمەنی لەخۆ گرتبوو، بەڵام (زەین ئەلعابدین) بەداواکارییەکانی حکوومەت رازی نەبوو، دواجار گفتوگۆ نهێنییەکان شکستی هێنا. حکوومەت



بڕی ملیۆنێك ریالی یەمەنی تەرخان کرد بۆ هەر کەسێك هەر زانیارییەك لەسەر (زەین ئەلعابدین) بدا، کە ببێتە هۆی دەستگیرکردنی.

هێڵی فیکری سوپای عەدەن وەکو هەر رەوتێکی دیکەی سەلەفیی جیهادی جیهانییە، بڕوای وایە دەبێت جەزیرەی عەرەب لە بێگانەی ناموسڵمان پاك بکرێتەوە و حکوومەتێکی ئیسلامی یەکگرتوو بێتە کایەوە و لە هەموو شوێنێکی گۆی زەوی گورز لە بەرژەوەندی ئەمەریکا و ئیسرائیل بوەشێندرێ، سوپای عەدەن پەیوەندی توندوتۆڵی لەگەڵ ڕێکخستنەکانی دیکەی سەلەفیی جیهادییەوە هەیە، سەرباری ئەوەی زۆربەی چەکدارانی یەمەنین، چەکداری میسری و جەزائیری و تونسی لە ریزەکانیدا بەرچاو دەکەون و پەیوەندی بەهێزیان لەگەڵ سەرکردە و ڕێبەری ڕێکخراوە جیهادییە ئیسلامییەکانی دیکەی عەرەب هەیە.

سوپای عەدەن لە ئابی/ ئۆگوستۆس ١٩٩٨ لە بەیاننامەیەکدا رایگەیاند کە هەردوو هێرش بۆ باڵیۆزخانەی ئەمەریکا لە (تەنزانیا و دارئەلسەلام) کارێکی جیهادییە و هەر پاڵەوانانی جیهاد دەتوانن ئەو کردەوەیە ئەنجام بدەن. هەروەها لە هێرشی ١١سێپتەمبەر/ ئەیلولی٢٠٠١ بۆ سەر ئەمەریکا، لەو نۆزدە خۆکوژەی بەفڕۆکە خۆیان تەقاندەوە، خۆکوژی یەمەنی تێدا بوو، لەوانە (خالید ئەلمحزار) سەرۆکی شانەی خۆکوژی ئەو تیمە بوو کە بە فڕۆکە خۆی بە بارەگای وەزارەتی بەرگری ئەمەریکا کێشا.

سوپای عەدەن لە پاش هێرشی ئەمەریکا بۆ سەر ئەفغانستان لە ٢٠٠١ دا، لە بەیاننامەیەکدا پاڵپشتی خۆی بۆ بزووتنەوەی تاڵیبان و ئوسامە بن لادن راگەیاند و داوای لە گەلی یەمەنی کرد، کە لە هەر شوێنێك دا ئەمەریکییەك هەبێت بیکوژن و مومتەلەکاتەکانیان تەفروتونا بکەن. سوپای عەدەن وەکو هەر ڕێکخراوێکی دیکەی توندڕەو لەسەر ئاستی نێوخۆی یەمەن و دەرەوەیدا گەلێ چالاکی ئەنجام داوە، لەوانە لە ٢٨ی کانونی/دیسێمبەر یەکەمی ١٩٩٨ شازدە گەشتیاری بێگانەیان رفاند، دواتر رفێنەری ئەو گەشتیارانە کە هاوولاتیەکی

میسری بوو، ناوی (ئوسامە) بوو. پێشتر لەگەڵ جەماعەتی جیهادی ئیسلامی میسری کاری دەکرد، لە پرۆسەی دەربازکردنی گەشتیارەکان لەلایەن سوپای یەمەنەوە، کوژرا.

لە گرنگترین ئەو چالاکییەی سوپای عەدەن ئەنجامی داوە، ئەو هێرشە بوو کە کردیانە سەر کەشتی جەنگی (کۆڵ)ی ئەمەریکی لە بەنداوی عەدەن، کە تیایدا حەڤدە کەشتیەوانی ئەمەریکی کوژران.

- **شانەکانی ئەلقاعیدە (خلايا القاعدة)**

بچوکترین تۆڕی رێکخستنی ئەلقاعیدەیە بەپێی پێویست لە دوو تا پانزە ئەندام پێکدێ، شانەکانی ئەلقاعیدە زۆر سوودیان لە ئەزموونی جەماعەتی جیهادی میسری وەرگرتووە و لەسەر هەمان شێواز و جۆر دامەزراون.

شانەکانی ئەلقاعیدە لە ناوچەیەکدا نابێت لەگەڵ یەکتری پەیوەندییان هەبێت، چونکە ئەم پەیوەندییە زۆر شکستی بەسەر هێناون، بەتایبەتی لە میسر و عەرەبستانی سعودیە، بۆیە بەرپرسی شانە زۆر جار راستەوخۆ بەسەرۆکییەوە پابەندە لە ئاستەکانی دیکەی وەك خۆی ئاگادار نییە و راپۆرتی بۆ بەرز دەکاتەوە، کە لەم رۆژگارەدا زۆر سوود لە ئینتەرنێت وەردەگرن.

- **شانەی ئەرکە تایبەتیەکان (خلايا المهام الخاصة)**

کاری ئەو شانانەی ئەلقاعیدە رێکخستن و هەماهەنگی نییە، بۆیە کاتێك ئامانجێك دیاری دەکەن، دەکرێ چەند ئەندامێکی جودا بۆ ئەو ئامانجە هەڵبژێردرێ، دەبێت یا ئەوەتا لە خودی شوێنی ئەنجامدانی کردەکە بژین یاخود بەکارێکەوە بەو شوێنە ببەسترێنەوە، شانەکانی ئەرکە تایبەتیەکانی نابێت ژمارەیان زۆر بێت، بەگوێرەی پێویستی ئەنجامدانی کردەکە ژمارەیان دەست نیشان دەکرێن و لە رێگەی سیستەمێکی هاریکاری لەگەڵ بەکرێگیراوان



رێکدەخرێن. زۆربەی زۆری ئەوانەی بۆ کردەی تایبەتی رادەسپێردرێن، هەوڵ دەدرێت لە نزیك ئامانجەکە بژین، یا بگونجێندرێن، رووداوی ١١ی سەپتێمبەری ٢٠٠١ لە ئەمەریکاو هێرش بۆ فرۆکەخانەی لۆس ئەنجلۆس لە ئاهەنگەکانی هەزارەی دووەهەم شانەی ئەرکە تایبەتیەکان ئەنجامیان دا.

بەرپرسانی ئەو شانانە راپۆرت بۆ بەرپرسی سەرەکی بەرز دەکەنەوە، کە ئەوەی دواییان رەنگە بەرپرسانی دیکەی خۆی نەبینێ.

تۆڕەکانی ئەلقاعیدە توانای ئەوەیان هەبووە بەجۆرێك لە جۆرەکان بۆ ئەنجام دانی ئەرکی تایبەتی دزە بکەنە هەندێ دەزگای هەواڵگری وڵاتان، تا زانیارییەکان بۆ سوودی خۆیان بەکاربێنن.

- **شانەی بەریتانی سەر بە ئەلقاعیدە (الخلية البريطانية التابعة للقاعدة)**

لێکۆڵەرانی توندوتیژی سیاسی رۆژئاوا بەتایبەتی ئەمەریکی و بەریتانی ناویان لەو کەس و ئەندام و چالاکی و بازنانە ناوە کە لە ئەنجامدا بۆ ئەلقاعیدە کاردەکەن کە رێکخستنەکانی بەشێوەیەکی باو نین.

شانەی بەریتانیا ئەندامانیان بەرپرسن لە دروستکردنی پەساپۆرتی ساختە بۆ ئەوەی چەکداران، ئەندامان و لایەنگیرانیان بگەن بە سەرکردایەتیان یان ئەو شوێنەی مەشقی لێدەکەن یان ئەو شوێنەی چالاکی لێ ئەنجام دەدەن.

دەزگای ئەمنی بەریتانی تا مانگی یۆلیۆی ١٩٩٩ دەستی بە دەستگیرکردن و گرتنی ئەو ئەندامانە نەکرد.

شانەی بەریتانیا لە ١١ی سەپتێمبەری ٢٠٠١ پلانیان دانا فرۆکەیەکی گشتی ناوخۆی بەریتانیا لە نێوان لەندەن و مانچستەر لە فرۆکەخانەی (هیسرۆ) سەعات

دوازدەی پاش نیوەڕۆ بڕفێنن کە وادەی گەشتەکەش پێنجەم بوو، بەڵام زووتر هێرشەکانی ئەمەریکا روویدا، دەسەڵاتدارانی فڕۆکەخانەکە هەموو گەشتێکی ناوخۆ و نێودەوڵەتیان راگرت، بەپێی زانیاری دەزگای هەواڵگری بەریتانیا بۆی دەرکەوت تیمێکی خۆکوژی لە نێو گەشتیارەکاندا خەڵکی وڵاتانی ئاسیان ویستویانە خۆیان بە پەرلەمانی بەریتانیا (ئەنجوومەنی گشتی و لۆردات) بکێشن.

ڕێبەری ئەو شانەیەش هاوکات لەگەڵ هێرشەکانی ١١ی سەپتێمبەری ٢٠٠١ لە ئەمەریکاوە هاتبووە خاکی بەریتانیاوە.

- **شانەکانی کۆمەکی پاڵپشت (خلايا الامداد المساندة)**

ئەو ئەندامانەی ئەلقاعیدەن لە ئەوروپا لە ساڵانی نەوەدەکانی سەدەی بیست رۆڵی کاریگەیان گێڕا لەوەی چەك و تەقەمەنی بۆ ئەلقاعیدە بکڕن، بەجۆرێ بەپێی راپۆرتەکانی دەزگا هەواڵگرییەکانی رۆژئاوا لە نێوان ٢٠٠٠-٢٠٠١ توانیویانە لە نێوان ئەلقاعیدە و مافیایی رووسی و ئۆکرانی پەیوەندی دروست بکەن و چەك و تەقەمەنیان دەست بکەوێ.

دەتوانین هەندێ تایبەتمەندی و سەرنج بەم جۆرە بخەینەڕوو:

١- ئەندامانی ئەلقاعیدە دەکرێ هەموویان رۆڵی رێکخستن بگێڕن، هەم لە شانەی کۆمەکی پاڵپشت رۆڵیان هەبێت، بۆیە دەکرێ هەموو ئەندامێك کاری کۆمەکی پاڵپشت ئەنجام بدات.

٢- شانەیەکی کۆمەکی پاڵپشتی ئەلقاعیدە بەجودا لە شانەیەکی دیکە کار دەکات، دەکرێ لەیەك کات و شوێن چەندین شانە کار بکەن، بەبێ ئەوەی بەیەکتر بزانن.



٣- ئەندامانی هەر شانەیەکی کۆمەکی و پاڵپشت لە دروستکردنی پەیوەندیدا بەهێزن و لە بواری کارەکەیان شارەزاییان هەیە، بۆیە توانیویانە ئەڵقەی بەرژەوەندی لەگەڵ ئەو ویلایەتە دروست بکەن کە مامەڵەی لەگەڵ دەکەن.

٤- ئەندامانی ئەو شانەیە سوود لەو مسوڵمانانە وەردەگرن کە لە رووی ئایدۆلۆژیا و توندوتیژییەوە لێك جیاوازن.

٥- توانیویانە راستەوخۆ لە هەندێ دەزگای هەواڵگری وەریگرن، بۆیە شانەکانی کۆمەکی پاڵپشتی ئەلقاعیدە لە زۆر رووەوە وەك دەزگای هەواڵگری هەڵسوکەوت و مامەڵە دەکەن.

٦- توانیویانە هەندێ رەگەزی دەزگای موخابەرات بە قازانجی خۆیان هەڵسوڕێنن، بە تایبەتی ئەوانەی لە ئەفغانستان و پاکستان و سودان سوودیان لێوەرگیراوە.

- **کەتیبەکانی هەردوو حەرەمی پیرۆز (كتائب الحرمين الشريفين)**

گروپێکی سەر بە ئەلقاعیدەیە و یەکێکە لەو رێکخراو و لقانەی سەر بە رێکخستنی ئەلقاعیدە لە جەزیرەی عەرەبیدا، زۆربەی زۆری ئەندامانی ئەو کەتیبەیە هاووڵاتی سعودین. لە ساڵانی ٢٠٠٢ تا ٢٠٠٥ چەندین چالاکییان ئەنجام داوە، لەوانە لە رێگەی ئوردنەوە ئەندامی ئەلقاعیدە بە تایبەتی خۆکوژیان بۆ عێراق ناردووە و گواستۆتەوە و هەروەها پارەیان بۆ باڵەکانی رێکخستنی ئەلقاعیدە لە عێراق ناردووە و پەیوەندی پتەویان لەگەڵ زەرقاوی هەبووە و هەیە، یازدە لە ئەندامانی ئەو کەتیبەیە دوای گیرانیان لە ئوردن لە رێکەوتی ٢٠٠٥/٨/٤ دانیان بەوە ناوە کە پلانیان ئەوە بووە پەلاماری ئەو ئەفسەرە ئەمەریکیانە بدەن، کە لە کاتی مۆڵەتدانیان لە عێراق روو لە هوتێلەکانی ئوردن دەکەن.

- **کەتیبەی بەڕا کوڕی مالك (كتيبة البراء بن مالك)**

کەتیبەیەکی سەر بە ڕێکخستنی ئەلقاعیدەی جیهادی لە وڵاتی رافیدێن، لە ناوچەی مووسڵ و سەر سنووری عێراق – سوریا چالاکی ئەنجام داوە. ئەندامانی ئەو کەتیبەیە زۆربەی هەرە زۆریان خۆکوژن، لە (١٠/٧/٢٠٠٥ز - ٣/جمادي الآخر/١٤٢٦) خۆکوژێکی ئەو کەتیبەیە بە هۆی ئۆتۆمبیلێکی پڕ تەقەمەنی نۆ پۆلیسی کوشت، هەروەها دوو خۆکوژی دیکەی ئەو کەتیبەیە لە هەمان رۆژدا لە شاری قائیم خۆیان لە باڵەخانەی گومرگی سەر سنووری عێراق – سوریا دا و لە ئەنجام دا چەندین پۆلیس و سەرباز کوژران.

- **کەتیبەی پیاوانی عەقیدە (كتيبة رجال العقيدة)**

کەتیبەیەکی سەر بە ئەنساری سوننەیە، لە عێراق دا چالاکی نواندووە، لە بەیاننامەی ئەنساری سوننە لە رۆژی شەممە (٢٤/ئەیلول/٢٠٠٥ز – ٢٠/شەعبان/١٤٢٦ك) کەتیبەی پیاوانی عەقیدە لە ناوچەی (سیدیە)ی باشووری بەغدا سێ گاردی نیشتمانی عێراقییان کوشتووە.

- **کەتیبەی فەتح (كتيبة الفتح)**

سەر بە ڕێکخستنی ئەلقاعیدەی جیهادە لە وڵاتی رافیدێن، ئەندامانی ئەو کەتیبەیە شارەزاییان لە هاوەن و رۆکێت و قەناس هەیە، بە درێژایی ساڵی ٢٠٠٥ لە ناوچەکانی رومادی و دەوروبەری زیانی زۆریان بە سوپای عێراق و ئەمەریکا گەیاندووە.



- **کەتیبەی فورقان (كتيبة الفرقان)**

لە قورئانی پیرۆزدا چوار ناوی قورئان هەیە، فورقان یەکێکە لەو ناوانە، بەڵام لێرەدا ناوی فورقان کەتیبەیەکی سەر بە ڕێکخستنی ئەلقاعیدەی جیهادە لە وڵاتی رافیدێن و لە ناوچەی رومادی و دەوروبەری زۆر چالاك بوون.

لە هاوینی (٢٠٠٥) لەو ناوچەیەدا زیانی گەورەیان لە سوپای ئەمەریکا و عێراق داوە، ئەندامانی ئەو کەتیبەیە لە مین چاندن و بۆمب تەقاندنەوە شارەزایی زۆریان هەیە.

- **کەتیبەی کەنداو (كتيبة الخليج)**

لە سەرەتای ساڵی ١٩٩٥ بن لادن پێشنیازی بۆ شێخ (عەبدولمەجید ئەلزندانی) یەمەنی کرد، کە کەتیبەیەك لە یەمەن دامەزرێنن، بەناوی کەتیبەی کەنداو تاکو لە ناوچەکە چالاکی بنوێنێ. دواتر ببێتە پاڵپشت و ئەڵقەی پەیوەندی بۆ ئەندامانی ئەلقاعیدە لە ئەفریقا، چونکە بن لادن لەو ساڵە دا لە سودان بوو. هەوڵی دەدا شوێنێکی بەدیل بۆ خۆی بدۆزێتەوە و ئەڵقەی خۆی فرەوان بکا، لێکۆڵەرانی رۆژئاوا پێیانوایە ئەو کەتیبەیە بە پارەوپول و چەکی کۆماری ئیسلامی ئێران دامەزراوە، بەڵام دواجار ئەو پرۆژەیە لە بەر هۆی نەزانراو جێبەجێ نەکرا.

- **کەتیبەی موستەفا (كتيبة المصطفى)**

سەر بە ڕێکخستنی ئەلقاعیدەی جیهادە لە وڵاتی رافیدێن، ئەندامانی ئەو کەتیبەیە لە سوپای عێراق دەرەجەدار بوون و لە هاوێشتنی هاون شارەزایی زۆریان هەیە، چەندین هاوەنیان لە بارەگاکانی سوپای عێراق و ئەمەریکا گرتووە. لە (٥/٧/٢٠٠٥ز – ٢٨/جمادي الاولى/١٤٢٦ك) لە گەڕەکی ئەفسەرانی رومادی چوار هاوەنیان گرتە بارەگای سوپای ئەمەریکا.

- **کەتیبەی موستەفا (كتيبة المصطفى)**

سەر بە ڕێکخستنی سوپای ئەنساری سوننەیە، ڕێکخستنی ئەلقاعیدەی جیهاد لە وڵاتی رافیدێن کەتیبەیەکی بەهەمان ناو هەیە، دەکرێ وەکو تاکتیك بۆ ئەوەی خۆیان بە گەورە نیشان دەن و، هەردووکیان یەك گروپ بن و چالاکیی بۆ هەردوو ڕێکخستن ئەنجام دابێ، لە ( ٢٠٠٥/٧/٢٣ز – ١٦/جمادي الآخر/١٤٢٦ك ) لە نزیك کەژاوەی سوپای ئەمەریکا لە شاری موسڵ تەقینەوەیان ئەنجام داوە.

- **گروپی مەدینەی منەوەرە (مجموعة المدينة المنورة)**

ئەو گرپە ناوێکی رەسمی لەنێو ئەلقاعیدەدا نییە، بەڵکو ئەو کەسانەن کە لە سەرەتای جیهادی ئەفغانی بەشداریان کردووە و لەو کاتەوە ئەو ناوەیان بەسەردا براوە، بەم خەسڵەت و ناساندنانە دەناسرێنەوە:

١. لە نزیکترین کەسەکانی بن لادنن و جێگەی متمانەی ڕێبەری ئەلقاعیدەن. و لە سەرەتای جیهادی ئەفغانی لە بنکە و سەربازگەکانی عەزام و بن لادن ڕۆڵی سەرەکییان گێڕاوە.

٢. لە رووی عەقیدەوە سەلەفیی جیهادین و زۆر توندڕەون، هەتا حەز بە وێنەگرتنی فۆتۆگرافیش ناکەن و بە پێچەوانەی شەریعەتی ئیسلام لێکی دەدەنەوە.

٣. لە نێو ئەلقاعیدەدا گروپێك نییە بە رەسمی ناوی مەدینەی منەوەرە بێت، بەڵکو بە شێوەیەکی نارەسمی لەگەڵ یەکدا چۆنیەتی عەقیدەی سەلەفیی جیهادی و رەوشت کۆیکردونەتەوە.

٤. لە هەر سێ نەوەی یەکەم و دووەم و سێیەمی ئەلقاعیدەدا گروپی مەدینەی منەوەرە چالاکی و ئامادەگی گرنگ و بەرچاوی هەبووە.

٥. هەندێکیان یاریدەدەری بن لادن بوون، لەوانە شەفیق مەدەنی.



- **لقی ئەلقاعیدەی هەرێمی ( فرع القاعدة الاقليمي)**

لێکۆڵەرانی رۆژئاوا بەتایبەتی لێکۆڵەرانی توندوتیژی سیاسی ئەمەریکا و بەریتانیا چەمکی لقی ئەلقاعیدەی هەرێمی بەکاردێنن، مەبەستیان لەو چالاکییانەی ڕێکخراوی ئەلقاعیدەیە کە یان ئەوەتا بەنهێنی ڕێکخراون یاخود بە ئاشکرا دوور لە ناوەندی ئەلقاعیدە لە نەشونما و ئەنجامدانی چالاکی دان.

ئەو لێکۆلەرانە چەکدارانی وڵاتانی فیلیپین و ئەندەنووسیا کە چالاکی توندوتیژی ئەنجام دەدەن و لە سەربازگەکانی بن لادن لە ئەفغانستان لە ساڵی ١٩٩٩ مەشقیان کردووە، بە لقی ئەلقاعیدەی هەرێمی لە میندناو جەماعەتی ئەبو سەییاف ناو دەبەن. ئەو لقەش هەمان خەسڵەت و رووکار و ناوەڕۆکی ئەلقاعیدەیە لە ناوچەکەدا، بۆیە دەکرێ دانەیەکی دیکەی ئەلقاعیدە لە مالیزیا و ئەندەنووسیا و بگرە وڵاتانی دیکە دروست کات، ئەمەش پان و پۆڕی و فرەوانی فیکری سەلەفیی جیهادی دەسەلمێنێ، کە زۆر بە سانایی بەنێو کۆمەڵگای ئیسلامیدا بڵاودەبێتەوە و دەتوانێ ڕێکخراوێکی دیکە دروست بکات و سنووری رەگەز و سروشت و نەتەوە و ئەتنی ببڕی و دوور لە ناوەندی چالاکی، ناوەندێکی دیکە دروست بکات و بۆخۆی بە سەربەخۆیی کاربکات، ئەم خەسڵەتەش لە نێو مەزهەبی سوننەدا زۆر پەرشوبڵاوە.

لە ئۆکتۆبەری ٢٠٠١ بە دواوە لقی ئەلقاعیدەی هەرێمی میندناو کۆمەکی زۆر و فرەوانی پێشکەش بە سەرکردایەتی ئەلقاعیدە لە ئەفغانستان کرد و یارمەتی لۆجیستی زۆریدا، ئەمەش وایکرد بێ هیچ تەگەرەیەك لە دەرەوەی ئەفغانستان کار بکەن و لە فیلیپین و ئەندەنووسیا چالاکی بنوێنن و خۆیان ڕێکخەنەوە. ئەلقاعیدە نووسینگە و لق و شانەی هەرێمی دیکەی لە گەلێ ناوچەی دیکەی جیهان دروست کردووە، بەتایبەتی شانەکانی ئەوروپا کە ئاڵۆزترین شانەکانی ئەلقاعیدەن.

- **لیژنەی ئاراستەکردن و ریفۆرم (لجنة التوجیة و الاصلاح)**

لێکۆڵەرانی رۆژئاوا پێیانوایە ئەم لیژنەیە سەرپەرشتی کردەوەکان و چالاکی ئەلقاعیدە لە بەریتانیا دەکات و نووسینگەی لەندەنی ئەلقاعیدەیە، لە بابەتی پروپاگەندە و هەماهەنگی توانا و بەهرەیەکی گەورەی هەیە. لە راستیدا ئەلقاعیدە بەرەسمی رێکخستنەکانی راناگەیەنێ، بۆیە هەیکەلی جیهانی شاراوەیە.

- **لیژنەی دارایی و ئابووری (اللجنة المالیة والاقتصادیة)**

لیژنەی دارایی و ئابووری راستەوخۆ سەر بە ئەنجوومەنی شورایە. لە پاڵ سێ لیژنەی گرنگی دیکە باڵاترین لیژنەی ئەلقاعیدە و لەلایەن ئەمیرێك و جێگرەکەیەوە بەرێوە دەبرێ، لە رووی رێکخستن و بەرێوەبردنەوە لیژنەی دارایی جیاوازی لەگەڵ هەر سێ لیژنەی دیکە هەیە. هەرچەندە ئەندامانی دیاریکراوی هەیە بۆ بەرێوەبردن، کەچی لە زۆربەی زۆری ولاّتانی ئیسلام دا بەتایبەتی لە ولاّتانی رۆژهەلاّتی ناوەراست ئەو لیژنەیە لق و دەزگای خۆی دامەزراندبوو. ئەلقاعیدە بەشێوەیەکی سەرەکی لە رێی جەماوەرەوە پارەی بۆ کۆدەکرێتەوە، هەروەها دەزگا و کۆمەڵە و بانکە ئیسلامییەکانی جیهانیش پاڵپشتیەکی گەورەی ئەم لیژنەیەن.

ئەلقاعیدە توانیویەتی خاوەن ستراتیژیەکی کۆکردنەوەی پارەو پوول بێت، کە بتوانێ دزە بکاتە نێو رەوشی مامەڵەی دراوی ولاّتانی گەشەسەندووی جیهان و بەئاسانی هەم مامەڵە بە دراو بکات و هەم دەستی بکەوێت.

بەپێی راپۆرتەکانی دەزگای هەواڵگری ئەمنی زۆربەی ولاّتانی جیهان، لەوانە هەتا دەزگای ناوەندی هەواڵگری ئەمریکی (CIA) و دەزگای هەواڵگری بەریتانی لەوەتەی هەن رووبەرووی تۆڕی ئاڵۆزی دارایی وەك ئەلقاعیدە نەبوونەتەوە، کە



توانیویەتی پارە کۆبکاتەوەو مامەڵەی پێبکات و بیگوازێتەوە و ئاشکراش نەبێت، ئەلقاعیدە شارەزایی زۆر و نایابی لە بواری دارایی و ئابوورییەوە هەیە.

ئەلقاعیدە سەدان رێکخراوی خێرخوازی هەبوو- رەنگە هەبێت -، کە هەن حکوومەت کۆمەکی دەکاو بەر لە ئەلقاعیدە دروست بووە، بەلاّم توانیویەتی دزە بکاتە نێوی، یان هەن سوود لە کۆمەکی دیکە وەردەگرێ، کە زانینی پەیوەندی رێکخراوی لەو جۆرانە بە ئەلقاعیدە زۆر نهێنیە و ئاشکرابوونی سەختە.

ئەلقاعیدە بۆ گرەنتی کۆکردنەوەی دراو و مامەڵە بە پارەو پوول بە شێوەیەکی گشتی ئەو پرەنسیپانە دەگرێتە بەر:

١ــ دابەشکردنی پارەو پوول لە نێوان بەکاربردووان، لە پێناو گرەنتی دابەشبوونی دەستکەوتی بەکاربردن و بەگڕخستنی پارە بەشێوەیەکی لێزانانە.
٢ـ نابێت پارەو پوولی تایبەت بەکردەوەیەك و بەگڕخستنی لە یەك شوێن بێت.
٣ـ شوێنەکانی پارەو پوولی رێکخراوی ئەلقاعیدە تەنها چەند ئەندامێکی پلە بەرز پێی دەزانن.
٤ـ پێویستی گرتنەبەری تەواوی گرەنتی، لە کاتێکدا ئەگەر ئەندامێکی ئەلقاعیدە برە پارەیەکی زۆر مامەڵە پێبکات یاخود لای بێت یا بۆ کردەوەیەك بیبات.
٥ـ نابێت پارەو پوول بەخۆڕایی سەرف بکرێت، تەنها لەکاتی پێویستدا نەبێت.

- **لیژنەی سەربازی (اللجنة العسکریة)**

لە هەرەمی ئەلقاعیدەدا لیژنەی سەربازی یەکێکە لەو چوار لیژنەیەی کە لە جیهادی ئەفغانیدا بە روون و ئاشکرا کاری دەکرد، لەلایەن ئەندامێکی ئەنجوومەنی شورا بەرێوە دەبرا و بە ئەمیری لیژنە ناوزەد دەکرا، ئەو لیژنەیە پابەندە بەکاری کردەی سەربازی و هەروەها جێگریشی هەیە.

ئەمیر و جێگرەکەی هەردووکیان بەرپرسن لە کاروباری ڕۆژانەی ئەو لیژنەیەی و ڕاپۆرت بۆ ئەنجوومەن بەرز دەکەنەوە.

ئەندامانی ئەو لیژنەیە بەکاری دیکەش سپێردراون لەناو خۆیاندا ڕەنگە ئەندامێك لە لیژنە سەربازی و دارایی کار بکات، سەرباری کاری دیاریکراوی خۆیان لیژنەی سەربازی زۆر کاری دیکە بۆ بن لادن ئەنجام دەدەن.

کارە گرنگەکانی لیژنەی سەربازی ئەمانەن:

یەکەم: کڕینی چەك و تەقەمەنی بەهەر شێوەیەك بوو بێت و، هەوڵدان بۆ دەستکەوتنی چەکی ناوەکی و بایۆلۆجی. بن لادن بە وردی لە کارەکانی ئەو لیژنەیە سەبارەت بە چەك کۆڵیویەتیەوە. ئەندامانی ئەو لیژنەیە تا ڕووخانی تاڵیبان توانیان دەست لەگەڵ چەندین مافیای جیهان تێکەڵ بکەن و چەك و تەقەمەنی پێشکەوتوو بەدەست بێنن.

دووەم: سەرپەرشتی کردنی کارە ڕەسمییەکانی تەجنیدکردنی چەکداران و گواستەوەیان بۆ شوێنی مەبەست.

سێیەم: دانانی ڕێوشوێنی هێرش بردن و بەرگری کردن و جێبەجێ کردنی ئەرکەکان بە گوێرەی توانا و ئەنجام دانی کردەوەی سەربازی.

چوارەم: دانانی تاکتیك و پلان دانان بۆ تەقینەوە هاوکاتەکان.

ئەو لیژنەیە لەو کاتەی لە ئەفغانستان بووە سەرپەرشتی زۆربەی ئەو شانانەی دەرەوەی ئەفغانستانی کردووە و ڕێو شوێنی هێرش بردنی بۆ داناون.

بەنشیری سەرپەرشتی هێزی کۆماندۆز - تایبەتی — ی کردووە، پاشان محەمەد عاتف شوێنی گرتۆتەوە توانیویەتی هێزی ئەلقاعیدە فرەوانتر بکات و کردەو چالاکی خۆکوژی پەرەپێبدا.



- **لیوای ٥٥ (لیواء ٥٥)**

دوا دەستەی ئەلقاعیدە کە لە ئەفغانستان بە ئاشکرا ڕاییگەیەنێ، ئەم لیوایە بوو لە نێوان (١٩٩٧ تا ٢٠٠١ز) دامەزرا. لە دەستەی شەڕی پارتیزانی و کردەی خۆبەخشانە پێکهاتبوو، دواتر بوو بە بەشێك لە سوپای ئەمارەتی ئیسلامی ئەفغان، بۆ ئەوە دامەزرابوو بەرپەرچی سوپای ئۆپۆزسیۆنی باکور بداتەوە. چەکدارانی ئەو لیوایە گرنگترین هێزی تاڵیبانیان پێکهێنا، هەروەها هێزێکی یەدەکی ستراتیژی ئەلقاعیدەش بوون، لەکاتی پێویستدا دەیانتوانی بکەونە چالاکی، لیوای ٥٥ لە دوو هەزار چەکداری غەیرە ئەفغانی پێکاتبوو.

دوای جەنگی ئەفغانستان - ئەمەریکا لە ساڵی ٢٠٠١ گەلێکیان ڕوویان کردە فیلیپین و چاچانستان.

چەکدارانی لیوای ٥٥ لەم ناوچە جوگرافییاوە پێکهاتوون

١ـ وڵاتانی عەرەب. زۆربەیان خەڵکی میسر و سودان و سعودیە و یەمەن و ئوردن و جەزائیر و مەغریب و تونس و لیبیا بوون.

٢ـ ناوەڕاستی ئاسیا لە تاجیك و ئوزبەك و قەرغیز و کازاخی پێکهاتبوون.

٣ـ باشوری ڕۆژهەڵات ئاسیا. زۆربەیان لە پاکستانی و بەنغلادیش و فیلیپین و ئەندەنووسی و مالیزی پێکهاتبوون.

هەروەها لە نێو لیواکەدا موسڵمانی ڕۆژئاوای چین لە ئەتنیکی ئەویغوز و چاچان و بۆسنە و کەمێکی ئەوروپا و ئەمەریکای باکور هەبوون.

لە نێو ریزەکانی لیوای ٥٥ دا هەردوو نەوەی یەکەم و دووەمی سەلەفیی جیهادی ئەلقاعیدە تێکەڵ یەکتر کرابوون.

چەکی لیواکە چەکی سۆڤیەتی جاران بوو، چەکی قورسیان هەبوو، سەرەتا حکومەتی سودان و پاکستان و تاڵیبان یارمەتی دەدان، لێکۆڵەرانی ڕۆژئاوا

پێیان وایە سودان خاکیشی بۆ مەشق پێدان لە بەردەم والآ کردبوون. پاش جەنگی ٢٠٠١ بن لادن فەرمانی بەو لیوایەدا لە بەرەکانی جەنگی هاوپەیمانیەتی باکور بکشێتەوە و بچێتە سەر سنووری ئەفغانستان-پاکستان تا جەنگی درێژخایەن ئەنجام بدەن.

هەر ئەندامێکی لیواکە ئەرکێکی بووە ئەنجامی بدا. دەبوو راپۆرت لە سەر بەرنامە و کاری خۆی پێشکەش بکا. لە یەکێك لەو بەڵگەنامانەی پاش پایدۆزی ئەلقاعیدە دۆزراوەتەوە، ئەبو ماجید ئەنساری فەلەستینی لە راپۆرتەکەیدا کە بەوە راسپاردراوە لە چوونی بۆ ئیسرائیل و باشوری لوبنان و شوێنی دیکەی هاوپەیمانی باکوور راپۆرت ئامادە بکا، لەوە دەدوێ کە ئارەزووی نییە بچێتە بەرەی جەنگ دژی هاوپەیمانییەتی باکوور، بەڵکو دەیەوێ کردەی خۆکوژی (انتحاری) ئەنجام بدات.

- **موجاهید (چەکدار)انی عەرەب (المجاهدین العرب)**

بەو چەکدارە عەرەبانە دەگوترا کە لە کۆتایی حەفتاکان و هەشتاکانی سەدەی بیستەم لە ئەفغانستان لە دژی سۆڤیەت جەنگان. چەمکی موجاهیدانی عەرەب بە رەسمی و ئاشکرا لە بەرەی رۆژئاوا و ولآتانی رۆژهەلآتی ناوەڕاست بەکاردەهات و هیچ گرفتیك لەو بارەوە نەبوو.

عەبدوڵلا عەزام لە چەند مانگی سەرەتای هەشتاکاندا توانی دەیان چەکداری عەرەب بهێنێتە پیشاوەری پاکستان، دواتر لە سەر سنووری ئەفغانستان—پاکستان مەشق ئەنجام بدەن و بچنە بەرەی جەنگ. ساڵی ١٩٨٤ ژمارەی چەکدارانی عەرەب گەیشتە هەزاران چەکدار. ئوسامە بن لادنیش لە پاڵ عەزام رۆڵی کاریگەری لە کۆکردنەوەیان و جەنگ کردن گێڕا.

ساڵی ١٩٨٦ چەکدارانی عەرەب لە شەش سەربازگە مەشقی جۆراوجۆریان ئەنجامدا، هەر لە سەرەتای جەنگ لە دژی سۆڤیەت لە چەندین شەڕی



دەستەویەخە بەشدارییان کرد. ساڵی **١٩٨٦** تاکو **١٩٨٩** چەکدارانی عەرەب پێنج شەڕی گەورە و دەیان شەڕی لابەلاو دەستەویەخیان ئەنجامدا. لە کۆتایی ساڵی **١٩٨٩** لە شەڕی (جاجی) گەورەترین زیانیان بە سوپای سۆڤیەت گەیاند، زۆربەی زۆری ئەو چەکدارانە خەڵکی ولآتانی سعودیە و یەمەن و جەزائیر و میسر و مەغریب بوون.

- **نەڕەی شێر (عرین الاسد)**

ناوی ئەو سەربازگەیە بوو، کە عەبدوڵلا عەزام لە نیسانی **١٩٨٦** لە ئەفغانستان دایمەزراند. بۆ یەکەمجار ناوی سەربازگەکە (سەدا — صدا)بوو، کە چەند لاوێکی عەرەبی خەڵکی سعودیە و جەزائیر و لیبیا و یەمەن بەڕێوەیان دەبرد، لەو سەربازگەیەدا چەکدارانی عەرەب رەوانەی جەنگ دژی سۆڤیەت لە ئەفغانستان دەکران. پاش ساڵێك لە کردنەوەی سەربازگەکە ژمارەی چەکدارانی زیادی کرد و بن لادنیش کۆمەکێکی زۆری کرد، بە جۆرێك نزیکەی دە هەزار (١٠٠٠٠) چەکدار لەو کاتەی دروست کرا یان نەمانی، مەشقیان لێ ئەنجام دا، کە زۆربەی زۆریان عەرەب بوون.

- **نووسینگەی خزمەتگوزاری (مکتب الخدمات)**

لە ساڵی (١٩٨٤) لەلایەن عەبدوڵلا عەزامەوە دامەزراوە و ئوسامە بن لادن رۆڵی هەبووە لە نووسینگەکەدا، لە لایەن موجاهید (چەکدار)ەوە بەڕێوەبراوە. هەزاران چەکداری بۆ جەنگی داگیرکاری سۆڤیەت لە ئەفغانستان ناردووە. چەکداران لە تەواوی ولآتانی عەرەبییەوە پەیوەندییان بەو نووسینگەیە کردووە. هەروەها لە ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکاوە و چەندان ولآتانی دیکە لە رێی ئەم نووسینگەوە، چەکداران پەیوەندییان کردووە.

نووسینگە بۆ شەڕی داگیرکاری سۆڤیەت لە ئەفغانستان (٢٠٠) ملیۆن دۆلاری لە ولاتانی رۆژهەلاتی ناوەڕاست و ئەمەریکا و بەریتانیا و ولاتانی عەرەبی کۆکردەوە. لیژنەی دارایی (مالی) هەبووە، بەهۆیەوە چەکیان بۆ چەکداران کڕیوە.

- **نووسینگەی لیژنەی رێنمایی و ئیرشاد (مکتب لجنة النصح و الارشاد)**

ئەلقاعیدە لە لەندەن دامەزراندوە. سالّی ١٩٩٤ خالید ئەلفەواز هاوڕێی نزیکی ئوسامە بەڕێوەی بردووە، پەیوەندی بەچەندین کەسایەتی ئۆپۆزسیۆن و ئەکادیمی کردووە و ئەم نووسینگەیە پەردەیەك بووە بۆ بەرژەوەندییەکانی بن لادن و ئەلقاعیدە.

نوێترین دەزگای گەیاندنی پێشکەوتووی لێدامەزراوە، بن لادن بەو هۆیەوە پەیوەندی بە هەموو جیهان کردووە. سالّی ١٩٩٧ بەهۆی نووسینگەوە تیمێکی رۆژنامەوانی (سی ئێن ئێن)ی هەوالّی ئەمەریکا دیمانەی لەگەلّ بن لادن سازداوە. هەرچەندە ئەلفەواز بەرپەرچی داوەتەوە کە بن لادن پەیوەندی بەم نووسینگەوە نییە، بەلام ئەم لیژنەیە پارەوپولی بۆ ئەلقاعیدە کۆکردۆتەوە و دەزگا و ئامێری پێشکەوتووی بۆ کڕیووە و هەروەها ئەندامانی لە ئەورووپاوە بۆ ئەلقاعیدە تەجنید کردووە. دەزگای هەوالّگری ئەمەریکاو بەریتانیا هەندێ بەلّگەنامەیان دەستکەوتووە کە ئیمزای بن لادنی پێوەیە ئاماژە بەوە دەدا بن لادن خالید ئەلفەوازی بە بەڕێوەبەر لەم نوسینگەیە دامەزراندووە.

فەواز پێنج سالّ لەم نووسینگەیە کاری کردووە تا لە ٢٨ی سەپتێمبەری ١٩٩٨ دەسەلاتدارانی بەریتانیا دەستگیریان کرد.

بێجگە لە خالید ئەلفەواز، دوو ئەندامی دیکەی جەماعەتی جیهادی ئیسلامی میسری لەو لیژنەیە کاریان کردووە.

**زاراوه**

- **ئەفغانی جەزائیر (الافغان الجزائر)**

بەر لەوەی ناوی ئەفغانی عەرەب بە تەواوی چەکدارانی بەشداربووی جەنگی ئەفغانستان لە دژی داگیرکاری سۆڤیەت بگوترێ، دەزگاکانی راگەیاندن لە میانەی بڵاوکردنەوەی هەواڵی شەڕە خوێناوییەکانی ناوخۆی جەزائیر بەو چەکدارانەیان دەگوت کە لە ئەفغانستان گەڕابوونەوە و لە ریزی جەماعەتی ئیسلامی چەکداری جەزائیر لە پاش ١٩٩١ لە دژی حکوومەت دەجەنگان.

دەتوانین لەو بارەوە ئەم سەرنجانە بخەینەڕوو:

یەکەم: دەرکەوتنی چەمکی ئەفغانی عەرەب، هەرچەندە پێشتر پاش کۆتایی داگیرکاری سۆڤیەت بۆ ئەفغانستان، چەکدارانی عەرەبی ئەفغانستان چووبوونە بەرەکانی جەنگ لە کشمیر و وڵاتانی دیکە.

دووەم: ئەفغانی جەزائیری لە شەڕە ناوخۆییەکانی جەزائیر کاریگەری راستەوخۆیان لە رووداوە توندوتیژییەکان هەبوو.

سێیەم: بۆ یەکەمجار بوو لە ڕێڕەوی جیهاددا لە سەر دەسەڵات بجەنگن.

چوارەم: پەڕینەوەی چالاکی چەکدارانی عەرەب لە ئەفغانستان بۆ وڵاتانی دیکە، بە شێوەیەك کە ببێتە جێگەی مەترسی بە تایبەتی بۆ وڵاتانی عەرەبی و بە گشتی بۆ وڵاتانی موسڵمان.

پێنجەم: ئەنجامدانی تەواوی شێوازەکانی توندوتیژی بە تایبەتی توندوتیژی سیاسی.

شەشەم: فرەوانکردنی چەمکی جەنگ بە جۆرێ هەموو ئەوانەشی گرتەوە، کە لە دەزگاکانی حکوومەت دەوام دەکەن.



- **ئەفغانی عەرەب (الأفغان العرب)**

چەمکی ئەفغانی عەرەب لە دەزگا راگەیاندنەکان بەو کۆمەڵە لاوە عەرەبە دەگوترا، کە لە ڕێگەی پاکستانەوە گەڕابوونەوە نێو وڵاتانی خۆیان، هەموویان لە جەنگی داگیرکاری ئەفغانستان لەلایەن سۆڤیەتی پێشوو بەشدارییان کردبوو. زۆربەی زۆریان پاش گەڕانەوەیان لە میسر و جەزائیر و لیبیا و یەمەن و سعودیە و مەغریب دەستیان بە کاری توندوتیژی سیاسی کرد. دواتر ناوی (ئەفغانی عەرەب) بەو کەس (چەکدار)انە دەگوترا کە بەشێوەیەك لە شێوەکان بەشداری جەنگی داگیرکردنی ئەفغانستان لەلایەن سۆڤیەتەوە کردبوو، هەروەها بەو کەس (چەکدار)انەش دەگوترا کە لە ژێر سایەو سەربازگەکانی ئەلقاعیدە لە ئەفغانستان مەشقیان کردبوو.

گەلێ بارودۆخی نێودەوڵەتی و ئیقلیمی ڕێگەیان خۆش کرد تاکو چەکدارانی عەرەب بەشداری لە داگیرکاری سۆڤیەت بکەن لە ئەفغانستان، ئەمەریکا دەیویست تۆڵەی خۆی لە سۆڤیەت بکاتەوە، تا هەمان ئەزموونی ڤێتنام لە ئەفغانستان دووبارە بکاتەوە، هەروەها هەوڵی دەدا بەربەستێك لە بەردەم شیوعیەت دابنێ، بۆیە بە هەموو شێوەیەك پاڵپشتی لەوە کرد کە چەکدارانی عەرەب روو لە ئەفغانستان بکەن. هەروەها لەبەر ئەوەی پاکستان داگیرکردنی ئەفغانستانی بەمەترسی بۆ سەر ئەمنی قەومی خۆی دەزانی، تەواوی خاکی خستە بەردەم چەکدارانی عەرەب تا دژی سۆڤیەت بجەنگن.

عەرەبستانی سعودیەش داگیرکاری سۆڤیەت بۆ ئەفغانستان بەتەواوکەری ئەو هێڵە دەزانی کە ئابلۆقەی دابوو، هێڵەکەش بریتی بوو، لە هاتنە ئارای شیوعیەت لە یەمەنی باشور و پاڵپشتی کردنی حکوومەتی حەبەشە و یارمەتیدانی چەکدارانی ئەریتریا لەلایەن سۆڤیەتەوە، بۆیە زەمینەی بۆ چەکداران خۆش کرد.

میسر و کوێتیش یارمەتی چەکدارانی عەرەبیان دا. میسر لەبەر ئەوەی لە سەنگەری رۆژئاوابوو، چەکی پێدان، کوێتیش چەندین رێکخراوی مرۆیی لە پاکستان بۆ دامەزراندن تا لە رووی تەندروستییەوە بە فریایان بکەوێ و هەروەها کۆمەکی دارایی کردن. ئەزهەریش فەتوایەکی دەرکرد و رایگەیاند، ئەوەی لە خاکی ئەفغانستان هاوکاری سۆڤیەت بکات، خائینە و، حکوومەتی ئەفغانی ژێر دەسەلاتی سۆڤیەتی بەناشەرعی لە قەڵەم دا.

ئەگەر هۆکاری دەرەکی زۆر لەبار بێت تا رەوتی سەلەفیی جیهادی خۆیان رێکبخەن، ئەوا ناکرێ رۆڵی عەبدوڵڵا عەزام و ئوسامە بن لادن باس نەکرێت، کە هەردووکیان بە رێبەری روحی ئەفغانی عەرەب و رەوتی سەلەفیی جیهادی دەژمێردرێن. عەزام چالاکییەکی بەرفرەوانی دەست پێکرد تا ئەندام و لایەنگرانی ئیخوان موسلمین بۆ جەنگ ببا. لە زۆربەی وڵاتانی رۆژئاواش دەستی کرد بە موحازەرە و سیمینار و خەڵك کۆکردنەوە سەبارەت بە بانگەشەی جەنگ (جیهاد) لە ئەفغانستان.

ئوسامە بن لادنیش چەندین سەربازگەی لە سەر حیسابی خۆی کردەوە و پێشوازی لە چەکدار (موجاهید)ان کرد، لە پاکستان بۆ ئەو مەبەستە نووسینگەی خزمەتگوزارییان دامەزراند، کە لەوێوە چەکدار رەوانەی بەرەی جەنگ (جیهاد) دەکرا.

ئەو هۆکارانەی وایکرد چەکدارانی عەرەب روو لە ئەفغانستان بکەن و بمێننەوە ئەمانەن:

١- هاوکاری کردن و پاڵپشتی کردنی موجاهیدانی ئەفغانستان لە دژی سۆڤیەت و حکوومەتی سەر بە سۆڤیەت، چەکدارانی عەرەب لە کۆتایی حەفتاکان و سەرەتای هەشتاکانی سەدەی رابردوو تا ئەپریل/نیسانی ١٩٩٢ز لە دژی سۆڤیەت جەنگان.



٢- یارمەتیدانی پەنابەرە ئەفغانییەکان و کارکردن لە بواری رێکخراوە کۆمەکبەخشە ئیسلامیەکان.

٣- بوونی چەند سەربازگەیەکی تایبەت بە عەرەب، کە ئەمانە وایانکرد چەکداران بمێننەوە و بگرە دوای جەنگی داگیرکاری سۆڤیەتیش چەکدارانی دیکە بەتایبەتی هی وڵاتانی کەنداو رووی تێ بکەن.

٤- مانەوەی چەکداران لە ئەفغانستان، چونکە زۆربەیان لەبەر مەترسی راوەدوونان و گرتن لە وڵاتانی خۆیان نەگەڕانەوە، بۆیە لە ئەفغانستان مانەوە.

٥- سەرباری ئەمانە جەماعەتی جیهادی ئیسلامیی میسری زەمینەیەکی گونجاو و لە باری لە ئەفغانستان بۆ هەڵکەوت و توانی تایبەتمەندی خۆشی بپارێزێ.

٦- چەکدارانی عەرەب لە جەنگی دژ بە سۆڤیەت لە شەڕی (جەلال ئاباد) و شەڕی (المأسدة) گورزی کوشندەیان لە سۆڤیەت وەشاند، هەروەها ژمارەی ئەو چەکدارانەی لەو جەنگە بەشدارییان کردووە بە هەزار تا چوار هەزار سەرباز دەژمێردرێن.

ئوسامە بن لادن لە ساڵی (١٩٨٨ — ١٩٨٩ز) بۆ ئەوەی بزاڤی ئەو چەکدارانە رێك بخا، قاعیدەی بەیاناتی بۆ رێکخستن تا بزانێ کێ شەهیدە ؟ کێ ماوە ؟ شوێن و جێگەیان بزانی، ئەمەش یەکەم هەوڵی پراکتیکی بوو، بۆ ئەوەی لە چوارچێوەی رێکخراوێکی کۆك کاربکەن.

پاش ئەوەی لە سەرەتای نۆوەدەکانی سەدەی رابردوو کابول کەوتە دەست موجاهیدەئەفغانەکان، چارەنووسی ئەفغانی عەرەب رەوشتێکی دیکەی بەخۆوە گرت:

یەکەم- ئەوانەی گەڕانەوە وڵاتانی خۆیان، بەتایبەتی وڵاتانی کەنداو و ئوردن و سودان، ئەوانە راستەوخۆ هیچ چالاکییەکی سەربازی یاخود توندوتیژی سیاسیان ئەنجام نەدا.

دووەم- هەندێکیان لە سەربازگاکانی پێشووی خۆیان مانەوە، بەتایبەتی جەماعەتی جیهاد و جەماعەتی جیهادی ئیسلامی میسری و رێکخستنی ئەلقاعیدەی سەر بە ئوسامە بن لادن و جەماعەتی ئیسلامی جەنگی لیبیا و جەماعەتی ئیسلامی چەکداری جەزائیر.

سێیەم- هەندێکیان چوونە پاڵ یەکێك لە لایەنە سیاسییەکانی ئەفغان، کە بۆ دەست بەسەراگرتنی کابول تێدەکۆشا.

چوارەم- هەندێکی دیکەیان گەڕانەوە وڵاتانی خۆیان و لە دژی حکومەت جەنگان و دەستیان بە جەنگی پارتیزانی کرد، لەوانە جەماعەتی جیهادی میسری، جەماعەتی جیهادی ئیسلامیی میسری، جەماعەتی ئیسلامی جەنگی لیبیا و جەماعەتی ئیسلامی چەکداری جەزائیر.

پێنجەم- هەندێکی دیکەیان روویان لە ئەوروپا و ئەمەریکای باکوور کرد، ئەوانە زیاتر خەڵکی وڵاتانی باکوری ئەفریقا و عێراق و سوریا بوون.

هەرچەندە ئەفغانی عەرەب پەرتەوازەش بووبن، بەڵام ئەو هێڵە فیکرییەی پێی بەستراونەتەوە، وایکردووە زۆر زوو رێکبخرێن، زۆر زوو پەیوەندی لەگەڵ سەران و کادیرانی دیکە دروست بکەنەوە. پاش ئەوەی لە ژێر فشاری ئەمەریکا سەرانی ئەفغانی عەرەب بە تایبەتی ئوسامە بن لادن و ئەیمەن زەواهیری لە سودان دەرکران و لە ساڵی ١٩٩٦ تاڵیبان دەستی بەسەر کابول داگرت، ئەفغانستان بووە چاکترین و گونجاوترین زەمینە بۆ چالاکی ئەفغانی عەرەب، بۆیە بەر لەوەی ئەمەریکا بیەوێ ئوسامە بن لادن بڕفێنێ، ئوسامە خۆی گەیاندە ئەفغانستان دووبارە چەکدارانی عەرەب لە رووی رێکخستنەوە کۆبوونەوە، ئەمجارەیان لە وڵاتانی کەنداو بەنهێنی گەنجی عەرەب رووی لە ئەفغانستان کرد.

بەوردی نازانرێ لە سەردەمی تاڵیباندا چەند ئەفغانی عەرەب مابوونەوە، بەڵام بەپێی چەند ئامارێکی نارەسمی نزیکەی چوار هەزار ئەفغانی عەرەب لە



ئەفغانستان ژیاون، کە لە رووی هەیکەل و ئینتمای رێکخستنەوە جودا بوون، هەندێکیان بەر لەوەی بێنە ئەفغانستان سەر بەرێکخستنێك بوون، وەکو جەماعەتی جیهادی ئیسلامی میسری، هەن کاتێ هاتوونەتە ئەفغانستان و پاکستان لەوێ چوونە ریزی رێکخستنێکی وەکو ئەلقاعیدە کە بن لادن بەڕێوەی دەبا، یا ئەوەتا هەن پاش ئەوەی ئەفغانستانی جێ هێشتووە، لەوڵاتی خۆیدا رێکخستنی دامەزراندووە، یاخود ئەوەتا لە ریزی ئەفغانی عەرەبدا هەن کە لە هەموو ئەو رێکخستنانە دەجەنگێ، کەچی سەر بە هیچ رێکخستنێك نییە، یا ئەوەتا هەن لە خودی ئەفغانستان و پاکستان جەماعەتی وەکو خیلافەیان دامەزراندووە، بەڵام دواتر نەماوە، یا هەن تا ئێستا سەر بەهیچ رێکخستنێکی دیاریکراو نییە، بەڵام دەبێ بزانین هەر هەموو ئەفغانی عەرەب لە رووی رێکخستنەوە چەندە فرەوان و جودا بن، لە رووی فیکرییەوە ئینتمای یەك فیکر دەکەن و پێك دەچن.

ئەو هێڵە فیکرییەی کە ئەفغانی عەرەب کۆدەکاتەوە، هێڵێکی سیاسیشە و هەر هەموویان سەر بە یەك هێڵی فیکریین کە رەوتی سەلەفیی جیهادی رابەرایەتی دەکات، دەشێ رێکخستنی لە جۆری ئەفغانی عەرەب لە کۆمەڵگەی ئیسلامی دروست بێت و هاوشێوەی وی کار بکات، لە کاتێکدا تەنها هێڵە فیکری سەلەفیی جیهادی ئامادەگی هەبێت.

کتێبەکانی (ئیبن تەیمیە و ئیبن کەسیر و ئیبن رەجەبی حەنبەلی و محەمەد ئیبن عەبدولوەهاب) بە تایبەت ئەو تێزانەی لە جیهادەوە دەدوێن و هەروەها (سەید قوتب و محەمەد قوتب و ئەبو ئەعلای مەودودی) بنەمای فیکری و کەلتوری ئەفغانی عەرەب پێکدێنن و زۆربەی چەمکەکانیان لەو نووسینانەوە وەرگرتووە و کاری پێ دەکەن، هەروەها هەندێ لە شێخانی وڵاتانی عەرەبی و ئیسلامی ئەگەر بە تەواوی پشتگیری بیری جیهادیان نەکردبێ، لەماوەیەکدا یاخود لە بەشێکی بەرهەمەکانیان پاڵپشتی جیهادیان کردووە، لەوانە مەشایخی سەحوە و هەندێ لە شێخانی سەلەفی کوێت و میسر و جەزائیر و هی دیکە.

سەرباری ئەوەی هەندێ لە ئەفغانی عەرەبیی نەوەی یەکەم خۆیان تەرخان کردووە بۆ پاڵپشتی ڕەوتی جیهاد، لەوانە یوسف ئەلعییێری، ئەبوجوندل ئەزەدی، بە جۆرێ ئەبو موسعەبی سوری تەواوی ڕەوتی سەلەفیی جیهادی لە کتێبێکی دوو بەرگی زیاتر لە هەزار و پێنج سەد لاپەڕەدا پاش ڕووخانی خەلافەتی عوسمانی تا ساڵی ٢٠٠٥ز ریزبەند کردووە و کردوویەتی قۆناغ بە قۆناغ.

دەتوانین بنەما سەرەکییە فیکرییەکانی ئەفغانی عەرەب لەم چەند خاڵانەی خوارەوەدا چڕ بکەینەوە:

١- ئەفغانی عەرەب پێیانوایە هەموو ئەو حکومەتانەی کە لە جیهانی عەرەبی و ئیسلامی دا لە دەسەڵات دان، حکومەتی ناشەرعین.

٢- جەنگ (جیهاد) سەرەکیترین و باشترین ڕێگەیە تاکو ئەو دەسەڵاتدارە ناشەرعییانە بگۆڕدرێن.

٣- بەهیچ جۆرێ مامەڵە لەگەڵ دەزگا حکومییەکان ناکەن، چونکە ئەو دەزگایانە لەلایەن حکومەتی کوفر و تاغوتەوە بەڕێوە دەچن و دەزگاکانیش کۆمەکی ئەو حکومەتە دەکەن.

٤- دەکرێ مەسەلەی ناپەسەندی و نەهیکردن و فەرمان بەچاکە لەلایەن خۆیانەوە بگۆڕدرێت، بەبێ ئەوەی ڕووخسەت لە دەسەڵاتی تایبەتمەندەوە وەربگرن، مادام مەرجی شەرعی لەو بارەوە لایان هەیە.

سەبارەت بەکۆمەڵگەی عەرەبی و ئیسلامی، سێ بۆچوونی جودا لە ناو ئەفغانی عەرەب هەیە:

یەکەم: پێیانوایە تەواوی کۆمەڵگەی ئیسلامی کافرن.
دووەم: پێیانوایە کۆمەڵگەی ئیسلامی لە جەهالەت دا دەژین.
سێیەم: پێیانوایە کۆمەڵگەی ئیسلامی سەری لێشێواوە وگومڕا بووە.



هەندێ لە ئەفغانی عەرەب وەکو جەماعەتی جیهاد و جەماعەتی جیهادی ئیسلامی لە میسر و جەماعەتی ئیسلامی چەکدار لە جەزائیر و جەماعەتی ئیسلامی جەنگی لە لیبیا، شەڕ کردن لەگەڵ حکومەتی عەرەبی و ئیسلامی بەواجب دەزانن، پێیان وایە چونکە ئەمانە ڕێگە دەگرن لە جێبەجێ کردنی شەریعەتی ئیسلامی، جا بۆ شەڕیش کە خەڵك و هاووڵاتی دەبنە قوربانی، ئەوانە حوکمی قەڵغانیان بەسەردا دەچەسپێ، بۆیە دەکرێ شەڕی هەموان بکرێ، چونکە ئەو هاووڵاتییە بێبەریە بەپێی نییەتی لە ڕۆژی قیامەت حیسابی لەگەڵ دا دەکرێ.

چەمکی (وەلا و بەڕا — الولاء والبراء) پانتاییەکی فرەوان لە فیکری ئەفغانی عەرەب پێکدێنێ، بۆ غەیرە موسڵمان چەمکی (بەڕا — البراء) بەکاردێنن، لە سەرووی هەموویانەوە ئەمەریکا.

مەرج نییە هەموو توندوتیژییەکی سیاسی ئەفغانی عەرەب بگرێتەوە، هەرچەندە ئەفغانی عەرەب و توندوتیژی سیاسی زۆر بەیەکەوە لکاون، بەڵام هەموو ڕەوتێکی سەلەفیی جیهادی دواجار بەسوود و قازانجی ئەفغانی عەرەب دەکەوێتەوە، دەکرێ ئەو ڕەوتە لە دەرفەتێکدا ئارام بێت، بەڵام بەردەوام چاوەڕێی ئەوەی لێدەکرێ توندوتیژی سیاسی ئەنجام دا.

ئەفغانی عەرەب لەسەر ئاستی ناوخۆ و نێو دەوڵەتیدا چەندین چالاکییان ئەنجام داوە، کە لە مێژووی ڕێکخراوی توندوتیژی سیاسییدا بێ وێنەیە، بۆ ئەنجامدانی چالاکییەکانیان هیچ مەرج نییە لەسەرووی خۆیانەوە فەرمان وەرگرن یا ڕێکبخرێن، یا ئەوەتا مەرج نییە سەرووی خۆیان هیچ پێ بزانن، دیسان ئەمەش بە هۆی ئایدۆلۆژیای بەتین و دیسپلین و ڕێنماییەکانیان ڕێکخراوە، بۆیە ئەفغانی عەرەب وەکو بۆمبێکی تەوقیتکراون.

- **ئەمیری سەربڕان - خوێنڕێژان (أمير الذباحين)**

ئەلقاعیدە خۆیان لە عێراق ناویان لە ئەبوموسعەبی زەرقاوی (احمد فضل الخلايلة) ناوە "ئەمیری سەربڕان" لە کاسێتە ڤیدیۆییەکانی سەربڕینی قوربانیانی ئەلقاعیدە لە عێراق لە ساڵانی (٢٠٠٤-٢٠٠٥ز / ١٤٢٥-١٤٢٦ك)دا بە تایبەتی ئەوەی لە فەلوجە ئەنجامیان دا. ئەلقاعیدە جەختی لەوە کردۆتەوە خودی زەرقاوی سەری ئەمەریکییەکی بڕیوە، هەروەها ئەندامانی ئەلقاعیدە لە سەر تۆڕی ئینتەرنێت ئەو کاسێتەیان نیشان دا کە زەرقاوی وەکو مەڕ سەری قوربانیەکی دەبڕی. ئەمەریکاش پاش ئەوەی لە کاسێتەکە ورد بۆوە، رایگەیاند کەسی سەربڕەکە خودی زەرقاوی بووە.

سەبارەت بەو سەربڕینانە دەردەکەوێ:

یەکەم: زەرقاوی تەواوی ئەندامانی ئەلقاعیدەی لە سەر سەربڕین لە عێراق راهێناوە و فێری کردوون، بۆ ئەم مەبەستەش لەگەڵ ئەوەی خۆیان سەربڕینی قوربانیان پیشان داون، هەروەها سەربڕینی دیکەشیان بۆ مەشق و ڕاهێنانی ئەندامانی ئەلقاعیدە ئەنجام داوە.

دووەم: زەرقاوی پرەنسیپی سەربڕینی مرۆڤ جێبەجێ دەکات، بۆ ئەوەی ئەوپەڕی ترس و تۆقاندن بخەنە دڵی دوژمن و کار لە ورەیان بکەن. باشترین شێواز سەربڕینە و نیشاندانیەتی بە هەر شێوەیەك بێت.

سێیەم: زۆربەی ئەو قوربانیانەی لە عێراق سەربڕاون لە دوو جۆر مرۆڤن:

أ. بێگانەکان، بەتایبەتی ئەمەریکیەکان.

ب. ئەو عێراقیانەی کە کاری زۆر ناپەسەندیان ئەنجام داوە، وەکو جاسوسی کردن بۆ خاچی (الصليبيون) و یەهودییەکان و، ئەتکردنی ئافرەتی موسڵمان و پێشێل کردنی حەرەمی پیرۆزی ئیسلام.

چوارەم: بەو پێیەی زەرقاوی ئەمیری سەربڕان بێت، کەواتە تەواوی ئەندامانی ئەلقاعیدە لە عێراق سەربڕ (قصاب)ن.



- **بەکرێگیراو (المرتزقة)**

ئەو کەسانەن کە بە سڤیل — مەدەنی - ناودەبرێن، کەچی لە راستیدا لە وەزیفەی عەسکەری لە سوپای داگیرکەر کاردەکەن، لە کتێبی فیقهی ئیسلامیدا باس لەوە کراوە، ئەگەر ناجەنگاوەرەکان دەستیان بەشەڕ کرد بە جەنگاوەر دەژمێردرێن.

سوپای داگیرکەر لە پێناو جەنگ ئەمڕۆ سیستەمی تایبەتیکردن (خصخصە)ی سوپا بەکاردێنێ، بۆیە دەکرێ گەلێ لە خەڵکی سڤیل لە سوپای داگیرکەر کار بکەن، کە رەگەزنامەیان لەگەڵ سوپای داگیرکەر یەك نەبێت، چونکە سوپا رایدەگەیەنێت بەپێی چەند مەرجێك کارمەندی دەوێ تا لە وەزیفەکاندا کار بکات.

ڕەوتی سەلەفیی جیهادی پاش رووخانی رژێمی سەدام لە ٢٠٠٣ سێ جۆر بەکرێگیراوی لە سوپای داگیرکەر دەست نیشانکردووە:

١ـ ئەو بەکرێگیراوانەی لە رووخساردا کاری مەدەنی دەکەن، بەڵام لە ناوەڕۆکدا کارەکانیان سەربازین، وەکو ئەوانەی چەك و تەقەمەنی بۆ سوپای ئەمەریکاو بەریتانیا دەگوازنەوە، یاخود لە سەربازگە ئەمەریکییەکان و دەزگاکانی سوپا و نووسینگەکانی داگیرکەر خواردن ئامادە دەکەن یا کاری پاککردنەوەو جل شۆڕدن ئەنجام دەدەن.

٢ـ ئەو بەکرێگیراوانەی کاری پاسەوانیەتی و تیرۆرکردن و تەقینەوە ئەنجام دەدەن.

٣ـ ئەوانەی بەکرێگیراوی ڕەسمین، ئەو سەربازانە دەگرێتەوە کە بەڵێنیان پێدراوە لە بەرامبەر ئەوەی لە سوپای ئەمەریکا خزمەت بکەن، رەگەزنامەیان پێبدرێت.

- **تۆڕابۆڕای بچووك (تورابورا الصغرى)**

ئەنساری ئیسلام بەناوچە شاخاوییەکانی تەوێڵەو بیارەی سەر سنووری هەرێمی کوردستان – ئێرانی دەگوت، وەك ئەو ناوچەیەی ئەفغانستان، کاتێك ئەمەریکا لە ٢٠٠١ دەسەڵاتی تاڵیبانی رووخاندو پێگەکانی ئەلقاعیدەی هەڵتەکاند، پاشماوەکانیان لە چیا سەختەکانی تۆڕابۆڕا کەوتنە بەرگری و کشانەوە، توانیان ئوسامە بن لادن دەرباز بکەن.

ئەنساری ئیسلام لەناوچەی تەوێڵەو بیارە لە تەممووزی ٢٠٠٢ تەرمی پیاوانی رێبازی نەقشبەندیان لە گۆڕ دەرهێنا، ئەم کارەشیان تەواو لە کارەکانی تاڵیبان دەچوو، هەروەها لەوێوە پلانی چەندین چالاکیان دارشت و لە دژی حزبە کوردییەکانی هەرێمی کوردستان ئەنجامیان دا.

- **جەماعەتی تەکفیر (جماعة التكفير)**

بە تەواوی ئەو جەماعەتە ئیسلامییانە دەگوترێت، کە ناوەند و بنەمای فیکر و کار و چالاکییان لەسەر تەکفیر دامەزراوە، بۆیە سنووری لەخۆگرتنی بەرفرەوانە و هەموو ئەو گروپانە دەگرێتەوە، کە گرنگی بە تەکفیرکردن دەدەن.

لەو جەماعەتانە هەن بەشێك لە خەڵك تەکفیر دەکەن، هەن حکوومەت و ئەوانەی مامەڵەی لەگەڵ دەکەن تەکفیر دەکەن، هەن تەواوی گەل تەکفیر دەکەن، هەن پێیانوایە تەواوی خەڵکی لەگەڵ کوفرن و، ناتوانین بڵێین موسڵمانن، کەواتە هیچ کەسێك نابێتە موسڵمان، ئەگەر هاتوو بەڵگەیەکیان نەبێت، هەن پێیانوایە ئەسڵ لە خەڵکی کۆمەڵگە و تاکەکەسی موسڵمان ئەوەیە کە موسڵمانن، نابێت هیچ کەسێك تەکفیر بکرێت، ئەگەر هاتوو ئەو تەکفیرکردنە بەیەقینەوە نەبێت، یەقینیش دەبێت بەجۆرێك بێت جیاوازی بکات لە نێوان ئەوانەی سادەن و ئەوانەی سادەنین.



زۆربەی زۆری ئەو جەماعەتانە کتێبەکانی (سەید قوتب) بەسەرچاوەی سەرەکی خۆیان دەزانن. (سەید قوتب) لە دوای ناوەڕاستی سەدەی بیستەم لە گەلێ مەسەلەی هاوچەرخ دواوە، ئەمە جگە لەوەی کە بیروڕاو کتێبەکانی (محەمەد عەبدولوەهاب)یش بنەما و سەرچاوەی گرنگی تەکفیر کردنن.

پەیڕەوانی جەماعەتی تەکفیر بە پلەی یەکەم پێیانوایە حاکمییەت لە هەموو کاروبارێکدا تەنها بۆ خودایە و بەناوی خودا دەست بە تەکفیرکردن دەکەن و لەو روانگەیەوە حکوومەت و خەڵکی تەکفیر دەکەن، بە پێی لۆژیکی هەرەمی خۆیان، لە فەلەستین جەماعەتی تەکفیر هەن، تا وای لێهاتووە کە هەندێکیان، هەندێکی دیکەیان تەکفیر دەکەن و هیچ بوار بۆ بەیەك گەیشتنیان نەماوەتەوە و لە دانوستانەوە دوورن.

لە ئوردنیش جەماعەتی تەکفیر زۆرن، سەرباری ئەوەی لە میسرو جەزائیریش هەن، کە بابەت و بنەمای تەکفیر بۆوەتە هۆی ئەوەی جودا بن، بۆیە رێزبەندییان جودایە و بەپلەپلە ریزکراون، بە جۆرێ زۆریان وازیان لە تەکفیر هێناوە.

جەماعەتی تەکفیر سەبارەت بەیاخیبوونیش دژ بە دەسەڵاتداران جودان، هەن پێیانوایە دەبێت شەڕی دەسەڵاتداران وەکو مەرج وایە و نابێت دوا بخرێت، هەن پێیانوایە خەڵکی لە تەکفیر دان، دەبێت سەرلەنوێ بۆ بانگەشەی پەیامی ئیسلام و بوونە موسڵمان بگێڕدرێنەوە. هەموو جەماعەتی تەکفیر لە رووی عەقیدەوە سەلەفی وەهابین.

- **جەنگاوەر (المقاتل- المقاتلة)**

لە کۆمەڵگەی مەدەنیدا تەواوی خەڵکی بۆ بەشی سڤیل – هاوولاتی- و سەربازی دابەشکراون، بەلای رەوتی سەلەفیی جیهادییەوە ئەم دابەشکردنە لە لایەن مرۆڤ خۆیەوە داهێنراوە، بۆیە لە شەریعەتی ئیسلامییەوە دوورە.

دابەشكردنی شەرعی ئەوەیە كە هەموو خەڵك بریتین لە دوو بەش، بەشێكیان جەنگاوەرن و بەشەكەی دیكەیان ناجەنگاوەرن.

جەنگاوەر ئەو پیاوانەن پازدە ساڵیان تەواو كردووە و هەروەها هەموو ئەو پیاوانەی بەسەرەوەی ئەو تەمەنەن، ئەمانە بەپێی شەرع جەنگاوەرن هەتا ئەگەر بەهەر شێوەیەك لە شێوەكان لە بەرەی جەنگیشدا نەبن.

جەنگاوەر ئەو ئافرەتانەش دەگرێتەوە كە لە سوپای ئەمەریكاو بەریتانیاو ئیسرائیل و وڵاتانی دیكە لە خزمەتدان، جا لە خانەی ئیسلام بێت یا لە هەر شوێنێكی دیكە دابێت بە جەنگاوەر دەژمێردرێن.

- **جیهادی خۆپارێزی (جهاد الدفع)**

ئەو جیهادەیە لە سەر هەموو موسڵمانێك پێویستە —واجبە— تا دوژمن لە خانەی ئیسلام دەربكات، چونكە لەت لەت كراوە و داگیركراوە، جیهادی خۆپارێزی لە هەموو شوێنێك ئەنجام دەدرێ كە لەتێكی نیشتمانی ئیسلام داگیركرا بێت، بۆیە ئەم جیهادە لەگەڵ خودی ئیسلام پەیوەستە و ناكرێ لە دەرەوەی سنووری نیشتمانی ئیسلام ئەنجام بدرێت.

- **رفان (الخطف)**

گلدانەوە و دەست بەسەركردن و هێشتنەوەی كەسێك یاچەند كەسێكی بەرەی دوژمن — ی ئەلقاعیدە - یە، لەبەر ئەم هۆیانە:

١- مل پێكەچ كردنی حكومەت یا بەرەی دوژمن لە پێناو جێبەجێكردنی هەندێ داواكاری.

٢- تا حكومەت بخاتە تەگەرە و لە رووی سیاسیەوە شەرمەزاری بكات و لە نێوان حكومەت و دەوڵەت و كەسی رفێنراو گیروگرفت دروست بكا.

٣- دەستكەوتنی زانیاری گرنگ لە رفێنراو.



٤- بەدەستهێنانی پارەوپول وەكو سەرانە، كە دەبێتە كۆمەكی بۆ رێكخستنەكان، هەر وەكو سوپای محەمەد لە كەشمیر چەندین ملیۆن دۆلاریان دەستكەوت، یاخود ئەو رفاندنانەی لە فیلیپین و چاچانستان و جەزائیر و عێراق ئەنجامدران، بوونە كۆمەكی گرنگ بۆ خودی ئەو رێكخستنانە.

٥- بەجیهانیكردن و خستنەڕووی كێشەیەكی تایبەت، هەروەك چۆن لە سەرەتادا كێشەی چاچانستان و جەزائیر بەتەواوی جیهان ناسێندرا، جەماعەتی ئیسلامی چەكدار لە جەزائیر فڕۆكەیەكی فەرەنسیان رفاند، هەروەها لە چاچانستان و فیلیپین رفاندنەكان كێشەكەیان بەجیهان ناساند.

- **رفاندنی ئاشكرا (الخطف العلني)**

لەم رفانەدا رفێنەران بەئاشكرا و لە شوێنی گشتی رفێندراون و دەست بەسەر دەكەن، و حكومەت گەمارۆیان دەدەن، زۆرجار شوێنی گەمارۆ هەمان شوێنی رفانەكەیە، یا دەكرێ برفێندرێن، ئینجا ببرێنە شوێنی گەمارۆ دراو.

حكومەت دەست بەگفتوگۆ دەكات لە پێناو ئازادكردنی رفێندراوان، زۆرجاران ئەم گفتوگۆیە كات بەسەربردنە لە پێناو هێرش بۆ سەر رفێنەران. ئەم جۆرە رفانەش وەكو ئەوەی لە هۆڵی یەكێ لە شانۆكانی مۆسكۆ لەلایەن چەكدارانی چاچانستان روویدا.

- **رفانی نهێنی (الخطف السري)**

ئەم رفانە هەموو قۆناغەكانی لەلایەن تیمی رفاندنەوە بەشێوەیەكی نهێنی ئەنجام دەدرێت، هەرچەندە بۆ خۆی رفان كارێكی نهێنیە، بۆیە پاش ئەنجامدانی رفێندراو دەبرێتە شوێنێكی پارێزراو، بەبێ ئەوەی دەسەڵاتداران پەی پێببەن، ئەم جۆرە رفانە بێ مەترسیە، هەروەك رفاندنی گەشتیارانی بێگانە لە یەمەن لە نۆوەدەكانی سەدەی بیستەم.

- **شەڕی خۆپارێزی (قتال الدفع)**

١- شەڕی لەخۆ دوورخستنەوەو خۆپارێزی دەگرێتەوە.
٢- بەو شەڕانە دەگوترێ کە ڕووبەڕووی ناوەندی ڕێکخراوی ئەلقاعیدە دەبێتەوە و سەنتەری ئەلقاعیدە دەکاتە ئامانج.
٣- شەڕی خۆپارێزی بەلای ئەلقاعیدەوە شەڕێکی هەمیشەیی نییە، ئەگەر هاتوو ئەو ناوەندەی هەیانە لەق بێت، ئەوان لە هەموو شوێنێکدا دەجەنگن، بۆیە هەموو شوێنێك لە دەرەوەی سەر زەمینی ئەلقاعیدە دەبێتە مەیدانی شەڕ.
٤- ئەلقاعیدە لە شەڕی ئەمەریکا دژ بە ئەفغانستان لە کۆتاییەکانی ساڵی (٢٠٠١ز — ١٤٢٢ك) بەو شەڕەی گوتووە کە بۆ خۆپاراستن و دوورخستنەوەی مەترسی لە ناوەندەکەی و پاراستنی گروپەکەی کردوویەتی.

- **شەڕی هێرش بردن (قتال الهجوم)**

١- بەو شەڕانە دەگوترێت کە ڕێکخراوی ئەلقاعیدە لە دژی نەیارانی کردوویەتی و دەیکات، بەمەبەستی فرەوانکردنی بازنەی دەسەڵاتی، یاخود بەمەبەستی زەبروەشاندن لە دوژمنەکەی یاخود بەگوێرەی زاراوەی خۆیان لەناوبردنی کوفر.
٢- ئەو هێرش بردنە لە دەرەوەی ناوەندی ئەلقاعیدەیە، دەشێت لە هەموو سەر زەمینێك بێت، کە هی ئەلقاعیدە نەبێت.
٣- ئەلقاعیدە هەموو سەر زەمینێك بە بەد دەزانێت و بەپێی حوکمی خۆی شەڕی تێدا دەکات.
٤- ئەلقاعیدە بەردەوام لە شەڕ دابووە و پێی وایە دەبێت بەردەوام لە شەڕ دابێت، چونکە ئامانجی ئەوە دەخوازێ، بۆیە هێرش بردن ستراتیژێکی گرنگیەتی و لە زووەوە پەیڕەوی لێ کردووە.



- **شێر (لیث)**

لە زمانی عەرەبیدا نێرینەی شێر دەگەیەنێ، ئەلقاعیدەی جیهاد چەمکی (لیث) بۆ ئەو خۆکوژانە بەکاردێنێ کە چالاکی ئەنجام دەدەن. لە بەیاننامەکانی ئەلقاعیدەی جیهاد لە وڵاتی رافیدێن، خۆکوژی کەتیبەی بەڕا کوڕی مالك بە شێری کەتیبە ناو دەبا، هەروەها بە هەمان شێوەش خۆکوژەکانی فەیلەقی عومەر بە شێر ناوزەند کراون.

- **فەیلەقی غەدر- بەدر (فیلق الغدر — بدر)**

فەیلەقی بەدر باڵی سەربازی ئەنجوومەنی باڵای شۆڕشی ئیسلامییە لە عێراق، لە ئێران دامەزراوە، تەواوی سەربازانی شیعە مەزهەبن، لە ڕاپەڕینی ١٩٩١ لە باشوری عێراق ڕۆڵی کاریگەریان گێڕا و دواجار لەلایەن ڕژێمی بەعسەوە سەرکوت کران.
ئەلقاعیدەی جیهاد بە فەیلەقی غەدر — الغدر — ناوی دەبا و بەم جۆرە پێناسەی دەکا: "میلیشیایەکی کافرە و یارمەتی و کۆمەکی تەواو لە ئێران وەردەگرێ، مەترسی لە سەر داهاتووی ئیسلام هەیە و لە نەوەکانی ئیبن عەلقەمی رافیزین". ئەلقاعیدە لە عێراق جەنگی بێ دانوستانی لەگەڵ شیعە ڕاگەیاندووە، سیاسەتی تایبەتیان بۆ شەڕکردن لەگەڵ فەیلەقی غەدر — الغدر — هەیە، بۆیە پێیان وایە شەڕ لەگەڵیان ئەو سوودانەی هەیە:
یەکەم: تۆڵە سەندنەوەی ئەهلی سوننە و زانایانی ئەهلی سوننەیە، ئەوانەی ڕافیزییەکان دەستیان گەیشتوتێ، جا یان ئەوەتا کوشتوویانن یا ئەتکیان کردوون یا هەر کردەوەیەکی دیکەی لەم جۆرەیان لەگەڵ کردوون.
دووەم: لەناوبردنی ئەو فەیلەقە زەمینە بۆ کاری موجاهیدەکان خۆش دەکات تا لە خاکی عێراق دەستیان کراوەتر بێت و چالاکی ئەنجام بدەن.
سێیەم: لەناوبردنی فەیلەقی غەدر — بەدر — چەسپاندنی دادگا شەرعییەکان و سڕینەوەی بیدعەت و ناپەسەندییەکانە.

- **کردەی خۆکوژی - (عملیة انتحاریة)**

کردەی شەهیدبوون — ئیستشهادی (عملیة استشهادیة):

کردەی خۆکوژی یەکێکە لە بەهێزترین ئەو چەکانەی کە رەوتی سەلەفیی جیهادی جیهانی پەیڕەوی دەکات لە پێناو بەدیهێنانی ئامانجەکانی، بۆیە زۆربەی زۆری مەبەستەکانیان - کاتی- بەو رێگە بەدیهێناوە و گەورەترین چالاکییان بەهۆی کردەی خۆکوژی ئەنجام داوە. لە نێو ئەدەبیاتی رەوتی سەلەفیی جیهادیدا، کە بنەمای رێکخراوی ئەلقاعیدەیە، ناوی کردەی خۆکوژی نابرێت، بەڵکو بە کردەی شەهیدبوون (ئستشهادی) ناوزەند دەکرێت، بۆیە لە خۆیان دەپرسن: ئایا ئەم کردەوەیە خۆکوژیە؟ یاخود شەهیدبوون — ئیستشهادی —ە؟ لە وەڵامدا دەڵێن: ئەمە باشترین جیهادە و ئەو کەسەی ئەنجامی دەدات بە پلەی شەهادەت دەگات، بۆ روونکردنەوەی زیاتر ئەم بەڵگانەیان لە بەر دەستە:

یەکەم: خوای گەورە دەفەرموێ "ان الله اشتری من المؤمنین انفسهم و اموالهم بأن لهم الجنة یقاتلون في سبیل الله فیقتلون و یقتلون"، بۆیە هیچ جیاوازی نییە لە نێوان ئەوانەی دەروونیان — نفس- بەخودا فرۆشتووە، ئەو کەسەی گوللەیەك دەیپێکێ یاخود بەهۆی قایشێکی پڕ تەقەمەنییەوە دوژمنان لەناو دەبات و پارچە پارچە دەبێت، هیچ جیاوازییەکیان لە نێوان دانییە، مادام دەروونی بەخودا فرۆشتووە. کەواتە تامی شەهادەت وەك یەك وایە، هەروەها پێغەمبەر (د.خ.) دەفەرمووێ:"ما یجد الشهید من مس القتل الا کما یجد احدکم من مس الفرصة" سەحابەکان بۆ شەهادەت ململانێی یەکتریان کردووە. هەروەها خوای گەورە دەفەرمووێ: "ومن الناس من یشتري نفسه ابتغاء مرضات الله رؤوف بالعباد" بۆیە تاکە ئیسلامێك خۆی بەخشیوە تا زۆرترین زیان لە دوژمن بگەیەنێت.

دووەم: رێسایەکی فیقهی ئیسلامی هەیە کە کردەوەی لێ هەڵدەسەنگێندرێ، ئەویش ئەوەیە کاروکردەوە بەنییەتە، پێغەمبەر (د.خ.) دەفەرمووێ: "إنما



الأعمال بالنیات، و إنما لکل امرئ ما نوی" لێرەوە ئایا ئەو کەسەی خۆی دەتەقێنێتەوە نییەتی ئەوەیە جەستەی خۆی لەناو ببات؟ یاخود نییەتی ئەوەیە شەهید بێت؟ بێگومان ئەگەر مەبەستی لەناو بردنی جەستەی خۆیەتی زۆر رێگەی لە پێشە و رێگەی ئاسان زۆرن.

سێیەم: تەواوی فوقەهاکان (الفقهاء) کۆکن لە سەر ئەوەی موسڵمانێك ئەگەر زۆرترین زیان بە دوژمن بگەیەنێت و بزانێت دەکوژرێت، ئەوا ئەوپەڕی ئازایەتی ئەنجام داوە، بۆیە نەفسی مرۆڤ موڵکی خۆی نییە، زیانی زۆر بە دوژمن دەگەیەنێت و بەوپەری ئەمانەتەوە — نەفسی — بەخودای دەبەخشێتەوە، لەو بارەوە ئیمامی شافعی و غەزالی و ئیبن حەجەر و ئیبن نەجاس دواون، ئیمامی قورتبی لە ئەنجامدانی ئەو کردەوەیەدا دەڵێ: راستە و دەشێ، چونکە چوار رووکاری تێدایە:

١- شەهادەت.
٢- بوونی ئازار پێگەیاندن بە دوژمن.
٣- جورئەت پەیداکردن لە لای موسڵمانان.
٤- پیشاندانی ئەوەی تاکە موسڵمانێك وایە، ئەگەر هاتوو هەموویان پەیدابن چۆن دەبن.

چوارەم: ئەگەر لە روانگەی بەرژەوەندییەکان و ناپەسەندییەکان (المصالح و المفاسد) سەیری بکەین دەبینین کە ئەو جۆرە شەهادەتە شوێنی ژمارە کەمی موسڵمانان پڕ دەکاتەوە و، زیانی گەورەی مادی و مەعنەوییان پێ دەگەیەنێ.

پێنجەم: حیکمەتی بەرژەوەندییەکان و ناپەسەندییەکان (المصالح و المفاسد) لەوەدایە، ئەگەر گەنجێك بەرگی خۆکوشتنی لە بەرکرد، زیانی بە دوژمن گەیاند کە بەرێگەی دیکە ئەو زیانە نەدەگەیەندرا، ئەگەر ئەو گەنجە سوود و بەرژەوەندی مەزنی بۆ ئیسلام بەدەست هێناوە، بۆیە دەشێ ئەو کردەوەیە ئەنجام بدات.

له راستیدا بەکارهێنانی ئەو بەڵگانەی نێو قورئانی پیرۆز لە لایەن رەوتی سەلەفیی جیهادی ئیسلامیەوە بەتایبەتی ئەلقاعیدە جێگەی مشتومڕی زۆرە، چونکە بونیادی تەفسیرکردنی قورئان بۆ خۆی فرەوانە. دەپرسین ئەو بەڵگانەی ئەوان بەکاریان هێناون، ئایا هەر تەنها ئەو بەڵگانە هەن و هیچی دیکە نین؟ ئەمەش بۆ ئەوەمان دەبا ئەو رەوتە لە نێو دەقی قورئاندا بۆ خۆیان ئایەتەکانیان هەڵبژاردووە، لەو بارەوە ئەم سەرنجانە دەخەینەروو:

یەکەم: لەرووی بەڵگەوە، لەنێو قورئاندا بەڵگە هەن واتا ئایەتی دیکە هەن لەگەڵ بیروڕای سەلەفیی جیهادییەوە بەگشتی و ئەلقاعیدە بەتایبەتی ناگونجێت، بۆیە جودا لەو بەڵگانە، بەڵگەی دیکەش هەن،کە هەرگیز نایخەنە پێش، یا ئەوەتا بە بیانوویەك کە هەوڵدەدەن فیقهیش پاڵپشتی لێبکا، بەرپەرچی بدەنەوە، لەو بارەوە دەقی قورئانیش ئایەتی زۆری تێدایە.

دووەم: لەرووی تەفسیرەوە، هەر ئەو بەڵگە و ئایەتانەی ئەلقاعیدە بەکاریهێناون لە نێو خۆیدا تەفسیری دیکەی بۆ دەکری، لەراستیدا مەسەلەی تەفسیرکردنی دەقی قورئان وایکردووە، تخوب بۆ گەلێ رێباز دانێ، لە مێژووی سیاسی و کۆمەڵایەتی ئیسلامدا ئەگەر لە تەفسیرەکان بڕوانین، چەندین تەفسیرمان هەن،کە خاوەنەکانیان سەرەتا پەیوەندییان بە هیچ ئایدۆلۆژیایەکەوە نەبووە، کەچی دوای مردنی بزاڤی سیاسی سوودی لێ وەرگرتووە و بۆ خۆی بەکاریهێناوە، یا ئەوەتا هەندێ تەفسیر هەن تا ئێستا لە رووی کۆمەڵایەتی و سیاسییەوە سوودی لێ وەرنەگیراوە، یا ئەوەتا نەیتوانیوە بچێتە نێو هەناوی ئەو بزاڤانە، لە رۆژگاری ئەمڕۆدا وایلێهاتووە کە حزبی سیاسی بۆ خۆی ئەو تەفسیرە قبوڵ کا لەگەڵ ئایدۆلۆژیای یەکدەگرێتەوە. بۆیە تەفسیرکردن و لێکدانەوەی سورەت و ئایەتەکان رۆڵی گرنگی هەیە، لێکدانەوی سۆفیانە بۆ قورئان زۆر دوورە لەو تەفسیرەی ئەلقاعیدە خەڵکی پێ هانددا، تا بچنە ریزی توندوتیژی سیاسی.



سێیەم: لە رووی پێوەرەوە، سەرانی رەوتی سەلەفیی جیهادی ئیسلامی زۆربەیان لەو کاتەی رێبەرایەتی بزاف یا رێکخراوێك دەکەن، لە هەمان کاتدا بۆ خۆشیان ئەو پێوەرانە بۆ خودی ئایەتەکان دەستنیشان دەکەن کە لەگەڵ بارودۆخیان دەگونجێ، ئەگینا مەرج نییە، ئەو پێوەرانە بۆ ئایەتەکان بەس بن، بۆیە پێوەری دیکەش هەن، کە دەکرێ بەهۆیەوە پاڵپشتی لە تەفسیرکردنی ئایەتێك بکرێ، مەسەلەی ناسخ و مەنسوخ هەر لەو بوارەدایە.

چوارەم: لەرووی بڕیاری ناوەندی ئیسلامیەوە، ئەلقاعیدە نەیتوانیوە لە ناوەندەئیسلامیەکاندا کاربکات، ئەمەش وایکردووە، ئەرکی زۆر قورس بێت، ئەلقاعیدە هەتا نەیتوانیوە لەو ناوەندانەش رۆڵێ هەبێت، کە لێوەی نزیکن، بۆیە نەك هەر دروستکردنی ئیجماع، بەڵکو لە دروستکردنی هاودەنگیش سەرکەوتنی بە دەست نەهێناوە. بەجۆرێ زۆربەی ناوەندە ئیسلامیەکان کارەکانیان بەرپەچداوەتەوە و بەهیچ جۆرێ لەگەڵی دانین، سەرباری ئەوەی حکوومەتانی ئیسلامیش هەوڵی جدیان داوە تا رەوتی وەکو ئەلقاعیدە لە گۆڕەپانی شەرعی و سیاسی ببەنە دەرەوە، و لە ناوەندە ئیسلامیەکانەوە دووریان بخەنەوە.

پێنجەم: لەرووی ئایدۆلۆژیاوە، لە راستیدا هەر سێ مەسەلەی وەرگرتن و لێکدانەوەی دەقی قورئان و ئایدۆلوژیا و کاری سیاسی، بنەمای رەوتی سەلەفیی جیهادیی پێکدێنن، لە کاری ئەو رەوتەدا لە یەکتر جودانین، بۆیە شێوازی کارکردنی ئەو سێ مەسەلەیە لە یەك بازنە دایە، هەر یەکەیان بازنەی سەربەخۆ نین و دواتر پێکەوە بەسترابنەوە، ئەم شێوازەش رێك لەگەڵ باری توندوتیژی ئەو رەوتانە دێتەوە. ئەلقاعیدە هەر سێ مەسەلەی سەرەوە بە یەك ئاست سەیر دەکات و مامەڵەی لەگەڵ دەکات.

شەشەم: لەرووی سیاسییەوە، لەلای رەوتی سەلەفیی جیهادییەوە سیاسەت و ئاین یەك مەسەلەن و هەرگیز لێك جودانابنەوە، مونەزیرەکانیان زۆربەیان لەگەڵ

خەریك بوون بە ئایینەوە لە کاری سیاسیش بەشدارییان کردووە، بە گشتی بزافە ئایینیەکان ئاین لە سیاسەت دانابڕێنن، سەرباری ئەوەی دژی ئەوروپا و ئەمەریکان، بە گشتی تا ئێستا رەوتە سەلەفییەجیهادییەکان لەدژی حکوومەتەکانی خۆشیانن، کە لە هەندێ ماوەدا لە گەڵ حکوومەتی هاوپەیمان بوون.

حەوتەم: لەرووی دەسەڵاتەوە، رەوتە سەلەفییە جیهادییەکان زۆر بەتەنگ دەسەلاتەوەن، سەرەتا بیروراکان لەو بارەوە روون نەبوو، چالاکییان پەرت بوو، دواتر ویستیان لەدەرەوەی حکوومەتەکانەوە کاربکەن، بەڵام دواجار کار بۆ دەسەڵاتیان کردە ستراتیژ، سەرباری ئەوەی دەبێ بزانین ئەو رەوتانە بەشێکی زۆریان لە کاردانەوەی دەسەڵاتدارانی ئیسلام و بەتایبەتی عەرەب دروست بوون.

توێژەرانی رۆژئاوا و پسپۆرانی توندوتیژی سیاسی بە تایبەتی توێژەرانی ئەمەریکا بەوردی لە دیاردەی خۆکوژی رەوتی سەلەفیی جیهادییان کۆڵیوەتەوە و لەو بارەوە ناوەندی توێژینەوەی سەربەخۆیان بۆ دامەزراندووە، چەند تایبەتمەندییەکان سەبارەت بەکردەی خۆکوژی دەستنیشان کردووە، کە بریتیین لەمانە:

یەکەم: ئەو کردەوانە بەشێوەی تۆقێنەر ئەنجام دەدرێن و خۆکوژان مەبەستیانە ترس و تۆقاندنی لە رادەبەدەر بێنە ئاراوە، بۆیە بەجۆرێکی وەها تۆقێنەر ئەنجام دەدرێن کە دۆزینەوەی بەڵگە لە سەریان سەختە و بەشێوەی پۆزەتیڤانە ناناسرێنەوە.

دووەم: کردەوە خۆکوژییەکان لە زۆربەی وڵاتان لە یەك دەچن، لە سریلانکاوە بگرە تا فەلەستین و لەندەن و مەدرید و نیویۆرك و عێراق، هەموو هێرشەکانیان، کەرەستەکانیان وەك یەکن.



سێیەم: (رۆبێرت پێپ) سیاسەتمەدار و توێژەر لە بورای تیرۆر لە زانکۆی شیکاکۆ دەڵێ: "ئەوانەی کردەوەی خۆکوژی ئەنجام دەدەن هەموویان فیداکارن و هیچ یەکێکیان بەزۆرەملێ خۆی ناکوژێت".

چوارەم: (رۆبێرت پێپ) هەروەها دەڵێ: " ئەوانە باری کۆمەڵایەتییان زۆر باشەو زۆربەیان کاری تەکنیکی یاخود کاری دیکە دەزانن و بەگروپێکەوە بەستراونەتەوە کە ئامانجی سیاسی لە پشتەوەیە".

پێنجەم: (سکۆت ئەتران) زانای دەروونناسی لە زانکۆی میشیگان، پێیوایە خۆکوژەکان گروپێکن کە بەدەگمەن نەزان و فەقیریان تێدا هەڵدەکەوێت. لەو بارەوە دەڵێت: "ئەوانە نەشێت و نەترسنۆکن، بەڵکو گوێڕایەڵن و دوورەپەرێزو نامۆ نین".

شەشەم: تۆڕێکی ئاڵۆز لە پشت خۆکوژەکانن و لە رووی لۆجستییەوە یارمەتییان دەدەن، ئاشکرابوونیان ماندووبوون و کۆنترۆڵکردنی دەوێ.

حەوتەم: تەمەنی زۆربەیان لە نێوان (٢٠تا٣٠) ساڵ دایە و زۆربەی زۆریان خەڵکی کەنداو یا باکوری ئەفریقان.

هەشتەم: زۆربەی خۆکوژەکان باکگراوەندی تیرۆرستیان نییە، ئیسرائیل ئامارێکی کردووە سەبارەت بەو (١٥٤) خۆکوژەی لە سەرەتای ساڵی (٢٠٠٥)ەوە تا مانگی هەشتی هەمان ساڵ لە عێراق خۆیان تەقاندۆتەوە، دەرکەوتووە، هیچ کامیان پێش ئەوەی بێن بۆ عێراق رابردووی تیرۆرستیان نەبووە.

نۆیەم: خۆکوژەکان لە رێگەی شانەی نووستوو (الخلايا النائمة) ئامادەدەکرێن، ئەلقاعیدە لە ئەوروپا ئاڵۆزترین رێکخستنی هەیە، کە شانە نووستووەکان نەك هەر خۆکوژ ئامادەدەکەن، بەڵکو بڕبڕەی رێکخستنی ئەلقاعیدەی جیهادن لە ئەوروپا.

- **لاوە جیهادییەکان (شباب الجهاديين)**

ئەم چەمکە دەسەڵاتدارانی عەرەبستانی سعودیە بەکاری ڕێکخستنەکانی سەلەفیی جیهادی بەگشتی دێنن، ئەو لاوانە دەگرێتەوە کە بە بیروباوەڕ و بۆچوونی جیهادی و جەنگ لە پێناو شەریعەتی ئیسلام لەلایەن شێخانی سەحوە (الصحوة _ رابون) بە تایبەتی مێشکیان ئاودراوە.

ڕێکخستنەکانی سەلەفیی جیهادی و شێخانی سەحوە هەر لە سەرەتای هەشتاکانی سەدەی بیستەم هەتا بەرگری لە دژی ئەمەریکا لە عێراق پاش ساڵی ٢٠٠٣، توانیان بەهەزاران لاو لە سعودیە بە هۆی کتێب و سیمینار و کاسێتی ڤیدیۆ بۆ بەرەکانی جەنگ و بەرگری ڕەوانە بکەن تا لە دژی دوژمنانی ئیسلام بکەونە جیهاد.

شێخانی سەحوە جیهادیان بەفەریزەیەکی ئامادەنەبوو (الفريضة الغائبة) لێکدایەوە، لە سەرەتادا دەسەڵاتدارانی سعودیە دەستیان نەخستە پەیوەندی نێوان لاوان و شێخانی سەحوە، تا ئەو کاتەی لە ساڵی ١٩٩٠ بەبیانووی داگیرکردنی کوێت لە لایەن عێراق، شێخانی سەحوە هاتنی سوپای ئەمەریکایان بۆ سعودیە مەحکوم کرد، بەجۆرێ تا لە سەرەتای هەزارەی دووەم کاتێك چالاکی ئەلقاعیدە لە سعودیە رووی لە هەڵکشان کرد، دەسەڵاتدارانی سعودیە زۆربەی زۆری شێخانی سەحوەیان خستە بەندیخانەوە، ئەمەش وایکرد هەندێکیان لە هاندانی لاوان بوەستن و هەڵوێستی پێچەوانە وەربگرن، هەرچەندە لە ژێر فشاری دەسەڵاتدارێتی سعودیە شێخ سەفەر ئەلحەوالی و موحسین ئەلعەواجی لە ساڵی ٢٠٠٣ بانگەشەی وازهێنان لە توندوتیژیان بۆ لاوان کرد، بەڵام هیچ سەدایەکی نەبوو، لاوان بەتوندی بەرپەرچیان دانەوە، ئەم بانگەشەیە هیچ کاریگەرییەکی لە سەر لاوان نەبوو، ئەمەش بووە هۆی ئەوەی ڕێکخستن و تەیارکردنی لاوان لەگەڵ ئەوەی ئەڵقەی شێخانی سەحوە بپسێت، کەچی تەجنیدکردن و ڕێکخستنی لاوان



بەهۆی ڕووداوەکانی عێراقەوە رووی لە نەشونما و هەڵکشان کرد. لە ناو سعودیەش ئەلقاعیدە دەستی بەچالاکی زیاتر کرد، لە ژمارە پێنجی گۆڤاری دەنگی جیهاد(صوت الجهاد)دا هاتووە: (لەم ڕۆژانەدا هەندێ لایەن لە سەرووی هەموویانەوە ئەلحەوالی و ئەلعەواجی داوای ئەوە دەکەن کە لاوانی موجاهید چەك فڕێ دەن و سەریان شۆڕکەن و واز لە جیهاد و خەبات بهێنن، وەك ئەوەی لاوان عەقڵیان نەمابێ، نەتوانن لە نێون حەق و باتیل لە نێوان ڕاستگۆ و درۆزن جیاوازی بکەن).

پاش ئەوەی شێخانی سەحوە وازیان لە هاندان هێنا، بەڵام هەڵوێستیان بۆ دەرەوەی سعودیە بەهەمان شێوەی جاران توند بوو، لەگەڵ ئەوەی دەسەڵاتدارانی سعودیە پەیوەندی لاوان و شێخانی سەحوەی پچڕاند، کەچی ئەو لاوانەی لە عێراق خۆیان تەقاندەوە، زۆربەیان خەڵکی عەرەبستانی سعودیە بوون.

- **لە ناوچوو (هالك)**

- (هالك) وشەیەکی عەرەبییە ئەمانە دەگرێتەوە (لەناوچوو، تەفروتونا بوو، پەرش و بڵاوبوو، پارچە پارچەبوو).

- ئەلقاعیدە بەو کەسانە دەڵێ (هالك) کە بەدەستی خۆی لە ناوی بردوون، بەهۆی چالاکییەکی خۆیەوە. بە تایبەتی ئەوانەی بەهۆی تەقینەوە یان لە کردەی خۆکوژیدا یا هەر کردەیەکی دیکە بێت.
- ئەم چەمکە لە بەیاننامەکانیاندا هاتووە و ئاماژەی بەو کەسانە کردووە کە لە ناوی بردوون.
- چەمکی (هالك) توندوتیژییەکی زۆری تێدایە، ئەوانەی ڕووبەڕووی ئەو چارەنووسە دەبنەوە، هەر بەرێگای توندوتیژی لەناوچوون.
- بۆ نموونە بۆ کردەی خۆکوژی (١) شوباتی ٢٠٠٤ چەمکی لە ناوچوو (هالك)ی بەکارهێناوە.

- **مەفرەزەی محەمەد کوڕی موسلیمە (مفرزة محمد بن مسلمة)**

مەفرەزەیەکی سەر بە ڕێکخستنی ئەلقاعیدەی جیهادە لە وڵاتی رافیدێن، لە شاری موسڵ چالاکە، لە ڕێکەوتی (١٠/٧/٢٠٠٥ز – ٣/ جمادي الاخر/١٤٢٦ك) بەرپرسیاریەتیان لە تیرۆرکردنی دوو پێشمەرگە ڕاگەیاندووە.

- **ناجەنگاوەر (غير المقاتلة)**

منداڵی نابالغ و ئافرەت و پیر و نەخۆشی درێژخایەن بە ناجەنگاوەر دەژمێردرێن، هەروەها لە نێو پیاوانیشدا کوێر و کەڕ و شەل و کەم ئەندام بە ناجەنگاوەر لەقەڵەم دەدرێن، بەڵام هەریەك لەمانە ئەگەر بەزار –زمان- یاخود بەکردەوە دەستی بەشەڕکرد، بە جەنگاوەر دادەنرێت، چونکە لە بازنەی ناجەنگاوەر دەردەچێت و دەبێتە پاڵپشت بۆ جەنگاوەران.

- **ناوەندی روحی (المركز الروحي)**

لێکۆڵەرانی ڕۆژئاوا ناویان لە نووسینگە ئاشکرا و نهێنییەکانی ئەلقاعیدە لە بەریتانیا ناوە، ناوەندی روحی لە ڕۆژئاوا، چونکە پێیانوایە:

١ـ ئەلقاعیدە توانیویەتی کولتووری لێبوردنی کۆمەڵگەی بەریتانیا لە پێناو چالاکی خۆی بقۆزێتەوە.

٢ـ لە بەریتانیا سەرپەرشتی ناوەندەکانی دیکە لە وڵاتی ئەوروپا دەکات، بۆیە بەهێزترین بونیادی لەو وڵاتەدا هەیە.

٣ـ نووسینگە ئاشکرا و نهێنییەکانی ئەلقاعیدە توانیویانە ببنە جێگرەوەی پەیوەندییەکانی سەرانی ئەلقاعیدە چ لەگەڵ حزبە ئیسلامییەکانی دیکە یاخود لە نێوان ئەندامانی یاخود لە پێناو هاتووچۆی ئەندامان بۆ ئەنجامدانی مەشق لە ئەفغانستان و چاچانستان و فیلیپین و کەشمیر.



- **نەوەی دووەم (الجيل الثاني)**

بەو چەکدارانەی ڕەوتی سەلەفیی جیهادی بەتایبەتی ئەلقاعیدە دەگوترێت کە لە ساڵانی کۆتایی هەشتاکان و سەرەتای و بگرە تا نزیکی ناوەڕاستی نۆوەدەکانی سەدەی بیستەم لە کەشمیر و داغستان و تاجیکستان و ناوچەی ناگۆرنۆ کاراباخی نێوان کۆماری ئازەربایجان و ئەرمەنستان جەنگاون.

بەم تایبەتمەندییانە جودا دەکرێنەوە:

یەکەم: زانیاری زیاتریان لە نەوەی یەکەم دەربارەی هونەری جەنگ هەیە و زۆربەیان لە سەربازگەکانی بن لادندا مەشقیان کردووە.

دووەم: زۆربەیان لە ئەفغانستانەوە چوونەتە بەرەی جەنگ بۆ ناوچەکانی دیکەی جیهانی ئیسلامی.

سێیەم: زۆربەیان وەلایان بۆ کەسی ئوسامە بن لادن هەیە.

چوارەم: لە کاتێکدا کە بۆ بەرەکانی جەنگ بۆ ناوچەکانی دیکە ڕۆیشتوون، حکوومەتە عەرەبییەکان بە ئاشکرا کۆمەکییان نەکردوون، بەڵام ڕێگەشیان لێ نەگرتوون.

- **نەوەی نوێ (الجيل الجديد)**

بەرپرسانی عەرەبستانی سعودیە نەوەی نوێ بۆ ئەو ئەندامانەی ئەلقاعیدە بەکاردەهێنن کە لە پاش (نیسان/ ئەپریلی ٢٠٠٣)ەوە لە عێراقەوە گەڕاونەتەوە سعودیە. ئەو ئەندامانە وەك ئەو چەکدارانە نین کە لە ئەفغانستانەوە گەڕاونەتەوە یاخود لە کەشمیر یا کاراباخ یا هەر شوێنێکی دیکە گەڕابنەوە عەرەبستانی سعودیە.

نەوەی نوێ بەمانەی خوارەوە دەناسرێنەوە:

یەکەم: بەنهێنی لە عەرەبستانی سعودیە یاخود لە ئەوروپاوە پاش رووخانی رژێمی بەعس لە نیسانی ٢٠٠٣ چوونەتە عێراق. بەهەمان شێوەش لە بەر هەر بارودۆخێك بێت گەڕاونەتەوە عەرەبستانی سعودیە. پێشتر چەکدارانی عەرەب بەهەماهەنگی لەگەڵ بەرپرسانی سعودیە بۆ ئەفغانستان بەرێ دەکران و بەهەمان شێوەش دەگەڕانەوە.

دووەم: تەواوی ئەندامانی ئەلقاعیدەی عەرەبستانی سعودیە کە لە دوای ٩/نیسانی/٢٠٠٣ هاتوونەتە عێراق و لە دژی ئەمەریکا چالاکییان ئەنجام داوە، لە بەرئەوەی لە عێراق بواری کردنەوەی سەربازگە نەبووە، بۆیە شارەزایی زۆریان لە تەقاندنەوەی ئۆتۆمبێل و خۆتەقاندنەوە و جۆرەکانی دیکەی تەقینەوە هەیە.

سێیەم: زۆربەی زۆری ئەندامانی ئەو نەوەیە لە ریزی شانە نووستووەکانن، یاخود بەهۆی شانەی نووستووەوە هاتوونەتە عێراق و دەگەڕێنەوە ناو عەرەبستانی سعودیە.

- **نەوەی یەکەم (الجيل الاول)**

بەو چەکدارانەی رەوتی سەلەفیی جیهادی دەگوترێت کە لە جەنگی داگیرکاری سۆڤیەت لە ئەفغانستان بەشدارییان کردووە، ئەمانەش رۆڵی کاریگەریان گێڕا لەوەی سۆڤیەت ئەفغانستان جێ بهێڵێ، دەتوانن بەم تایبەتمەندییانە جودایان بکەینەوە:

یەکەم: لەبەر بەرژەوەندی بەرەی دژی کۆمۆنیست کە رۆژئاوا بەهاوکاری وڵاتە ئیسلامیەکان لە ئەفغانستان لە سەرەتای هەشتاکانی سەدەی بیستەم رێبەرایەتی دەکرد، چەکدارانی نەوەی یەکەم بەئاشکرا کاریان کردووە و سوودیان لە دەزگا هەواڵگرییەکانی ئەو وڵاتانە وەرگرتووە.



دووەم: لە بڵاوکردنەوەی بیروباوەڕی جیهادی ئازاد بوون، پەیوەندی خۆشیان لەگەڵ تەواوی شێخان و زانا ئاینیەکانی پاڵپشتی جیهادی ئیسلامی هەبووە، کە لە نێو ئەمانەشدا ئەزهەری میسریش پاڵپشتی کردوون.

سێیەم: لە سەربازگەکاندا مەشقی بەرەییان کردووە، شارەزایی زۆریان لەو جۆرە شەڕە هەبووە.

چوارەم: هەرچەندە بەبیروباوەڕی جیهاد لە پێناو ئیسلام تەیارکراون، بەڵام لە رووی رێکخستنەوە پەرش و بڵاوبوون، بۆیە لە نێو رێکخراوێکی توکمە و خاوەن دیسپلین بۆ ئەو مەبەستە کۆنەکراوەتەوە.

پێنجەم: چەمکی نەوەی یەکەم چەمکێکی باوە، لێکۆڵەرانی رۆژئاوا و وڵاتە ئیسلامییەکان بەتایبەتی عەرەبستانی سعودیە بەکاری دێنن.

- **نیشتمان (الوطن)**

هەموو ئەو شوێنانە دەگرێتەوە کە ئیسلام لێی هەیە، چەمکی نیشتمان لای رەوتی سەلەفیی جیهانی دوو رەهەندی هەیە:

یەکەم: رەهەندی شوێن: ئیسلام لەو شوێنەی لێی جێگیر و نیشتەجێیە، بەواتا کۆمەڵگەیەکی پێکهێناوە جا لە هەر نەتەوە و هۆز و ئەتنێك بوو بێت، لێرەدا لە بەرئەوەی ئیمپراتۆرییەتی ئیسلام لە مێژوودا لە سەر بنەمای کۆن کشاوە و زەوییەکانی پێ بەپێ فرەوان کردووە، بۆیە دەتوانین بڵێین تەواوی کۆمەڵگاکانی ئیسلام لێك دراون و زۆر کەم سنوورەکانی ئاوین. هەندێ لەتی نیشتمانی ئیسلام ئێستا لە دەست موسڵمانان نییە و لێی دەربەدەر کراوە، وەکو فەلەستین و بەشێکی فیلیپین.

دووەم: رەهەندی زەمەن، ئیسلام بەدرێژایی مێژووی دەسەڵاتدارێتی خۆی زەوییەکانی لە سەر فەتح کردن فرەوان کردووە و پەیامی بڵاوکردۆتەوە.

لە ڕاستیدا ئەم دوو ڕەهەندە بەیەکەوە واتای نیشتمان لە لای ڕەوتی سەلەفیی جیهادی دەگەیەنن، بۆیە لە ڕاڤەکردنی هەردوو ڕەهەندی شوێن و زەمەن بۆمان دەردەکەوێت لە مێژووی ئیسلام دا ئەو خاکانەی فەتح کراون، بەڵام ئیسلام لێی نیشتەجێ نەبوو، جا لە بەر هەر هۆکارێك بێت، ئەوا نەبۆتە نیشتمان هەروەکو کشانی سوپای ئیسلام لە ئەندەلوس، هەروەها ئەو خاکەی کە ئیسلام فەتحی نەکردووە، بەڵام کۆمەڵگەی ئیسلامی لێی دروست بووە، ئەمە بۆوەتە بەشێك لە نیشتمان.

ئیسلام بۆخۆی واتای نیشتمان دەگەیەنێت، ئەو قەوارانەی لەم نیشتمانە ئیسلامییە بچووکتر دروست بوون لەتێکی نیشتمانن، نەك نیشتمان خۆی بن، عەرەبستانی سعودیە بە تەنیا نیشتمان نییە، بەڵکو نیمچە دوورگەی عەرەب یا زەوی هەردوو حەرەمە، وڵاتانی ئیسلامی ئێستا، نیشتمانی ئیسلام نین، لە دەیەی دووەمی سەدەی بیستەم لەگەڵ ڕووخانی خەلافەتی عوسمانی، ئیستعمار بۆ بەرژەوەندی خۆی سنووری بۆ کێشاون، ئەگینا لەتی موسڵمانی فیلیپین هیچ جیاوازی لەگەڵ مۆریتانیا نییە و هەموویان یەك نیشتمانن.

- **نێردراو (الرسل)**

لە عورفی پەیوەندییەکانی بەر لە پەیدابوونی قانوونی نێو دەوڵەتیدا، نێردراو پایەی باڵیۆزی ئێستای لە ئەستۆ گرتووە، هەموو نێردراوێك بۆ لای ئەلقاعیدە یا هەر ڕێکخستنێکی دیکەی سەر بە ڕەوتی سەلەفیی جیهادی هەمان حوکمی جارانی دەسەڵاتدارێتی دەوڵەتی ئیسلامی — خەلافەت —ی هەیە و بەهەمان عورفی پەیوەندییەکانی سەردەمی حوکمڕانیەتی دەوڵەتی ئیسلامی دەپێورێت. بەهیچ جۆرێ ناکرێ نێردراو بکوژرێ، ئەلقاعیدە پێیوایە نێردراو — باڵیۆز — ی وڵاتە عەرەبیەکان لە عێراق وەکو باڵیۆزی میسر و جەزائیر و بەحرێن و پاکستان یا هەر وڵاتێکی دیکە بە نێردراو حیساب ناکرێن، چونکە بۆ لای ڕێکخستنی



ئەلقاعیدەی جیهاد نەنێردراون، بۆیە ئەلقاعیدە وەکو نێردراو مامەڵەیان لەگەڵ ناکات. ساڵی ٢٠٠٥ ئەلقاعیدە باڵیۆزی میسر و جەزائیری گرت و پاشان کوشتنی و هەروەها باڵیۆزی بەحرێن و پاکستانیش لە هەوڵی تیرۆری ئەلقاعیدە لە عێراق دەرباز بوون.

- **هاوپەیمانیەتی نەرم (تحالف مرن)**

لێکۆڵەرانی ڕۆژئاوا هاوپەیمانیەتی و پەیوەندی نێوان ئەلقاعیدە و حزبە ئیسلامییە جیهادییەکانی دیکە بە هاوپەیمانیەتی نەرم ناو بردووە، چونکە ئەلقاعیدە و بگرە حزب و ڕێکخراوەکانی دیکەی ئیسلامی جیهادی، زۆر بەئاسانی دەتوانن هاوپەیمانیەتی دروست کەن و یارمەتی یەکتر بدەن.

لەگەڵ ئەوەی ئەلقاعیدە و جەماعەتی جیهادی ئیسلامی میسر و جەماعەتی ئیسلامی چەکداری جەزائیر و جەماعەتی ئەبو سەیاف هەموویان لە ژێر کۆنترۆڵی ئوسامە بن لادنن، کەچی لەهەمان کاتدا هەیکەلی خۆیان پاراستووە و بەسەربەخۆیی کاردەکەن، دەتوانن بەزووترین کات لەتەك ئەلقاعیدەش کاربکەن. دەتوانین ئەم سەرنجانە لەو بارەیەوە بخەینەڕوو:

یەکەم: هاوپەیمانێتی نەرمی ڕەوتی سەلەفیی جیهادی ئیسلامی لە سەر بنەما فیکری و ئایدۆلۆژی دروست دەبێت.

دووەم: مەرج نییە هاوپەیمانێتی نەرم لە سەر چەند خاڵێك دامەزرابێ و گفتوگۆبکرێ، بەڵکو بزاڤ و ڕەوتە سەلەفییە جیهادییەکان بە کەمترین شێوە یارمەتی و کۆمەکی یەکتر دەکەن.

سێیەم: کاتێ پێویست بێت زوو دەبن بەیەك حزب و ڕێکخراو یا ئەوەتا ئەرکەکانیان دابەش دەکەن.

چوارەم: لەڕووی دارایی و هونەرییەوە بە ئاسانی کۆمەکی یەك دەکەن.

پێنجەم: هێزی هەموویان لە پێناو ئامانجێکی دیاریکراو کاردەکەن.

بڵاوکراوە

• **تۆڕی ئاوازی گوللەی جیهاد (شبكة عزف الرصاص الجهادية)**

ئەم تۆڕە لە شێوەی ئاژانسێکی هەواڵی دایە، لە سەرەتاکانی ساڵی (٢٠٠٢)ەوە تەنها هەواڵی رێکخراوەکانی ئەلقاعیدە بڵادەکاتەوە، تایبەتمەندە بە بڵاوکردنەوەی بەیاننامەکانی سەرانی ئەلقاعیدە بە تایبەتی بن لادن. زۆربەی زۆری بەیاننامەکانی بن لادن لەوێدا بڵاوکراونەتەوە، سەرباری کاسێتی ڤیدیۆی بن لادن و چالاکیەکانی ئەلقاعیدە. ئەم تۆڕە داوای لەوانە کرد کە دەیانەوێت موتابەعەی بکەن، دەتوانن بەهۆی بەم ناونیشانە بیدۆزنەوە (rose٠٥٠@hotmail.com) ئەم تۆڕە سەرباری چالاکییەکانی ئەلقاعیدە لێدوان و بەیاننامەی پارتە ئسولییە ئیسلامیەکانیش بڵاودەکاتەوە، بەڵام ئێستا داخراوە.

• **رفان (الخطف)**

نامیلکەیەکە لەلایەن ئەبو هاجەر ناسراو بە عەبدولعەزیز موقرن ئەمیری ئەلقاعیدەی جیهاد لە نیمچە دوورگەی عەرەب نووسراوە، لە زنجیرەی کتێبی زانستی سەربازییە.

نامیلکەکە لەم بەشانە پێکهاتووە، پێناسەی رفاندن، هۆکارەکان، ئەو مەرجانەی پێویستە لە تیمی رفاندا هەبێت، جۆرەکانی رفان، رفانی نهێنی،



رفانی ئاشکرا، قۆناغەکانی رفانی ئاشکرا لە نێو باڵەخانەدا، لە نێو پاس، لە نێو فڕۆکەدا، لە نێو کەژاوەدا، ئەمنیەتی رفانی ئاشکرا، قۆناغەکانی رفانی نهێنی، ئەمنیەتی رفانی نهێنی، لە هەر دوو حاڵەتدا چۆن مامەڵە لەگەڵ بارمتە دەکرێت.

• **رفان (الخطف)**

لە ژێر ناونیشانی نامەیەکی جیهادی گرنگ بەرەی راگەیاندنی جیهانی ئیسلامیی، رفان(الخطف)ی بڵاوکردۆتەوە، ئەبو قەتتادەی شامی کۆیکردۆتەوە و رێکی خستووە، نامەکە باس لە هەموو ئەو رووداوانەی رفانی سەردەمی بڵاوبوونەوەی ئیسلام دەکات و لە رووی شەرعەوە لێکیان دەداتەوە.

نامەکە پێکهاتووە لە پێشەکی و شێوازی رفان دژی رەعایای دەوڵەتی دوژمن و بارمتە لە تەرازووی ئیسلام و مەرجی بارمتە و نموونەکانی سەردەمی (پێغەمبەر د.خ) و رفان لە سوننە و یاداشتنامەی پێغەمبەر و رووداوی رفان کە موسڵمانان لە خۆوە ئەنجامیان داوە، رفانی ئافرەت و مێرد منداڵ و پێناسەی بێ تاوانان و دواجار نامیلکەی رفان (الخطف)ی ئەبو هاجەری دووبارە بڵاوکردۆتەوە.

ئەم نامەیە تا ساڵی ٢٠٠٥ لە سەر دوازدە سایتی ئینتەرنێت بڵاوکرابۆوە، بەڵام زۆربەی ئەو سایتانە داخراون.

• **زانکۆی ئەلقاعیدە بۆ زانستە جیهادییەکان (جامعة القاعدة للعلوم الجهادية)**

زانکۆی ئەلقاعیدە بۆ زانستە جیهادیەکان، زانکۆیەکی ئەلیکترۆنیە، لە سەر تۆڕی ئینتەرنێت خزمەتگوزاری پێشکەش دەکات. خزمەتگوزارییەکانی وەك هەر زانکۆیەکی ئاسایی دیکە نییە، بەڵکو بە دوای چالاکی خۆکوژیدا دەگەڕێت، بۆیە

داوای هیچ بڕوانامەیەکی دیراسی ناکات بۆ وەرگرتنی قوتابیان. قوتابیان لای ئەم زانکۆیە، ئەوانەن کە جیهاد دەکەن و لە ڕێگەی ئەم زانکۆیە پەیوەندی دەکەن.

<u>ئەم زانکۆیە لە چەند کۆلیژێك پێکهاتووە کە بریتین لەمانە:</u>

- جیهادی ئەلیکترۆنی.
- مەشق کردن لە سەر چەك.
- ئۆتۆمبێل تەقاندنەوە.
- بەکارهێنانی تەقەمەنی.

هەر یەکێ، لەم بەشانە بۆ تەواوکردنی، قۆناغ و هەنگاوی خۆی هەیە، کە لە چەندین وانە و موحازەرەدا کۆلیژەکە تەواو دەکرێت، سەرباری ئەوەی هەر کۆلیژێك چەندین کتێب و گۆڤاری پڕ لە زانیاری تایبەت هەن لە بارەیانەوە.

سەرکردەیەکی ئەلقاعیدە لە بەیاننامەیەکدا کە لە (سەنتەری ڕاگەیاندنی ئیسلامی)دا لە ڕێکەوتی ٢٠/ی تشرینی دووەم نڤیمبەر ٢٠٠٣ بڵاوکراوەتەوە، تیایدا ڕایگەیاندووە: "دروستبوونی ئەلقاعیدە لە ئەفغانستان سەرەتا لە نووسینگەی خزمەتگوزاری و خانەی ئەنسار (بیت الأنصار) و سەربازگەی فارووق دەستی پێکرد، تا ئەو قۆناغانەی کە هەموو لایەك دەیزانین، قۆناغی ئێستاش دروستکردنی زانکۆی ئەلقاعیدەیە بۆ زانستە جیهادییەکان".

هەروەها لە بەیاننامەکەدا هاتووە: " ڕۆڵی زانکۆکە خۆی لە هاندان و ڕێنماییکردن و ئاراستەکردن و وەئاگاهێنان و خۆڕاگری و بوێری دەبێتەوە، سەرۆکی زانکۆ و ڕاگرانی کۆلیژەکەش لە سەرکردە موجاهیدەکان لە سەرووی هەموویانەوە شێخ ئوسامە بن لادن پێکدێ".



- **زروە سەننام (ذرة السنام)**

گۆڤارێکە بەشی ڕاگەیاندنی ڕێکخستنی ئەلقاعیدەی جیهاد لە وڵاتی ڕافیدەین دەریدەکات، شوێن و کاتی لەسەر نانوسرێت، تەنها لێی نووسراوە بەشێوەیەکی دەوری دەردەچێت، تا هاوینی ٢٠٠٥ سێ ژمارەی لێ دەرچووە، لە (٨٥٪)ی بابەتەکانی باس لە جیهاد دەکات، هەروەها باس لەو ڕێوشوێنانەش دەکات، کە چۆن چەکدارانیان هێرش بۆ دوژمنان ببەن؟ سەرباری چالاکی و ژیانی چەکدارەکانیان. لە گۆڤارەکەدا چەکداری عەرەب و عێراقی لێی دەنووسن، هەروەها کوردیش بابەتیان تێدا نووسیووە. گۆڤارەکە ئەو فەتوایانەشی بڵاوکردۆتەوە کە ڕێگە بەکاری چەکداری دەدات.

- **مەوسوعەی جیهادی ئەفغانی (موسوعة الجهاد الافغاني)**

ئینسایکلۆپیدیاییەکی گەورەیە. ئەلقاعیدە لە چەندین بەرگدا بۆ ئەندامانی نوسیوویەتیەوە تا لە هەموو بوارەکانی جەنگدا شارەزاییان هەبێت.

حەوت هەزار لاپەڕەیە، دە بەرگی یەکەمی لە بابەتەکانی تاکتیك و ئەمنیەت و هەواڵگری و چەکی ئەتۆمی و فریاکەوتنی سەرەتایی و تەقینەوە و مین و تانك و دروستکردنی چەك و تەقەمەنی و ڕووپێوی زەوی (تۆبۆگرافیا)و چەك بەشێوەیەکی گشتی پێکهاتووە.

بابەتی مەشق و ڕاهێنان گرنگیەکی زۆری پێدراوە. ئەم مەوسوعەیە بە زمانی عەرەبیە و لە ساڵی ١٩٨٩ دوای کشانەوەی سۆڤیەت لە ئەفغانستان دەست بە نووسین و کۆکردنەوەی کراوە، لێکۆڵەرانی ڕۆژئاوا پێیانوایە دروستکردنی ئەو مەوسوعەیە بۆ ئەوە بووە لە هەر کۆێیەك بێت ئەندامانی ئەلقاعیدە فێرن چۆن گورز لە ڕۆژئاوا بوەشێنن!

مەوسوعەکە کە پلانی چوونە پێش و هێرش بردن و بەرگری و کشانەوە و بزاوت و گواستنەوەو ئاوهەڵگرتن و کۆمەکی و چاککردنەوەی لە خۆگرتووە بۆ ئەوەیە، ئەلقاعیدە بۆ خۆی هەستی بەوە کردووە لە زۆر ژینگەی جودا کاردەکات. مەوسوعەکە گرنگی بە ناوچەی شارستانی و ناشارستانی وەکو چیاکان و بیابان دەدات و بەقوڵی باس لە هۆکاری شەڕکردن و فێڵەکانی جەنگ دەکات، سەرەتا گرنگی بە بابەتی بچوك و کردەوەی سادە دەدات، هەروەها تەقاندنەوەی باڵەخانەی گەورە و پرد و چۆنیەتی کەوتنە خوارەوەی فڕۆکە بە رۆکێتی (ئیستینگەر)ی لەخۆگرتووە.

نووسینەوەی مەوسوعەکە بە شێوەیەکی هێندە سادەیە، خوێنەر هیچ لێی ماندوو نابێت و بۆ ئەوەش نووسراوەتەوە تا لە سەر شەڕی پارتیزانی و کردە و چالاکییە گیانبەخشەکان لێرابێن، بەتایبەتی ئەگەر ئەلقاعیدە پێگەی نەمێنێ، تیایدا باس لەوە کراوە چۆن تاوەری ئیڤلی پاریس و پەیکەری ئازادی نیویۆرك دەتەقێنرێنەوە.

لە بەرگی یانزەهەمی دا باس لە شەڕی کیمیایی و بایۆلۆژی کراوە و لە سەر سیدیش کۆپیکراوە و شێوازەکانی مەشقی ئەم بەرگە تایبەتە بە ئەندامە باڵاکانی ئەلقاعیدە.

مەوسوعەکە لەلایەن شارەزایانی ئەلقاعیدەوە بۆ ماوەی پێنج ساڵ کاری تیادا کراوە تا تەواو بووە، زۆربەی ئەو شارەزایانەی ئامادەیان کردووە لە ئەمەریکا و بەریتانیا خوێندوویانە، تەواوی بابەتەکانیش لە بەڵگەنامەی مەشقەکانی ئەمەریکا و بەریتانیا وەرگیراوە، بەتایبەتی زنجیرەی (رێبەری مەیدانی)ی ئەمەریکی.

ئەم مەوسوعەیە بە ناتەواوی بۆ یەکەمجار لە ساڵی ١٩٩٧ دەست هەندێ دەزگای هەواڵگریی ئاسیایی و رۆژهەڵاتی ناوەڕاست کەوتووە، بۆ یەکەمجاریش لە



رۆژئاوا کەوتۆتە دەستی موخابەراتی بەلجیکی، بەڵام شارەزاییان لێکەم بووە و نەیان توانیوە وەرێ بگێڕن، دواتر دەزگای ئەمنی ئوردنی لە ساڵی ١٩٩٧ دا نووسخەیەکی دایە دەزگای هەواڵگری ئەمەریکی.

- **سوارچاکانی ژێر ئاڵای پێغەمبەر (فرسان تحت راية النبي)**

کتێبێکی زەواهیرییە بەماوەیەکی کەم پاش رووداوەکانی ١١ی سەپتێمبەر نووسیویەتی، باس لەو بیانوو و پرەنسیپانە دەکات کە ئەلقاعیدە وەکو بزاڤێکی جیهادی پەنا بۆ تاکتیکی زۆر دەبات تا کردە و چالاکییەکانیان هەڵکشێنن، تیایدا هاتووە:

١ـ پێویستە گەورەترین زیان لە رووی ژمارەی قوربانیان بە دوژمن بگەیەنرێ، چونکە رۆژئاوا لە هیچ زمانیك ناگات تەنها زمانی توندوتیژی نەبێت، جا ئەگەر ئەو کردەوە و چالاکییانە هەر چەندە کات و هەوڵی بوێت تا سەر دەگرێت.

٢ـ پشت بەستن بەکردەی خۆکوژی (أنتحاری) بەو پێیەی سەرکەوتووترین هۆکارە تا گەورەترین زیان بەدوژمن بگەیەنێ و کەمترین تێچوون و کەمترین زیانیش لە چەکدار (موجاهید)ان دەکەوێتەوە.

٣ـ پێویستە ئامانج و هۆکار و شێوازی بەکارهێنانی چەك و تەقەمەنی دەست نیشان بکرێت تا کاریگەری خۆی بەسەر دوژمن هەبێت و بتوانرێ وەحشیەت و داپلۆسینی دوژمن بەرپەرچداتەوە و تەواوی فیکرە موقەدەسەکانی تێکبشکێنێ.

٤ـ هێرش کردنە سەر و خۆخەریککردن بە دوژمنی ناوخۆ لەم قۆناغەدا هیچ سوودێکی نابێت.

٥ـ سەرەڕای ئەوەی ئەمە بەخەباتێکی حەقیقی ناوزەد دەکرێ هەر کردە و چالاکییەکی هاوشێوەی ئەمانە، خەباتی حەقیقیە.

**چالاکی**

- **ئاهەنگەکانی هەزارەی سێیەم (احتفالات الالفية الثالثة)**

ئەلقاعیدە بەبۆنەی ئاهەنگەکانی هەزارەی سێیەم پلانی بۆ زنجیرەیەك هێرشی هاوکات لە دژی هەر بەرژەوەندییەکی رۆژئاوا بە تایبەتی ئەمەریکا دانا کە ئەمانە نەبوون:

هێرشی یەکەم: پلانی کوشتنی گەشتیارانی ئەمەریکی و ئیسرائیلی لە ئوردن.

هێرشی دووەم: هێرش کردنە سەر فڕۆکەخانەی نێودەوڵەتی لە لۆس ئەنجلۆس.

هێرشی سێیەم: هەوڵی تەقاندنەوە و نقووم کردنی کەشتی جەنگی ئەمەریکی (یو ئێس ئێس زە سولیانز) لە عەدەن.

لە راستیدا هەوڵی خۆکوژی تەقاندنەوەی کەشتی جەنگی (یو ئێس ئێس زە سۆلیڤانز) لە دەزگای راگەیاندنەکانی جیهاندا زانراو نییە. بەلەمێکی پڕ لە مین و تەقەمەنی لە کەناراوەکانی عەدەن لە ٣ی ینایری ساڵی ٢٠٠٠، ویستی خۆی بەکەشتی جەنگی دابکێشێ، بەڵام هەوڵەکە سەری نەگرت، چونکە ئەو بڕە مین و تەقەمەنییەی لێی بار کرابوو لە توانای هەڵگرتنی گەلێ زیاتر بوو، تاماوەیەکی زۆر دەزگای هەواڵگری ئەمەریکی بێ ئاگا بوو لەوەی چی روویداوە، چونکە ئەلقاعیدە هێندە بەئاسانی پەی پێ نابردێ، لەو سێ پلانەی ئەلقاعیدە یەکەم و دووەمی ئاشکرابوون، هی سێیەمیشیان سەری نەگرت.



- **فڕۆکەهەڵگری یۆ ئێس ئێس کۆل (حاملة الطائرات یو اس اس کول)**

ئەلقاعیدە لە یەمەن زانیاری ئەوەی دەستکەوت فڕۆکەهەڵگری (یو ئێس ئێس کۆل) لە یەکەم گەشتیدا روو لە عەدەن دەکات، بەو پێیە دەیتوانی لەوێوە رۆکێتی کروز لە سەربازگەکانی بن لادن لە ئەفغانستان بوەشێنێ، بن لادن پلانی نغرۆبوون یا لەکارکەوتنی کێشا، هەروەها پارەیەکیشی دانا بۆ وێنەگرتنی لەو کاتەی دەیتەقێننەوە.

لە ١٢ی ئۆکتۆبەری ٢٠٠٠ دوو لە ئەندامانی ئەلقاعیدە لە هێرشەکەیان بۆ سەر کەشتی فڕۆکەهەڵگری (یو ئێس ئێس کۆل) سەرکەوتنیان بەدەست هێنا، بەڵام وێنەگرەکە لەبەر ئەوەی نووستبوو، نەیتوانی وێنەی بگرێ، ئەمەش بن لادنی تورِەکرد.

ناوەرۆك

***پێشەكی ٣***

***كەس ٥***

- ***ئەبوحەمزەی قەتەری ٧***
- ***ئەبوجەعفەر ئەلتەیار ٧***
- ***ئەبو دەردای لیبی ٧***
- ***ئەبو زوبەیدە ٨***
- ***ئەبو عاسم عومەر ٨***
- ***ئەبو عەبدولسەبور ٨***
- ***ئەبو مەحمود ئەلخال ٩***
- ***ئەبو هاشم ئەلسەید ٩***
- ***ئەبو وائیل ٩***
- ***ئەبو یاسر ١٠***
- ***ئیبراهیم باعەلەوی ١٠***
- ***ئیبراهیم حسێن عەبدولهادی عیدارۆس ١٠***
- ***ئەلشبلی فەرەج ١١***
- ***ئەحمەد عەبدولمونعیم ١١***
- ***ئەحمەد محەمەد ئەلحەدا ١١***
- ***ئەنوەر شەعبان ١٢***
- ***ئەیمەن زەواهیری ١٣***
- ***ئوسامە بن لادن ١٦***

- بەدر کوڕی عەبدولعەزیز ئەلشەبانات ٢٥
- بەندەر ئەلشوعەیر ٢٦
- جەمال ئەحمەد فەزل ٢٦
- حەسەن عەلی حاجی ٢٧
- حەمەد سلێمان ٢٧
- حەمزەی لیبی ٢٧
- حەمید ئەلفاخری لیبی ٢٨
- خالید ئەلفەواز ٢٩
- زێدان ئەلشەهری ٢٩
- عادل ئەلشامان ٢٩
- عادل محەمەد عەبدولمەجید ٣٠
- عەبدوڵڵا ئەلڕەشید ٣٠
- عەبدوڵڵا عەزام ٣٠
- عەبدوڵڵای کوڕی محەمەد ئەلشەبانات ٣٥
- عەبدوڵڵا موهتەدان ئەلسوهەیلی ٣٥
- عەبدولڕەحمان ئەلحەکەمی ٣٥
- عەبدولهادی ئوردنی ٣٦
- عەلوان فەرەج میکائیل ٣٦
- عومەر ئەلجمهور ٣٦
- فایز ئەبوزێد مفتاح ٣٦
- فەیسەل ئەلمەستەت ٣٧
- محەمەد ئەلشەهری ٣٧





- محەمەد جەمال خەلیفە ٣٧
- محەمەد عومەر ٣٩
- محەمەد کوڕی عەوەز بن لادن ٣٩
- مەحمود ئەبو موسەیلەمە ٤١
- مەحمود ئەلبیلادی ٤١
- مەعاز محەمەد باعەتەش ٤١
- هنداوی ٤١
- نەبیل عەوکەل ٤٢

رێکخستن ٤٥

- ئەلقاعیدەی جیهادی دایک ٤٧
- ئەلقاعیدەی جیهاد لە ئەوروپا ٤٨
- ئەندامێتی ئەلقاعیدە ٥٠
- جەماعەتی موجاهیدینی ئەنسار ٥١
- ئەندامانی جەزائیریی ئەلقاعیدە ٥١
- ئەندامانی لیبیی ئەلقاعیدە ٥١
- ئەندامانی میسریی ئەلقاعیدە ٥١
- ئەندامانی یەمەنیی ئەلقاعیدە ٥٢
- ئاژانسی کۆمەکی جیهانی سێیەم ٥٢
- بریکارانی تەجنید ٥٣
- بزووتنەوەی موجاهیدان لە پاکستان ٥٤
- بنکەی هیلات کوکوی سەربازی ٥٥

- بزووتنەوەی جیهاد لە تەواوی خاکی ئیسلام ٥٦
- بنکەکانی جیهاد ٥٧
- تۆڕی کۆمەکی – یارمەتی ٥٧
- تیم یا گروپی رفان ٥٨
- جەماعەتی ئەبوسەییاف ٥٨
- جەماعەتی ئیسلامی چەکدار لە جەزائیر (جیا) ٦٠
- جەماعەتی جیهادی ئیسلامی لە میسر ٦٤
- خانەی ئەنسار ٦٨
- دەزگای ئەمنی ناوخۆ ٦٨
- دەزگای بەرەکات ٦٩
- سەربازگەی ئەبوبەکری سدیق ٦٩
- سەربازگەی خالدین ٧٠
- سەربازگەی فاروق ٧٠
- سریەی سەعد کوڕی مەعاز ٧١
- سریەی فاروق ٧١
- سریەی فورسان ٧١
- سریەی قاسم ٧١
- سریەی قەعقاع ٧٢
- سریەی محەمەد کوڕی موسلیمە ٧٢
- سریەی موجاهیدین ٧٢
- سرییەکانی ئەلبانیای سەر بە ئەلقاعیدە ٧٢
- سوپای ئیسلام ٧٣





- سوپای عەدەن ٧٤
- شانەکانی ئەلقاعیدە ٧٧
- شانەی ئەرکە تایبەتیەکان ٧٧
- شانەی بەریتانی سەر بە ئەلقاعیدە ٧٨
- شانەکانی کۆمەکی پاڵپشت ٧٩
- کەتیبەکانی هەردوو حەرەمی پیرۆز ٨٠
- کەتیبەی بەرا کوڕی مالك ٨١
- کەتیبەی پیاوانی عەقیدە ٨١
- کەتیبەی فەتح ٨١
- کەتیبەی فورقان ٨٢
- کەتیبەی کەنداو ٨٢
- کەتیبەی موستەفا ٨٢
- کەتیبەی موستەفا ٨٣
- گروپی مەدینەی منەوەرە ٨٣
- لقی ئەلقاعیدەی هەرێمی ٨٤
- لیژنەی ئاراستەکردن و ریفۆرم ٨٥
- لیژنەی دارایی و ئابووری ٨٥
- لیژنەی سەربازی ٨٦
- لیوای ٥٥ ٨٨
- موجاهید (چەکدار)انی عەرەب ٨٩
- نەڕەی شێر ٩٠
- نووسینگەی خزمەتگوزاری ٩٠
- نووسینگەی لیژنەی رێنمایی و ئیرشاد ٩١

**زاراوە ٩٣**

- ئەفغانی جەزائیر ٩٥
- ئەفغانی عەرەب ٩٦
- ئەمیری سەربڕان - خوێنڕێژان ١٠٣
- بەکرێگیراو ١٠٤
- تۆڕابۆڕای بچووك ١٠٥
- جەماعەتی تەکفیر ١٠٥
- جەنگاوەر ١٠٦
- جیهادی خۆپارێزی ١٠٧
- ڕفان ١٠٧
- ڕفاندنی ئاشکرا ١٠٨
- ڕفانی نهێنی ١٠٨
- شەڕی خۆپارێزی ١٠٩
- شەڕی هێرش بردن ١٠٩
- شێر ١١٠
- فەیلەقی غەدر- بەدر ١١٠
- کردەی خۆکوژی - ١١١
- لاوە جیهادییەکان ١١٧
- لە ناوچوو ١١٨
- مەفرەزەی محەمەد کوڕی موسلیمە ١١٩
- ناجەنگاوەر ١١٩
- ناوەندی ڕوحی ١١٩





- نەوەی دووەم ١٢٠
- نەوەی نوێ ١٢٠
- نەوەی یەکەم ١٢١
- نیشتمان ١٢٢
- نێردراو ١٢٣
- هاوپەیمانیەتی نەرم ١٢٤

**بڵاوکراوە ١٢٥**

- تۆڕی ئاوازی گوللەی جیهاد ١٢٧
- ڕفان ١٢٧
- ڕفان ١٢٨
- زانکۆی ئەلقاعیدە بۆ زانستە جیهادییەکان ١٢٨
- زروە سەنام ١٣٠
- مەوسوعەی جیهادی ئەفغانی ١٣٠
- سوارچاکانی ژێر ئاڵای پێغەمبەر ١٣٢

**چالاکی ١٣٣**

- ئاهەنگەکانی هەزارەی سێیەم ١٣٥
- فرۆکەهەڵگری یۆ ئێس ئێس کۆل ١٣٦